تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

فەرهەنگی مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما) کوردی

ئامادە کردن و کۆکردنەوە

ئیبراهیم ئەحمەدی

انتشارات علمی کالج
۱۳۹۱/۸/۲۸
سنندج
مجتمع تجاری کردستان ۳۲۹۱۰۸۶

مـەتـەڵ وموعەمـما

مه‌ته‌ڵ وموعه‌مما

ئیبراهیم ئه‌حمه‌دی

سرشناسه: احمدی، ابراهیم، ۱۳۳۳-

عنوان پدیدآورنده: مه ته ل و مو عه مما/ ئیبراهیم ئه حمه دی ؛ هه له گر ره حیم لوقمانی

مشخصات نشر : سنندج : انتشارات علمی کالج ، ۱۳۸۹

مشخصات ظاهری : ۱۹۳ ص . : مصور ، جدول ، نمودار

شابک : ۸- ۰۸- ۵۸۲۷ - ۶۰۰- ۹۷۸

وضعیت فهرست نویسی : فیپا

موضوع : افسانه ها و قصه های کردی ، ضرب المثل های کردی، چیستان های کردی.

شناسه ی افزوده : لقمانی، رحیم، ۱۳۳۷ - ، ویراستار

رده بندی کنگره : ۱۳۸۹ ۳۶الف ۲۵آ / PIR ۳۲۵۶

رده بندی دیویی : ۹/۲۳ فا ۸

شماره‌ی کتابشناسی ملی : ۲۱۱۷۹۲۴

انتشارات علمی کالج

انتشارات علمی کالج

مەتەڵ و موعەمما

ئیبراهیم ئەحمەدی

چاپ اول	۱۳۸۹
ناشر	انتشارات علمی کالج
مدیر مسئول	کیومرث کرباسی
طرح روی جلد	حمیدرضا زری
حروفچینی	سمیه تیموری
چاپ و لیتوگرافی	سیمرغ
شمارگان	۲۰۰۰ نسخه
قیمت	۳۵۰۰ تومان

مرکز پخش : سنندج ، خ پاسداران ، مجتمع تجاری کردستان ، طبقه همکف ، واحد ۱۶۲- ۱۶۱
تلفن : ۳۲۹۱۰۸۶ - ۳۲۳۷۲۳۷ فکس : ۳۲۳۵۷۹۶

collegepublication@yahoo.com

حقوق چاپ و نشر برای ناشر محفوظ است.

ناوەرۆك

بابەت	لاپەڕە
پێشەكی	١
شێوەی داڕشتن و كۆكردنەوە	٥
پۆلێن كردنی مەتەڵ بە پێی بابەت و ناوەڕۆك	١٩
ڕەوانبێژی و جوانكاری لە مەتەڵدا	٢٥
سپاس و پێزانین	٣١
بەشی یەكەم: مەتەڵی یەك وەڵامی	٣٧
بەشی دووەم: ١٧١ موعەمما و مەتەڵی تایبەت بە بیركاری و بیر و هۆش و مەتەڵی جۆراوجۆری دیكە	١٠١
بەشی سێهەم: مەتەڵ لە شیعری شاعیراندا	١٢٥
بەشی چوارەم: زوان خەڵەتێنە تەتەڵەی زمان، تێكەوتن، زمان خلیسكان، زمان بەزێن	١٥٧
بەشی پێنجەم: شەرح و لێكدانەوەی وەڵامی ١٧١ موعەمما و مەتەڵی تایبەت بە...	١٦٣
بەشی شەشەم: فەرهەنگۆك	١٨١
سەرچاوەكان	١٨٥

پێشەکی:

لە کۆمەڵگای سەرەتاییدا مرۆڤ بۆ بژیوی ژیان بەردەوام لەگەڵ سروشت و دیارەکانیدا لە کێشە و بەربەرەکانێدا بووە. لە رەوتی بەردەوامی خەبات و کێشەی مرۆڤ لە کاردانەوەی شکست و خەم و سەرکەوتن و شادییەکانی خۆی، جۆرەکانی هونەری ئافراندووە. گۆرانی و شیعر کۆنترین دیاردەی هونەر و ئەدەبی مرۆڤی سەرەتایین. هونەر و ئەدەبی زارەکی راستەوخۆ زادەی کار و ئامرازی وەبەرهێنان و چالاکی رۆژانەی ئینسانە. هەر بۆیە هەموو کەرستەکان و دیاردەکانی کار و سروشت لە ناو ئەدەبی ساکاری زارەکیدا رەنگی داوەتەوە.

دەتوانم بێژم هونەر و ئەدەبی زارەکی بەرهەمی ژیانی خەڵکی کارەکەر و بن دەستن. لە سۆزی گۆرانییەوە بگرە تا کینایە و مەتەڵ و... رەنگدانەوە و دەنگدانەوەی ئاوازی دەروون و ئازاری لەش و تاڵی و شیرینی و ئەزموونی ژیانی پێوە دیارە. هۆی مانەوەشی ئەوەیە کە چینی هەژار و گەورەی کۆمەڵگا بە زمان و ئەزموونی خۆی دەزانێ و لەگەڵ خەون و خەیاڵەکانیدا پشتاوپشت پاراستوویە. بەڵام چینی ژووردەستی کۆمەڵگا چون لە فێرگەی کار و سروشت و ئازارەکان بە دوور بووە، نەیتوانیوە بە جۆرێ پێویست داهێنەری هونەر و ئەدەبی تایبەتی خۆی بێ و لەگەڵ رەوتی زەمان بیپارێزێ. ئەگەریش هەبووبێ

دوور لە ڕۆحی کۆمەڵ و ڕاستییەکانی ژیان بووە.

کۆکردنەوە و خوێندنەوەی هەر بەشێکی ئەدەبی فولکلۆر بەو واتا نییە بکرێتە سەرچاوەی ئەدەبی مۆدێرن و درێژەدەری ئەو جۆرە بیرۆکە و زمانە سواوە بین، بەڵکوو بە شیکردنەوە و تواکردنەوەیان دەتوانین لە زۆر لایەنی زمانەوانی، فەرهەنگی، مێژوویی، ئابووری، رامیاری، دەروونزانی، باوەڕمەندی، بیری خورافە و... کۆمەڵگای رابردوومان بناسین.

مەتەڵ بە سیمای ئەدەبی فولکلۆری هەموو میللەتانەوە بەدی دەکرێ. گەلانی ژیر و بەختەوەر هەموو بەشەکانی ئەدەبی زارەکییان گواستووەتەوە بۆ ناو کتێب و کتێبخانەی خۆیان پێ دەوڵەمەند کردووە. لەم بابەتەوە دەتوانم بێژم هێشتا ئێمە (بە بڕوای من) وەك گەلێکی بێ کتێب دەژین چونکە کتێب پێناسە و شوناسی زمان و خاك و فەرهەنگی نەتەوەیە.

گەلی بێ کتێب هەمیشە بەردەست و پێشێلی گەلی دەسەڵاتدار بووە و لە باری ئابووری و زمانەوە لەسەر خاکی خۆیشیان بەردەوام دەستندەخۆر و شانکزی گەلی باڵادەست و حاکمە. ژینۆسایدی فەرهەنگی و زمانی وای لێدەکەن باوەڕی بە کەسایەتی نەتەوەیی خۆی نەمێنێ و زمان و شوناسی خۆی بە لاوەکی و نازانستی و دواکەوتوو بداتە قەڵەم.

بەهەر حاڵ، کۆکردنەوەی هەر بابەتێکی فولکلۆری بۆ ناسین و توێژینەوەی لایەنە شاراوەکانی بیر و ژیان و سەربوردەی کۆمەڵگا کارێکی گرنگ و بەنرخە.

بەم بۆنەوە کارەکەی کاك برایم ئەحمەدی جێی سپاس و دەستخۆشییە. ڕەنگە زۆربەی ئەم جۆرە مەتەڵانە لە ژیانی مۆدێرن و پێوەندی لەگەڵ ئامرازی مۆدێرنی ئەمڕۆدا کاراییان بە شێوەی رابردوو نەبێ، بەڵام کۆکردنەوە و شیکردنەوە و پاراستنیان لە زۆر بارەوە کارێکی پێویستە.

لێرەدا من نامەوێ ئەندێشەی گەورە و فەلسەفاوی بدەمە پاڵ بیرۆکەی رابردووان و هەموو شتێکیان بە شاکار و ئەندێشەمەندانە بزانم. لە ڕاستیدا وەك میراتگری کولتووری شارستانییەتی مێزۆپۆتامیا دەبوو هەڵگری زۆر بیری فەلسەفی و ئەندێشەی پێشکەوتووانە بوایەتن. دەکرا لە جیاتی هەندێ لەو قسەڵۆك و مەتەڵۆکانە ڕۆشنایی فکر و ڕێنمایی شیاویان بۆ داهاتووان دیاری بکردایە؛ بێگومان ژیانی ئەمڕۆی ئێمەش جۆرێکیتر دەبوو...

هەرچەند زۆربەی مەتەڵەکان هەڵگری جۆرێك بیری کۆمەڵایەتی و ئابووری و...ن بەڵام دەمەوێ چەپکێ گوڵی ئاوێتە بە بۆنی گلەیی لەسەر گلکۆی نادیاری خوێندەوار و گەورەکانی رابردوومان دانێم.

ئەمە لە کاتێکدایە کە لە هەندێ خێزگە و شارستانییەتی کۆندا دەیان بیرمەند و فەیلەسووفی گەورە سەریان هەڵداوە کە بەردەوام دژایەتی دواکەوتوویی و نەخوێندەواری کۆمەڵگای خۆیان کردووە. بۆ نموونە پرۆسەی رۆشنگەری و ئەندێشەی ئەدەبی و فەلسەفی یوونانی کۆن لە ئاکامدا دیوارەکانی خورافە و دەسەڵاتی کلیسای رووخاند و بوو بەهۆی ژیانەوەی ئەورووپاییەکان. نەتەوەی وا هەبوون لە ئێمە بندەستتر، ستەمدیدەتر کە شارستانییەت و نیشتمانی پان و بەرینیان نەبووە، کەچی لە ژیانی دەربەدەری و ژینۆسایدی خۆیشیاندا دەیان پیاوی زانا و بیرمەند و فەیلەسووفی جیهانییان تێدا هەڵکەوتووە و بە رۆشنایی فکریان زۆر تاریکستانی جیهانیان رووناك کردۆتەوە! بەڵام زۆرێك لە خوێندەوار و گەورەکانی رابردووی ئێمە وایان لێکراوە بە گیان و دڵ خزمەتی زمان و کولتووری خۆیان نەکەن و خەڵك بۆ قسەی پروپووچ و نازانستی و قەناعەت هان بدەن؛ بە داخەوە ئەمەش هیچ نرخێکی بۆ زمان و فەرهەنگ و داب و نەریتی ئێمە نەبووە! بۆیە گلەیی لە خوێندەواری رابردوو دەکەم چونکە داهێنەری زۆربەی مەتەڵەکان لە رووی کێش و سەروا و ریتمی وشەکانەوە کاری خوێندەوارە. لە ژیانی ساکار و هەژارانەی رابردوودا، ئامانجی ئەو شاعیرە نەناسراوانە، سەرگەرم کردنی خەڵك و هاندان بۆ بیرکردنەوە لە مەسەلەیەکی سادە و ئاسایی رۆژانە بووە، دەیانتوانی هەر بەو مەتەڵە سادانەش جۆرێك رۆشنگەری و بیریاری کۆمەڵایەتی زیاتر بدەنە فکری بێکاری کۆمەڵگاوە.

بە هەر حاڵ گلەیی و گازندەی ئەمڕۆی ئێمە بۆ رابردووانمان کاتێ بەسوودە کە خۆمان بتوانین بیرمەندێکی زانا و ئازا و داهێنەرێکی سەردەمییانەی زۆر پێشکەوتوو بین کە بتوانین درگای رۆشنگەری و جیهانبینی تازە و تازەتر بۆ بەرەکانی داهاتوو بکەینەوە.

لێرە لە خوێندەواری وشیاری گەلمان دەخوازم بە دید و خوێندنەوەی جیاواز لەم مەتەڵانە بڕوانن و بیاندەنە بەر سەرنجی شیکردنەوە و پاڵاوتنی زانستیانە. چونکە چاك بن یان خراپ مولکی ئەدەبی فولکلۆری خۆمانە. بۆ ناسینی باشتری رابردووی خۆمان دەتوانین لە زۆر دیدگای زانستیانەی جیاوازەوە لێیان بڕوانین. مەتەڵ لە باری زمانەوە دەتوانێ هەڵگری زۆر وشەی رەسەن و دەگمەن بێ کە رەنگە بەرەی تازەی شارستانی نەیبیستبێ و نەیدیبێ.

♠ بۆ ناسینی کەرستەی کار و ژیان و جۆری ژیواری فکری و مادی رابردووان سەرچاوەیەکی باشن.

♠ ناسینی روانینی خەڵك بۆ سروشت و رووداوەکان و ژیان و ژینگەی خۆیان مەتەڵەکان پیشانمان دەدەن کە خەڵك بە زۆری وابەستەی هەندێ خواردنی تایبەت بەخۆیانن کە بەرهەمی گژ و گیا و ئاژەڵانی

خۆیانە وا دەردەکەوێ کە پێوەندییان لەگەڵ گەلانی‌تر و دنیای دەرەوەی خۆیان زۆر نەبووبێ.

♠ پیشاندانی رەنگدانەوەی فکری و هەندێ لایەنی خورافە و بنەماکانی فکر و ژیان و ئەندێشەی گشتی کۆمەڵگا.

♠ هەندێ لەم مەتەڵانە لە رووی برگە و ریتمی وشە و کێش و سەرواوە (وزن و قافیە) بەشێکن لە بنەماکانی شیعری فولکلۆری کوردی کە لەسەر کێش ٥ و ٤ و ٣ برگەیی پێك هاتوون و نموونەی ئەو جۆرە ریتمە لە گۆرانی و بەیت و شیعری ئایینی و فولکلۆریدا زۆرە. بێگومان ئەو دەستە مەتەڵانەی بە ئن و سەرواترن لە رووی زەمانەوە کۆنترن و...

لە کۆتاییدا سپاسی دووبارەم هەیە بۆ کاك برایمی ئەحمەدی و هیوادارم لە هەوڵەکانی داهاتوویدا بە ئەزموونێکی باشترەوە بۆ روونکردنەوەی هەمە لایەنەتر یەکێ لە زاراوە یان دیالێکتەکان هەڵبژێرێت. چونکە کورد، چەن زمانی سەرەکی و گەلێك دیالێکت و زاراوەی جۆراجۆری هەیە و کار کردن لە هەر بوارێکی فولکلۆری ئەدەبی هەموو زاراوەکان بە کەسێك و دوو کەس ناکرێ و دەبێ هەوڵی گشتی بۆ بدرێ هەتا بەرهەمێکی پوختەتر و کامڵتری لێ بکەوێتەوە.

هیوادارم ئەم هەوڵەی کاك برایم ببێتە هاندەری رۆشنبیری خەمخۆری سەر بە دیالێکت و زاراوەکانی‌تر کە فولکلۆر و مەتەڵی ناوچەکانی خویان کۆ بکەنەوە لە فەوتان رزگاری بکەن.

سەرەڕای ئەم پەیڤانەی سەرەوە کۆکردنەوەی ئەو ژمارە مەتەڵانەی کە سەر بە زاراوەی کرمانجی ژووروو، لوڕی، لەکی و شێوەزمانی هەورامی ئەرك و تێکۆشان و دڵسۆزی کاك برایم پیشان دەدەن کە دیارە دڵەڕاوکێ و پاراستنی کەلەپووری هەموو پاژ و لایەنەکانی‌تری گەلی کوردی لە دڵدایە.

هیوادارم خوێندەواری زانا و بیرمەندی ئەمڕۆمان زیاتر لە بیری دۆزینەوەی گەلی خۆیاندا بن تا زیاتر ببینە گەلی خاوەن پێناسەی کتێب و زووتر بە ئاواتەکان بگەین.

رەحیم لوقمانی - ٨٩/٤/٣٠ سنە

به ناوی خوای دلۆڤان

شێوەی دارشتن و کۆکردنەوە:

لەم ساڵانەدا جێگەی مەتەڵم لە نێو دەقەکانی فولکلۆردا خاڵی بینی، تەنانەت بەرهەمێکم لەم بوارەدا لە نێو کتێبخانەکانی شاری سنەدا بەرچاو نەکەوت؛ دەمزانی فولکلۆری کوردی لەم بوارەدا زۆر دەوڵەمەندە و تەنیا جاروبارێك لە برێك لە گۆڤارەکاندا چەند دانە مەتەڵێکم دەبینی وا هەستم کرد کە خەریکە لە زۆر ناوچەدا لە بیر ئەچێتەوە. بەڵێنم دا لێکۆڵینەوەیەکی تێر و تەسەلی لەسەر بکەم و بە دوو شێوە کەوتمە کۆکردنەوەی مەتەڵەکان.

یەکەم: شێوەی مەیدانی و دەماودەم بوو کە سەرەتا لە مرۆڤی لێهاتوو وەکوو پیرەپیاوان و پیرەژنانی بەتەمەن و ساحیب ئەزموونی ناوچەی لەیلاخ و سنە کە ئەم دوو ناوچە سەر بە زاراوەی ئەردەڵانین دەستم پێ کرد، ئەم بەڕێزانە مەتەڵیان بۆم دەگوت و تۆمارم دەکرد و دووبارە دەمنووسییەوە. زۆربەی مەتەڵەکان سەر بە دیالێکتی سۆرانی زاراوەی ئەردەڵانین. دوایی لە مەتەڵی ناوچەکانیتر وەکوو: سەقز، مەریوان، هەورامان، کرماشان و لوڕستان کەڵکم وەرگرت.

دووهەم: شێوەی کتێبخانەیی بوو کە کەڵکم لە چەن سەرچاوەیەکی بەنرخ وەرگرت کە تایبەت بە ناوچەکانیتری کوردستان بوون. سەرەڕای ئەوە کە ئەم خاوەن بەرهەمانە لە کاتی خۆیاندا هەوڵیان داوە بۆ

کۆکردنەوەی مەتەڵەکان دەستیان خۆش بێ بەڵام بەرهەمەکانیان ناوچەیین و بە شێوەیەکی گشتی نین زۆر بەرتەسك و کورتن و بە شێوەیەکی ورد و زانستیانە لێکۆڵینەوەیان لە سەر نەکردووە تەنانەت برێك لەم بەرهەمانە لە پێشەکی و سەرچاوە بێوەرین و بەڵام برێکیتریان بەرهەمێکی بایەخدار و باشیان پێك هێناوە دیسان ئەم بەرهەمانە ناتەواوییان هەیە چون مەتەڵی برێك لە دیالێکت و زاراوە جۆراوجۆرەکانیتری کوردستانیان تێدا نییە.

هەر کەسێ بیەوێ لەم بوارەدا کار بکا و بەرهەمی بەپیز بڵاو بکاتەوە دەبێ کەڵك لە سەر کانی پێش خۆی بگرێ و هەوڵ بدا مەتەڵی نوێ بخاتە سەر کارەکە و لە ئەوانی تێپەڕ بکات وەگەرنە کارەکەی بێ سوود دەبێ. زۆربەی ئەو مەتەڵانە کە لە پاڵیاندا ناوی: ئەردەڵانی و ناوچەکانیتری کوردستان وەك: سەقز، مەریوان، هەورامان، کرماشان و لەکی و لوڕیم نووسیوە بۆ هەوەڵین جار کۆ کراونەتەوە. زۆرێك لەم مەتەڵانە تۆزی رۆژگاریان لێ نیشتبوو و بەداخەوە «کەس لای لێیان نەکردبووەوە» پێویست بوو کۆ بکرێنەوە و خاوێن ببنەوە و گەوهەری شاراوەیان تێدا دەربهێنرێ و بە پوختەکراوی بخرێنە بەردەست بەرەی نوێ.

هیوادارم ئەم لێکۆڵینەوەیەم شتێکی تازە بخاتە سەر خەرمانی مەتەڵی کوردی. ئارەزوومەندم شارەزا و رووناکبیران «کڵاوی خۆیان بکەنە قازی» و «بیدەنە بەر گەز و مقەست» و بە باشی سەرنج بدەنە بەرهەمەکە و کون و کەلەبەرە تاریکەکانی بە چرای زانست روون بکەنەوە و کەم و کورتیەکانم پیشان بدەن. قەد بەرهەمی بەپیز، بێ رەخنە و هەڵسەنگاندن چەکەرە ناکات و لق و پۆ ناهاوێژێ. منیش بە پێی توانای خۆم و بە تاکەسوار رووم کردووەتە ئەم مەیدانەوە هەوڵی تاکەکەسیی خۆمم داوە، ئەویش دەزانم «تەنیاباڵ، دێر ئەبێ بە ماڵ» ئەمجار کارەکەم کرد بە شەش بەشەوە:

یەکەم) بەشی زۆری مەتەڵەکان کە یەك وەڵامین لە ئەوەڵەوە هانیومە و گەر بۆ هەر بابەتێك چەن مەتەڵ گوتراوە بە پێچەوانەی سەرچاوەکانیتر هەموویانم لە ژێر یەکدا هانیوە. وا ئەزانم بە یەکەوە هاتنی دەقی مەتەڵەکان لە یەکدی نزیکیان دەکاتەوە و وا لە مرۆڤ دەکات کە بتوانێ بە ئاسانی بیر لە هەڵهێنانی بکاتەوە و ژمارەم بۆیان داناوە وەخت وا هەیە بۆ هەر مەتەڵێك ٢٠ دانە یان کەمتر هاتووە و ئاماژەم بۆ سەرچاوەکەی کردووە و لاپەڕەکەیشم نووسیوە و لە بەرانبەری مەتەڵەکاندا وەڵامەکەیانم هانیوە و ئەو مەتەڵانەی کە دەماودەمن ناوی دیالێکت و زاراوە و ناوچەکانم لە پاڵیاندا نووسیوە.

دووهەم) ئەم بەشەم تایبەت داوە بە ١٧١ موعەمما و مەتەڵی تایبەت بە بیر و هۆش (فکری) و بیرکاری

(ریاضي) و مەتەڵی جۆراوجۆری دیکە.

سێهەم) ئەم بەشەم تایبەت داوە بە مەتەڵی شاعیران و بۆ نموونە بڕێك لە مەتەڵەكانیانم هێناوە. هەروەها بڕێکی‌تر لە مەتەڵی شاعیران کە مەتەڵ نین بەڵام تایبەتمەندی و نیشانەی مەتەڵیان تێدایە.

چوارەم) ئەم بەشەم تایبەت داوە بە زوان خەڵەتێنەکان.

پێنجەم) ئەم بەشەم تایبەت داوە بە وەڵامی ۱۷۱ مەتەڵی بیری (فکری) و بیرکاری (ریاضي) کە زۆربەی ئەم موعەما و مەتەڵانە بێ وەڵام بوون و خۆم شەرح و لێکدانەوەم لەسەریان کردووە.

شەشەم) ئەم بەشەم تایبەت داوە بە فەرهەنگۆك.

ئیبراهیم ئەحمەدی - هاوینی ۱۳۸۹ سنە

پێشەکی:

لەم بەشە لە مێژوودا کە فەرهەنگی خەڵکی و نەریتی کەوتووەتە بەر هێرشی فەرهەنگی بەدیهاتووی پێشکەوتن و پیشەسازی ماشینییەوە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی بە پەلە دەستی پێکردووە و بەرەو شارستانیەتێکی نادیارمان دەبات، لێکۆڵینەوە بۆ ناسین و بایەخدان بە فەرهەنگی مرۆڤساز، لە کۆمەڵگای ئێمەدا گرینگایەتییێکی زۆری هەیە، هەتا بتوانین لە بەرانبەر هێرشی فەرهەنگی جیهانییەوە خۆڕاگر بین دەبێ (هەوڵ بدەین) فەرهەنگەکەمان دەوڵەمەندتر بکەین.

♠♠♠

فولکلۆر (ئەدەبی زارەکی): بەرهەمی خەیاڵی و زەوقی هەمووی خەڵکە مولکی گشتییە کە دەماودەم و پشتاوپشت گوێزراوەتەوە، ئەم میراتە فەرهەنگییە - بیرییە پیشاندەری خەیاڵی بەهێز و هەستی خەڵکی کۆمەڵگاکانی ورد و گەورە لە سەردەمەکانی جۆراوجۆری ژیانی مرۆڤە. فولکلۆر تا رادەیەکی زۆر بە ژیانی خەڵك مانا دەبەخشێ و هیواداریان دەکا کە لە ژیانیاندا بەردەوام بن لە راستیدا ئەگەر فولکلۆری نەتەوەیەك لە ئەو بگرن، تەواو پێناسە و شوناسی ئەو نەتەوەیان لێ سەندووەتەوە کە بێ ئەو ژیان تەواو نییە. یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی فولکلۆر دووبارە بوونەوە و شیاوی گواستنەوە بۆ بەرەکانی داهاتووە

ئەدەبی فولکلۆری کوردی وەك ئەدەبی گەلانیتر لە هەر باسێکی فولکلۆریدا زۆر بەتوانایە و دەبێ شانازی پێوە بکەین. گەلی کورد خاوەنی کەلەپوورێکی زۆر دەوڵەمەندە و وەکوو گەنجینەیەکی بایەخدار لە باو و باپیرانیەوە پشتاوپشت بۆی ماوەتەوە و فولکلۆرێکی بەرچاو و لە بن نەهاتووی هەیە کە چەندین جۆر و لقی جیاجیای لێ دەبێتەوە و هەر لقێکی بۆن و بەرامەیەکی تایبەتی خۆی هەیە و باری ژیانی خەڵك بە شێوازێکی سادە دەرئەخات.

♠♠♠

بەشەکانی فولکلۆر:

١- بەشی زارەکی وەك: ئەفسانە، پەندی پێشینیان، قسەی نەستەق، گاڵتە و گەپ، ئاواز و گۆرانی، بەیت، هۆنراوە، چیرۆکی کورت و درێژ، داستان، نوکتە، لاسایی کردنەوە، تەتەڵەکردنی قسە، مەتەڵ، سەرگوزەشتە و بەسەرهات، بەخت گرتنەوە، شین و لاواندنەوە، لایەلایە، پیاهەڵخوێندن و...

٢- ئەم بەشە پێی دەڵێن (ئەتنوگرافیا)♠ شتی مادی و نازارەکین وەك: شایی و هەڵپەرکێ، رەفتار و وتار، جل و بەرگ، داب و نەریت و خوو و رەوشت، نەخش و نیگار، جۆری خواردەمەنی نەریتی، چێشت لێنان و ئامێر و کەرەسەی کار، ئافرەت رازاندنەوە و ژن خواستن و بووك گواستنەوە، مردوو ناشتن، تەون کردن، جۆلایی، شاڵ و گۆرەوی و کڵاش چنین، جل و کاڵادوورین و لێف دوورین، هارەکردن و...

♠♠♠

زمان و بەیان و ناوەرۆکی ئەدەبی زارەکی (فولکلۆر): زمان و بەیانی ئەدەبی زارەکی ساکار و رەوانە و برێك لە قسە و ئەفسانەکان زمان و بەیانی رەمزیان تێدایە و لە نێوانیاندا گیانلەبەران و رووەکان رۆڵی مرۆڤ بەئەستۆ دەگرن و ئاخافتن دەکەن. زمان و دەربڕینی برێکیتر وەك ئەفسانە و چیرۆك پاشاکان گاڵتە و پێکەنین و راستین یان بە شێوەی فڕ و جەفەنگن.

زمان و وتەی گۆرانیە فولکلۆرییەکان زۆرتر بڕگەیی و ئاهەنگین و دەستوور و یاسای شیعری لە برێك لەوانەدا لەبەر چاو نەگیراون لە فولکلۆردا زۆرتر وشە و زاراوە باوەکان لە جۆری زمانی ئاخافتن خەڵکی کووچە و کۆڵانن.

♠ س.ئـ. بەرکوتێکی مەتەڵی... ل١٠

بازرگان هات بە لەنگەلەنگ   کوتاڵی هێنا لە هەموو رەنگ

(بەهار و گوڵ)

مەتەڵ (puzzle): هەتەڵە، مەیل، هەڵێنە، چەوچە، مامك، تێدەرخستۆك، تشتانۆك، دەناچیە، لیچار، چمام، قاف، پەردەك، کورتە یا نووسراوەیەك کە مەبەست و واتای شاردراوەی تێدایە.*

بەم چەشنە مەتەڵانە عەرب دەڵێن: "لوغەز و موعەمما" و بە فارسی پێی دەڵێن "چیستان" کە کورتکراوەی زاراوەی (چیست آن؟) و بە لەکی پێی دەڵێن: (چیٚ کە چیٚ کە)

♠♠♠

پێناسەی مەتەڵ: مەتەڵ یەکێ لە جۆرەکانی فولکلۆر، نیشانەگەل و تایبەتمەندی شتێکە بێ ئەوەی ناوێك لە شتەکە ببەن لە بیسەر پرسیار دەکرێ و مەبەست لەم کارە لە راستیدا جۆرێك هەڵسەنگاندنی هۆشی بیسەر و کێبەرکێیە و زۆرتر بە وشەی «چییە» دەست پێ دەکا. بە واتایەکیتر مەتەڵ قسەیەکی پۆشراوەیە لە وەسف و هەڵسەنگاندنی شتێ لەگەڵ شتێکیتردا یان شتانیتری تەواو جیاواز. زۆرتر تایبەتمەندی و نیشانەگەلێك لە شتێك بە خواستن (ئیستعارە) و کینایە (درکە) بۆ تاقی کردنەوەی هۆشی بیسەر دەرئەبڕن و ناوی ئەو شتەیان دەوێ.

مامۆستا عەلائەددین سەجادی دەڵێ: مەتەڵ بە مەعنای شتێکی گرێ کوێرەیە و بە زەحمەت و بیرکردنەوەیەکی زیاد ناوەڕۆکەکەی ئەزانرێ بریتییە لە چەند وشە و رستەیەکی کەم یەکێك دایناوە بۆ زاخاوی مێشك واتە بیری لە شتێك کردووەتەوە، ئەو شتەی خستووەتە قاڵبی چەند وشەیەکەوە ئەیپرسێتەوە لە کەسانیتر بۆ ئەوەی ئەوان بیری خۆیان بخەنە کار بۆ هەڵهێنانی. (دەقەکانی ئەدەبی کوردی عەلائەدین سەجادی ل ١٦٣)

♠♠♠

لێکدانەوەی مەتەڵ: لێکدانەوە لەسەر مەتەڵ زۆر شتی نادیار و شاراوەمان بۆ دەرئەخات، بیرتیژی، هۆشیاری، ژیری، وردبینی، وریایی و رەسەنی نەتەوەی ئێمە دەرئەخات و زۆر زاراوە و وشەی تایبەتیمان بۆ ئەپارێزێ و لە تیاچوون رزگاریان ئەکات. فرە دیالێکتی و زاراوەی جۆراوجۆر وەهای کردووە کە هەر

* مردوخ روحانی، محمدماجد (١٣٨٥)، فرهنگ فارسی - کوردی، دانشگاه کردستان، ل ٨٦٨

ناوچەیەك مەتەڵی تایبەت بە خۆی هەیە و ئەمە دەبێتە هۆی دەوڵەمەندبوونی مەتەڵەکان، فۆرم و شێوەی دەربڕینیان ئەگۆڕێ بەڵام ناوەڕۆکیان ناگۆڕێ. لێرەدا چەن مەتەڵێك لە دیالێکت و شێوازە جۆراوجۆرەکان دەخەینە بەرچاو.

١- کرمانجی باکوور:

ئەلف/ «دەسرۆکەکا گول گولی، تژی سێڤێت سۆر کری» (ئاسمان و ئەستێرە)

ب/ «چار برایە، جا دیارە، یەکی گەرمە، یەکی سارە، یەکی بارە» (هاڤین، زڤستان، بەهار، پاییز)

٢- کرمانجی نیوەڕاست (سۆرانی):

«حەوزە قووڵە، دەوری تووڵە» (چاو)

٣- کەلهوڕی:

«ئەگەر فام دیری فامد لە هۆرە/ کام لەی مەلەیلە وەهار وەشیرە» (شەمشەمەکوێرە)

٤- گۆران:

«نانوو شەویٚ رۆنە بڕیو، پانزە رویٚ جا وریۆ» (مانگ)

♠♠♠

زۆرێك لە مەتەڵەکان زەینی بیٚ وێنەی خەڵك دروستیانی کردووە لە سەرەتادا زۆر سەرسووڕهێنەر و دوور لە زەینن. جار وا هەیە وشەیەك بۆ سەر لیٚ شێوانە و مرۆڤ بە هەڵەدا دەبات و لە وەڵامی دروستی مەتەڵەکە دووری ئەخاتەوە. وەك: «ملی هەیە و سەری نییە، باسکی هەیە و دەستی نییە.» (کراس) و جاری وا هەیە بڕیٚ لە وشەکان بۆ ئاهەنگین کردن و رازاندنەوەی مەتەڵەکە دێن و هیچ مانایەکیان نییە. وەك: «هەلاران و مەلاران هێلکە دەکەن لە داران بۆ فەقیر و هەژاران». دوو وشەی هەلاران و مەلاران بۆ رازاندنەوەی مەتەڵەکە هاتوون و مانایەکیان نییە. زۆر دەقی ئەم مەتەڵانە هەڵدەگەڕێنەوە بۆ بەر لە ئیسلام و لەگەڵ پەندی پێشینیاندا کۆنترین دەقی پەخشانی ئەدەبیاتی کوردین. وەك:

«رەقە بە رەق دەکەویٚ سوورە بە نەرمی دەکەویٚ». (ئەستیٚ و بەرد و ئاگر و پووش) (س.ئـ.٣٩٥)

«چوومە سەر بەردیٚ روانیم لە زەردیٚ داریٚ بە چەپۆك بەربووە لە بەردیٚ». (ئاشی ئاو)

«زەوین لافاوە، شارێك لەسەر ئاوە، هەموو زیندەوەرێکی لە ناوە». (لافاوی سەردەمی نووح و گەمیەکەی)

♠♠♠

زۆرێکی‌تری مەتەڵەکان هەڵئەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی ئیسلامی چون بابەتی ئیسلامیان تێدایە وەك: «پیاوێ نوێژی ئەکرد، سلاّم لای راسی داوە نوێژەکەی بەتاڵەوە بوو، سلاّم لای چەپی داوە تەلاّقی کەفتە سەری هەڵبڕی رۆژووەکەی شکیا». بڕێکیان بابەتی ئەمڕۆییان تێدایە وەك: تلویزیۆن، رادیۆ، ماشین جل‌شۆر، ئاومێوەگیری و... بۆ نموونە: «ئەوە چییە بەرزی ئەکەیتەو یەك پای هەیە، دایئەنی سێ پای هەیە». (چەرخ، فرغۆن)

♠♠♠

جۆرەکانی مەتەڵ: مەتەڵ بە دوو جۆر هاتوون. نووسراو، نەنووسراو (زارەکی)

مەتەڵی نووسراو: بەرهەمی شاعیر و ئەدیب و خەڵکی خوێندەوارن. وەك: «دوو مەشعەل لە نێو یەك سەرای بێ دەر/ چوار پەلۆش هەن شەش لاشە و یەك سەر» - «پەنج فریشتە ئاهووی یەك رەنگ/ بردنە بان سارای سفی رەنگ/ ئاهوو دوو شاخی هاوە سەرەوە/ بان شاخەکانی بە گەوهەرەوە»

دووهەم مەتەڵی نەنووسراو: بەشێکی زۆر لە ئەدەبی زارەکی یان فولکلۆرە، کە بەرهەمی بیرتیژی و هەستی ناسکی مرۆڤن. ئەم مەتەڵانە وێژەرێکی ناسراویان نییە و زۆرتر پیشاندەری جۆرێك بۆچوونی سەرجەمی خەڵکن لە دیاردەکانی سروشت و ژینگە و بەر و بوومی ناوچەیی.

مەتەڵی خەڵك بە دوو شێوەی شیعر و پەخشانن، پێکهاتەیەکی ساکار و زمان و بەیانێکی سادە و ساکاریان هەیە و بە شێوەی خواستن (ئیستعارە) و لێکچواندن (تشبیە)ن و خەڵك لێیان تێ دەگەین و لەسەر زمانی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی شاری و لادێ دەگەڕێن. وەك: «کوڵەوەژی گیانکێشانی، دۆست و دوژمن نازانی» (تفەنگ) - «خڕ وەك هەرمێ سپییە وەك بێ؟» (پەمۆ)

بڕێك لە مەتەڵەکان گاڵتە و گەپ و پێکەنینیان تێدایە و هەندێکی‌تریان جنێو، قسەی تاڵ و ترش و جاری واش هەیە قسەی شیرین و شتگەلی‌تریان بە شێوەیەکی پۆشراوە... تێدایە. وەك: «دەمی تاقە، چاوی زاقە» (کلاّو) - «سەری یەکە و بنی دوو بە باوك و باپیرتا چووە» (شواڵ دەرپێ) - «بنی دەگلێ، قەدی دەکەرێ سەر دەتوو، ئەگەر نەزانی چاوت دەرێ» (کەنگەر) - «وردیلە، وردیلە، لە بن بەردیلە، هەرکەس نەیزانێ ناوی ئەنێم بێچووە پشیلە؟» (دۆڵمە)

♠♠♠

کەڵك و سوودی مەتەڵ:

١- بۆ هەڵسەنگاندنی هۆش و رویایی و کێبەرکێ و کات بەسەربردن و زاخاوی مێشك.

٢- هەڵهێنانی موعەمما و مەتەڵ دەبێتە هۆی بەهێزبوونی بیر و هۆش هەتا مرۆڤ هۆشیارتر ئاوڕ لە کێشە جۆراوجۆرەکان بداتەوە و ڕێگا چارەی باشیان بۆ بدۆزێتەوە و لە راستییەکان بگات.

٣- کەسانی ژیر و هۆشیار جیا دەکاتەوە، کەسانێ لە هەڵهێنانی مەتەڵدا ئازا بن داهاتوویەکی پرشنگدارتریان دەبێ.

٤- وشە و زاراوەکان ئەپارێزن و دەتوانین ئەو شانە بۆ مانا و مەبەستێکیتر بەکاو بێنین و زمانەکەمانی پێ دەوڵەمەند بکەین.

٥- بۆ ئەوەی قوتابیان سوودی لێ وەرگرن و بیر و هۆشیان گەشە بستێنێ و داهاتوویەکی روون بەرچاویان ببێت، دەبێ لە قۆناخی سەرتایید لە وانەکانا بیخوێندرێ.

٦- شیکردنەوە و لێکدانەوەی مەتەڵەکان و زاراوەکان لە چەندین روانگەی کۆمەڵناسی، ئابووری، مێژوویی و کەلتووری و... زانیاری پێویست سەبارەت بە رابردوومان ئەدەن بە دەستەوە کە مرۆڤ بۆ بەردەوامبوونی لە ژیاندا چی کردووە و چ گیانلەبەرێکی بەخێو کردووە و چی چاندووە بۆ پێخۆری ژیانی و چ ئامێر و کەرەسەیەکی بەکار هانیوە و ئەو هەژار و رەش و رووتانە کە خاوەن مڵك و ماڵێك نەبوون چلۆن ژیاون و پێداویستییەکانی ژیانی خۆیان و کەسانیتریان چۆن دابین کردووە...؟

٧- زۆرێك لە موعەمماکان مەبەستدارن و فێر ئاکار و خوو و رەوشتی جوانمان دەکەن و زەینمان هۆگر دەبێ بچێ بە شوێن دۆزینەوەی رازی نێو موعەمماکان و چۆنیەتی رووداوەکاندا.

♠♠♠

پێکهاتەی مەتەڵ: مەتەڵ رستەیەك یان دەستەواژەیەکە وەسفکراو کە ماکەی وەسفکراو بەشی بنەڕەتی پێکهاتەکە پێك دێنێ و توخمی وەسفکراو داگری بابەتێك و شیکردنەوە یان لێکدانەوەیەکە.*

لە هەر مەتەڵێکدا لانی کەم بابەتێك یان شتێك هەیە کە ئاشکرا وەسف دەکرێ (بابەت) و هەواڵێك سەبارەت بەو بابەتە یان شتە ئەدرێ (شیکردنەوە یان لێکدانەوە) وەکوو:

١- «تاقێکە سی و دوو بەردی تێدایە.» (دەم و ددان)

٢- «دارەکەی سەر تەجەرە هەر پەلێکی سەد خنجەرە.» (خۆر)

---

* موحەممەدعەلی ئیمامی ئەهوازی، چیستاننامەی دزفوولی ل ٢٥

٣- «شتێك هەیە چوار منداڵی لە سكیدایە.» (گوێز) لەم مەتەڵانەدا «تاق» و «دارەكەی سەر تەجەر» و «شت» لە رستەكانی ١ و ٢ و ٣دا «بابەت» و «سی و دوو بەردی تێدایە» و «هەر پەلێكی سەد خنجەرە» و «چوار منداڵی لە سكیدایە» لە رستەكانی ١ و ٢ و ٣دا هەواڵ و لێكدانەوەكەیانن.

لە برێك لە مەتەڵەكاندا دوو یان چەن شتی راڤەكراو هەیە. وەكوو: «بە بەرخی سپییە، بە شەكی سوورە، بە مەڕی رەشە.» (ترێ) كە ئەم سێ (ماكە) پێكەوە جۆر و هاوئاهەنگن. لە برێكیتر لە مەتەڵەكاندا (توخمەكان) پێكەوە جۆرن، یان ناجۆرن وەك: ناڤكی دارینە، سەركی زەڕینە. (مێو).

«تاڵە شیرین نییە، پڕچنگە هەنار نییە، حەز ئەكا قازی نییە، حوكم ئەكا حاكم نییە.» (دڵە)

هەشت (ماكەی) راڤەكراوە كە (توخمەكان) دوو بە دوو پێكەوە دژ یەك و ناتەبان و توخمەكانی وەسفكراو «شیرین نییە» و «هەناری نییە» و «قازی نییە» و «حاكم نییە» لەگەڵ توخمەكانی «تاڵ» و «پڕچنگ» و «حەز ئەكا» و «حوكم ئەكا» دژ بە یەك و ناسازن و تاڵ بوون و پڕچنگ بوون و حەز كردن و حوكم كردن رەد دەكەنەوە.

«تولان داوی مێو نییە، پێوە دەدا مار نییە، هەرمێ دەگرێ دار نییە.» (تەل و داری كارەبا-دار بەرق)

لەگەڵ روونكردنەوەی پێكهاتەی مەتەڵ و هێنانی چەن نموونە ئێستا دەتوانین پێناسەیەك لە پێكهاتەی مەتەڵ بكەین.

مەتەڵ: مەتەڵ جۆرێك دەربڕینی زمانییە هاوڕێ لەگەڵ یەك یان چەند (ماكەی) راڤەكراوە كە وەڵامی دروستی راڤەكراوەكانی دەوێ.

مەتەڵەكان دەبنە دوو بەشەوە كە بەشێكیان «دژ بە یەكن» و بەشێكیان «دژ بە یەك نین» كە هەركام لەمانە چەن لقیتریان لێ جیا دەبێتەوە.

♠♠♠

مەتەڵەكان:

- ١- دژ بە یەك نەبوون:
  - ١. خواستن (ئیستعارە) وەك: «خانووی یەك كوڵەكە» (قارچك)
  - ٢. راستی وەك: «ناوی سپییە، پێستی سەوزە» (خەیار)
- ٢- دژ بە یەك بوون:

١. وەکوو: «دەڕوا لاقی نییە، دەگری چاوی نییە، هاوار دەکات زاری نییە.»

٢. «ئەوە چییە را دەکا هەنگاو نانێ، دەمی هەیە قسە ناکا، سەری هەیە و ناگری، جێگای خەوی هەیە و ناخەوێ.»

٣. «لە هەموو شت رەقترە و لە هەموو شت نەرمترە.»

مەتەڵی جۆر و تەبا بە پێی ناوەرۆك دەبنە دوو بەشەوە: یەکەم: خواستن (ئیستعاری) و دووهەم: راستی

یەکەم: خواستنی وەك: «خانووی یەك کۆڵەکە» (قارچك). «سەری دەبڕی بەفرِ دێ» (گەڵا). ئەمانە مەتەڵانێکن کە پێکهاتەی راڤەیی خواستنییان هەیە.

دووهەم: «سەری سەوزە، بنی سوورە» (گەزەر). «ناوی سپییە، پێستی سەوزە» (خەیار). ئەمانە مەتەڵانێکن کە لە ماکەی راڤەکراوی راستی پێك هاتوون.

١- لە بڕێ لە مەتەڵەکاندا دوو ماکەی راڤەکراو لەگەڵ یەکدا دژ و تێکدەری یەکن. وەکوو: لە هەموو شت رەقترە و لە هەموو شت نەرمترە (زمان). دوو توخمی شەرحکراو هاتوون کە بە یەکەوە ناجۆرن و تێکدەری یەکن لەم مەتەڵەدا توخمی راڤەکراوی «لە هەموو شت رەقترە» و «لە هەموو شت نەرمترە» دژ بە یەکن و شتێك ناتوانێ لە هەمان کاتدا هەم «رەق» بێت و هەم «نەرم» بێت.

٢- لە بڕێ لە مەتەڵەکاندا مەتەڵانی دژ بە یەك پێك دێنن. بەم جۆرە کە یەکێ لە توخمی راڤەکراوەکان تایبەتمەندی و کۆڵەکەی بنەڕەتی شتی راڤەکراوی پێشوو رەد دەکاتەوە و ئەو شتە لە هەبوونی ئەو چۆنایەتییە و کۆڵەکە بنەڕەتییەکەی بێبەش دەکا. وەکوو: «پای هەیە و ناڕوات.» (قورسی)

ماکەی راڤەکراوی دووهەم کاردای پێ لە (رێگەچوونە) و لە توخمی وەسفکراوی ئەوەڵدا هاتووە رەد دەکاتەوە و ئەو لەم تایبەتمەندی و کاردا بێبەش دەکا.

یان لە ئەم مەتەڵەدا «ئەوە چییە را دەکا، هەنگاو نانێ، دەمی هەیە قسە ناکا، سەری هەیە و ناگری، جێگای خەوی هەیە و ناخەوێ» (هەور) کە لە چوار بەش پێکهاتووە. توخمی شەرحکراوی و هەر بەشێ لە دوو توخمی راڤەکراوی ناتەبا پێك هاتووە. لە هەر کام لە ئەم چوار بەشەدا ماکەی وەسفکراوی دووهەم دژ بە توخمی راڤەکراوی یەکەمە و تایبەتمەندی و چۆنایەتی ئەو رەد دەکاتەوە. ئەزانین کە هەر شتێك را بکا و دەم و سەر و جێگای خەوی ببێت دەبێ هەنگاو و قسە کردن و گریان و خەوی هەم ببێ، بەڵام دووهەمین توخمی وەسفکراوی هەر بەشێك چاوەڕوانی هەنگاو و قسە کردن و گریان و خەو لە تایبەتمەندی راکردن و

دەم و سەر و جێگا خەو دەسێنێتەوە و بێوەری دەکا.

٣- بڕێتر مەتەڵانێکن کە ماکەی ڕاڤەکراو و دژ بە یەك لەواندا پێکەوە ناتەبایی لۆژیکیان هەیە. بەم جۆرەیە کە ماکەی شەرحکراو پەیڕەوی لە نیشانەی گونجاو و چاوەڕوانکراو لە کرداری تایبەت بە توخمی وەسفکراویتر ناکات و لەگەڵیدا ناتەبا بێت. وەکوو: «دەڕوالاقی نییە، دەگری چاوی نییە، هاوار دەکات زاری نییە» (هەور). بەڵام بە پێچەوانەی چاوەڕوانکراو، ئەو بوونەوەرە وەسفکراوە، بێ پێ هەم دەڕوات بە ڕێگادا و هەم بێ چاو ئەگری و هەم بێ دەم هاوار دەکات.

♠♠♠

موعەمما:

١- لەغەز، لیچار، مەتەڵ چمام قاف، پەردەك، مەتەڵۆکە، تشتانۆك، چمامك: بابەت یان گەڵاڵەیەکە وەك پرسیارێك دەگوترێ و بەرپرس دەبێ ناوی شتێ، کەسێ یان بابەتێکی تێدا بدۆزێتەوە، بۆ هەڵسەنگاندنی هۆش و وریایی.

٢- دۆخ یان ڕووداوێك کە تێگەیشتنی دژوارە.*

♠♠♠

پێناسەی موعەمما: ناوی کەسێ یان شتێ لە دڵدا بشارنەوە و چەندین وەسف هاوڕێ لەگەڵ ڕەمز و ئیشارە بۆ بیننەوە. کە تێکەگەیشتن لە وەڵامەکە نیازی بە ڕامان و تێفکری هەیە. لە موعەممادا زۆرتر بە پیت و وشەکان کایە دەکرێ وەکوو:

شاری دڵنشین خۆش ئاو و هـــەوا　　　شەسی لێ بە لا خۆی ئەبێتە لا

مەبەست «سنە»یە.

یەك پێنج حەرفییە دوانی تێکراوە　　　حەرفی ئەوەڵی شێوەی هـــەزارە

حەرفی دووهەمی قەلبی دڵـــدارە　　　حەرفی سێهەمی وەك برۆی یارە

نە فرە زۆرە نـــــــە فرە خوارە　　　عومر زیادتر لە سی هـــەزارە

(ئەردەڵانی)

دڵ نامەرد قەلب قابل دەرمـــان و دەرمانە　　　دڵ نادان دەوای نییە کە نادان قەلبی نادانە

(مەحموود ئەحمەدی)

---

* مردوخ روحانی، محمدماجد (١٣٨٥)، فرهنگ فارسی — کوردی، دانشگاه کردستان، ل ٢٢٠٦

وتم نێوت چییە کیژە کـــوردی لادێ	لە ڕووی لێوت بە دەگمەن پێکەنین دێ
وتی شەوگـــارۆنم فرمێســــکەکانم	لە من نابڕن هەتا کۆتـــایی ژین دێ

(موحەممەدی جوانڕۆ)

♠♠♠

جیاوازی مەتەڵ و موعەمما: بە بیر و بڕوای زانایان مەتەڵ و موعەمما (لیچار، لۆتەر) لە بنەڕەتدا یەك جۆرن جگە لەمە مەتەڵ بە شێوەی پرسیار دێتە ئاراوە. زانایان دەڵێن مەتەڵ لە سەرەتادا تا رادەیەك سادە و ساکار بووە و مرۆڤ باشتر لێی تێگەیشتووە، بەڵام کە دژوارتر و پێچراوەتر بووە بە شکڵی موعەمما دەرهاتووە و پێویستی بە بیرکردنەوەیەکی زۆرتر بووە. مەتەڵ و موعەمما شان بە شانی یەك پێك هاتوون و هەروەکوو یەك باویان بووە. لە موعەممادا بناغەی کار زۆرتر ئەوەیە کە بە پیت و وشەکان کایە دەکرێ.

پۆلێن کردنی مەتەڵ بە پێی بابەت و ناوەڕۆک

ئەلف: مەتەڵی تایبەت بە ئایین:

✓ یەکە و نابێتە دوو، دووە و نابێتە سێ، سێیە و نابێتە چوار، چوارە و نابێتە پێنج، پێنجە و نابێتە شەش، شەشە و نابێتە حەفت، حەفتە و نابێتە هەشت، هەشتە و نابێتە نۆ، نۆیە و نابێتە دە، دەیە و نابێتە یانزە، یانزەیە و نابێتە دوانزە، دوانزەیە و نابێتە سێنزە. (س.ئـ.١٠٢)

✓ هەنیکم کردگە بە دوانزە قاشەوە یانزە قاشی حەڵاڵە و قاشێکی حەرامە. (ئەردەڵانی) (١٢ مانگ و یەک مانگ رەمەزان)

✓ شەرعییە وەلێ خوا خۆشی لێ نایەت. (ن.سەقز) (تەڵاق)

ئەم بابەتە ئایینیانە بوون بە مەتەڵ وەک: خوا، ئادەم، رۆژوو، قورئان، نوێژ، مارەیی و... بڕوانە بۆ دەقی مەتەڵەکان.

♠♠♠

ب: مەتەڵی تایبەت بە سروشت و دەوروبەری ژیانی مرۆڤ:

✓ ماڵێکمان هەیە سپی پڕ لە خاڵ، دوانزە پای هەیە و سیسەد و شەست و پەنج باڵ. (ن.سەقز) (ساڵ)

✓ ئەگەر عەقڵت هەس و عەقڵت هاپێوە!/ پیرۆزەس و سێ شتی هاپێوە. (ئەردەڵانی) (ئاسمان، ئەستێرە، مانگ)

✓ دارەکەی سەر تەجەرە، هەر پەلێکی سەد خنجەرە. (ئەردەڵانی) (خۆر)

✓ ئەوە چییە هەر بگری ئەمرێ. (هەور)

ئەم بابەتانە بوون بە مەتەڵ. وەك: خۆر، سێبەر، رۆژ، ئاو، با، تەرزە، بەفر، ئاگر، هەورەتریشقە و... بڕوانە بۆ دەقی مەتەڵەکان.

♠♠♠

ج: مەتەڵی تایبەت بە مرۆڤ و ئەندامەکانی لەش:

✓ ئەوە چ گیانلەبەرێکە بەیانی بە چوار پا و نیمەڕۆ بە دوو پا و دوانیوەڕۆ بە سێ پا ئەڕوات. (ئەردەڵانی) (مرۆڤ)

✓ دوو ماری رەش، دوو چرای گەش، دوو کونە رێوی. (ئەردەڵانی) (دەم و چاو)

✓ مۆترە ئاوێکە بێ بەرق و بەنزین/ نە کار ژاپون نە مۆنتاژی چین/ سەد ساڵ کار ئەکا بێ وەقفە و تەفسیر/ بە بێ گازۆئیل رۆغەن و تەعمیر. (ئەردەڵانی) (دڵ)

✓ بانێکە و هێوانێکە، چوار بزن و شوانێکە. (ئەردەڵانی) (پەنجەی دەس)

ئەم بابەتانە بوون بە مەتەڵ: وەك: دەس، ریش، زمان، سەر، چاو، لێو، لووت، مەمك، منداڵ، کچ، خەو و ناو، زانست و... بڕوانە بۆ دەقی مەتەڵەکان.

♠♠♠

چ: مەتەڵی تایبەت بە جل و بەرگ و کەلوپەلی تایبەت بە مرۆڤ:

✓ چەس قسە ئەکا، زوانی نییە، مووچیاری ئەکا و بەیانی نییە. (ئەردەڵانی) (کتێب)

✓ بە شەوا قسرە و بە رۆژا ئاوسە. (ئەردەڵانی) (کەوش)

✓ پشتی هەس و بەری نییە، گوێچکەی هەس و سەری نییە. (ئەردەڵانی) (فەرەنجی)

✓ ژێرەکەی پەڕۆ و بانەکەی چەرمۆ، بیکەوە خۆتا خۆشحاڵ بڕۆ. (ئەردەڵانی) (کڵاش)

✓ میمکە مەتێ لە کونا دەرتێ، سی و سێ نەفەر دەرەقەتی نەتێ. (ئەردەڵانی) (تفەنگ)

ئەم بابەتانە بوون بە مەتەڵ. وەك: کڵاو، کراس، شانە، ئاوێنە، سەعات، قەڵەم، پووڵ، کەوچك و...

بڕوانە بۆ دەقی مەتەڵەکان.

♠♠♠

ح: ئامێر و کەرستەی کارکردن و کەلوپەلی دیکە:

✓ یەك چاو و تەیارم، جێ باوەڕی دەوڵەمەند و هەژارم. (ئەردەڵانی) (کیلۆ)

✓ گوڵە گاڵە پڕ ناو ماڵە. (ن.سەقز) (لامپا) (لامپ)

✓ بە شەوا خانمە و بە ڕۆژا کارکەرە. (ئەردەڵانی) (گزگ)

✓ هەڵدم هەڵدم، شەش پا و دوو سم. (ئەردەڵانی) (مەریوان) (مەشکە)

✓ چەس تا ئەنگۆست نەکەیتە چاوی دەم ناکاتەوە دروست و حەساوی. (دوێرد - قەیچی - مقەست)

✓ بیگری مشتێکە بەری بەی پڕ دەشتێکە. (ئەردەڵانی) (نەفس - چاو)

✓ دار لە بان دار ئاسن جلۆدار. (تەشی)

ئەم بابەتانە بوون بە مەتەڵ وەك: درگا، چادر، گسك، چرا، مشار، دەرزی، زوخاڵ، سەماوەر، جووت و جووتیار، تەرازوو و رەشکە، ئاشی ئاو، بانگردێن، دەهۆڵ، بەلەم، ئاوێنە، فەرش، رێگە، مەڕدۆشین و... بڕوانە بۆ دەقی مەتەڵەکان.

♠♠♠

خ: مەتەڵی تایبەت بە رووەك (گیا) و بەروبووم و خواردەمەنی رووەکی:

✓ چل تاق چل نیم تاق، چل حوجرە و چل بەیاخ. (هەنار)

✓ زەوینەکەی سەوزە، شارەکەی سوورە، مەردمەکەی رەشە. (هەنی - شووتی)

✓ عالەم خواردوویە، ئادەم نەیخواردووە. (ن.سەقز) (شیر)

✓ بەری هەسانە، پشتی قورئانە. (قارچك)

✓ سەوزە وەك خەیار، بەرزە وەك چنار، ترشە وەك هەنار. (رێواس)

✓ بەری پەراسوو، پشتی کولێرە، گەر هەڵیبێنی دەنگت دلێرە. (ت. ٣٥) (مێو)

ئەم بابەتانە بوون بە مەتەڵ وەك: نۆك و برنج، ئارد و نان، باینجان، تەرەپیاز، هەنجیر، قەیسی، خورما، پیشۆکە، نیسك و... بڕوانە بۆ دەقی مەتەڵەکان.

♠♠♠

ر: مەتەڵی تایبەت بە زیندەوەر و ئاژەڵ و بەر و بوومی ئاژەڵی:

✓ ئەشکەوتی سەد پاڵەوانان، بە قامکە پووشێ دەگیرێ؟ (شارەمێرووله)

✓ نە مەمکی هەیە نە گوان، شیر دەدا بە هەمزە پاڵەوان. (هەنگ)

✓ ئەمە چەس ها ناو ئاوا و لە تینگیا ناو سکی رەشەو بووگە. (ماسی)

✓ درێژە وەك شریتە، نەرمە وەك هەویر. (مار)

✓ لە دوور مەیۆ، لە دوور مەیۆ، گرمەی بەرانەسوور مەیۆ؟ (زەردەواڵە)

ئەم بابەتانەی خوارەوە بوون بە مەتەڵ وەك: قرژانگ، قورواق، کیسەڵ، هێلکە، پەرەسیلکە، کەو، کەڵەشێر، مشك، سەگ، گیپە و... بڕوانە بۆ دەقی مەتەڵەکان.

♠♠♠

ز: ئەم بەشە لە مەتەڵم تایبەت داوە بە مەتەڵی بیرکاری (رياضي) و بیر و هۆشی (فکری) و مەتەڵی جۆراوجۆری دیکە:

لێرەدا بۆ هەرکام لەم مەتەڵانە نموونەیەکی کورت دێنمەوە بەڵام بە گشتی بڕوانە بۆ بەشی ١٧١ مەتەڵ و موعەمما.

ئەلف: بیرکاری

٦٥	٣	١٦	٩	٢٢	١٥
٦٥	٢٠	٨	٢١	١٤	٢
٦٥	٧	٢٥	١٣	١	١٩
٦٥	٢٤	١٢	٥	١٨	٦
٦٥	١١	٤	١٧	١٠	٢٣
٦٥	٦٥	٦٥	٦٥	٦٥	٦٥

یەحیا لوتفوڵلانەسەب

بیست و پێنج (ژمارە)، لە یەکەوە تا ٢٥ بە بێ دووبارەکردنەوە، لە ناو ٢٥ چوار گۆشە (٥×٥)دا بنووسە بە مەرجێك سەرجەمی کۆی پێنج گۆشەکانی لە تەك یەك بە ستوونی بکاتە ٦٥ و بە ئاسۆییش هەر بکاتە ٦٥ و بە شێوەی (×) هەر بکاتە ٦٥.

٦	٧	٢	١٥
١	٥	٩	١٥
٨	٣	٤	١٥
١٥	١٥	١٥	١٥

یەحیا لوتفوڵلانەسەب

لە یەکەوە تا نۆ بە بێ دووبارەکردنەوە لە ناو نۆ چوار گۆشەی (٣×٣)دا بنووسە بە مەرجێك سەرجەمی کۆی چوارگۆشەکانی لە تەك یەك بە ستوونی بکاتە ١٥ و بە ئاسۆییش هەر بکاتە ١٥ و بە شێوەی (×) هەر بکاتە ١٥.

♠♠♠

ب: بیر و هۆش

✓ ناو بەحریلەی کە گومناو و هەژار/ سەری داپۆشی ئەوێتە رێبوار (زرێوار)

✓ مووچەخۆرێك لەگەڵ ژنەکەی بەرپرسی لەگەڵ خوشکەکەی سێ سێو دەکڕن هەر یەکە دانەیەکیان بەرئەکەوێ بڵێ چۆن؟

✓ دە لە دەیان دەربێنی دەمێنێتەوە دە. (س.ئـ.٢٣١) (دەستەوانە، دەسکێش و پەنجەکانی هەر دوو دەست)

✓ دە و دە ناکاتە بیست لەگەڵ پەنجای دەکاتە پانزە. (١٠١٠) (س.ئـ.٢٣٥)

♠♠♠

پ: مەتەڵی تایبەت بە بابەتی جۆراوجۆر:

✓ لە نێوان ئاسمان و زەویدا چی هەیە. (و)

✓ ناوی خواردنێکە لە هەر لاوە بیخۆی وەك یەکە. (نان)

✓ لە پەنجەرە دەچێتە ژوورەوە و لە درگا دێتە دەرەوە. (نامە و سندووقی پۆستە)

♠♠♠

ت: ئەو مەتەڵانەی کە وەڵامیان لە خۆیانە:

✓ دارێکمان هەس بانەکەی کانییە.

✓ بی تەڕە، تاڵە.

- ✓ کاچوو مادانی.
- ✓ خوانەی ناوەو هەس.
- ✓ خوشکەکەتان ژنی کامتانە؟
- ✓ سی پەنج پانزە و دوو حەڤدە و سێ بیست. ٢٠=٣+١٧=٢+١٥=٥×٣
- ✓ مۆز تەڕە لینجە.

ڕەوانبێژی و جوانکاری لە مەتەڵدا

لە موعەمما و مەتەڵدا جۆرەکانی هونەری ڕەوانبێژی و جوانکاری وەك: خواستن (استعارە) و خوازە (مجاز)، لێکچواندن (تشبیە)، کینایە (درکە) دژ بە یەك، ڕەگەزدۆزی، چاولەیەك، تێهەڵکێش، تیلنیشان، کورتبڕی و درێژبڕی، توانجپۆشی بەرچاو ئەکەون و زۆربەی زۆری مەتەڵەکان کێش و سەروادار و بڕگەیین، یان بە شێوەی پەخشانێکی ئاوازدارن. لە لێکدانەوە و شەرح کردنی هەندێك مەتەڵا بە کورتی ئاماژە بە چەند نموونەیەکە دەکەین.

مەتەڵ و پەندی پێشینیان و قسەی نەستەق و تا رادەیەکیش ئیدیۆم (درکە)، ئەگەرچی لە بابەتە فولکلۆریەکاندا سەربەخۆ و جیاوازن بەڵام لە زۆر دەقی فولکلۆردا ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ سوود لە ناوەرۆك و روخساری یەکتر وەردەگرن. وەك: ئاخۆری پێنج ئەنگوست چییە؟ لە مەتەڵدا ئەگەر، چییە لابەین کینایە (ئیدیۆم) دەردەکەوێت. ئاخۆری پێنج ئەنگۆست. کینایەیە لە مرۆڤ.

«شەو لە بان» وەك کینایە بەکار هاتووە و لە مەتەڵدا داوای وەڵام دەکات «شەو لە بان چییە؟» بانگلێر (مەتەڵ) یان «وەك نیسك بەر و پشتی بۆ نییە» کینایەیە و لە مەتەڵدا ناوی نیسك لابراوە وەك: «ئەوە چییە وەك پیاوی سپڵە نە بەری هەیە نە پشت» و پرسیار لە ناوەکە دەکات و لە کینایە و قسەی

نەستەقدا ناوی نیسك هاتووە و مەبەستی پیاوی سپڵە و بێ بار و بێ بەر و پشتە.*

یان لە ئەم پەندەدا «دار پوازی لە خۆی نەبێ ناقلیشێ» لە مەتەڵدا ناوی دار لابراوە وەك: «ئەوە چییە تا لە خۆی نەبێ ناقلیشێ» پرسیار لە ناوەکە دەکات.

ئەگەر لە مەتەڵانی خوارەودا چییە لابەین دەبنە پەندی پێشینیان و قسەی نەستەق و کینایە (درکە).

«چییە لە ناو چاواندا لووت دەردێنێ، با بە لای مارا کلکی ئەقرتێنێ؟» (دز)

ئەگەر چییە لابەین دەبێتە دوو پەند کە مەبەستی کەسێکی زۆر زیرەکە.

«چییە بۆ شەوێکیش بێ، جێگەی خۆی خۆش ئەکات؟» (بزن)

بە شێوەی پەندی پێشینیان (بزن بۆ شەوێك جێگەی خۆی خۆش ئەکات) مەبەست مرۆڤی ئیشکەر و چالاکە.

«چییە لە ماڵ خۆیدا دەنگ ناکات؟» (ورچ)

«ورچ لە ماڵ خۆی دەنگ ناکات.» (پەند)

«چییە دۆستی خۆتە و دوژمنی خۆتە؟» (زمان) مەتەڵ بە شێوەی پەند «دۆستی خۆتە و دوژمنی خۆتە و هەر لە خۆتە» (زمان).

«تانجییە رەشی دەم هەراش، خێو و خاوەنی ناناسێ» ئەگەر بە کەسێك بڵێین تانجییە رەشی دەم هەراش کینایە لە کەسێ کە فرەوێژ و زۆربڵێیە.

رەوانبێژی و جوانکاری لە مەتەڵدا:

١- باوای چەفت و چێڵ دایەی سەرپانە کوڕیان شیرینە و کوڕەزا دێوانە

خواستن لە مێو — خواستن لە گەڵا — خواستن لە هەنگوورە — خواستن لە ناوی هەنگوورە کە مەی لێ دروست دەکرێ.

٢- «ئەگەر هات پات خەبە مل پا/ ئەگەر نەهات خۆتیش ئەوا»

هات خواستن لە سامان و دارایی یان شانسە.

دوو وشەی (هات و نەهات) دژ یەکن.

٣- «دوو مەشعەل لە نێو یەك سەرای بێ دەر چوار پەلۆش هەن شەش لاشە و یەك سەر»

خواستن: مانگ و خۆر — خواستن: ئاسمان

وشەکانی پەلۆش و لاشە و سەر پێکەوە چاو لە یەکن.

* س.ئ. بەرکوتێکی مەتەڵی... ل٣٥

٤- «تۆڵ تەڕ، تەیمان تەڕ، ناڵەی شێر، ئاویەر کەڕ.» (ساز و دەهۆڵ)

لەم مەتەڵەدا «ناڵەی شێر» خواستن لە دەنگی دەهۆڵ پیتی (ت) چوار جار و پیتی (ر) پێنج جار دووبارە بووەتەوە.

٥- «هەم تەشتێکە هەم دەشتێکە.»

هەر دوو وشەی «تەشت و دەشت» خواستن لە سکە و کورتبڕی تێدایە و دوو وشەی «تەشت و دەشت» لە کێش و پیتی دواییاندا وەك یەکن، هاوڕوون (سجع متوازی).

٦- «تشتی من تشتە، بێ بەر و پشتە.»

دوو وشەی «تشتە» و «پشتە» هاوڕوون و وشەی تشت لە رستەی یەکەمدا دەتوانێ خواستن بێت لە سك.

٧- «دارێکم هەس دوانزە لەقی هەس، هەر لەقێکی سی گەڵای هەس، لە هەر ساڵێکا سی دانە سێف دەرئەکا، ئەم سی دانە سێفە پانزەی چەرمگە و پانزەی رەشە، رەشەکانی حەڵاڵە و چەرمگەکانی حەرامە.»

دار: خواستن لە ساڵە. دوانزە لەق: خواستن لە دوانزە مانگە. سی گەڵا: خواستن لە سی رۆژەی مانگە. پانزە سێفی چەرمگ: خواستن لە پانزە رۆژە. پانزە سێفی رەش: خواستن لە پانزە شەوە.

لە نێوان وشەکانی: «دار» و «لەق» و «گەڵا» جوانکاری چاو لەیەك هەیە. لە نێوان «ساڵ» و «مانگ» و «رۆژ» و «شەو» چاو لەیەك هەیە.

٨- «هەنیکم کردووە بە ١٢ قاشەوە، پانزە قاشی حەڵاڵە و قاشێکی حەرامە.»

هەنی یان شووتی: خواستن لە ساڵە. دوانزە مانگ: قەرینەی سارفەیە.

٩- «دوو ئاهووی سیاە سەحراچەریدە جەفاکەر بەندە، حەق ئافەریدە
شانزە پارچە چووب باڵاپۆشەوە بەستە بە حەڵقەی ئاسن پۆشەوە»

دوو ئاهووی سیاە: خواستن لە دوو گایە. جەفاکەر بەندە: خواستن لە جووتیارە.

١٠- «بێ قاچ و باڵە، کە دەمرێ گۆشتی حەڵاڵە.»

دوو وشەی «باڵە و حەڵاڵە» لە پیتی دواییدا وەك یەکن بەڵام لە کێش و ژمارەی پیتەکانا جیاوازن. هاوسەر (مطرف)

١١- «شتێك هەیە لە چیایە، سیپاتی سپیانی تێدایە، ناوی گێزەر گیایە، جەرگم بووە کونکون کوندەڵانم بێننە کن؟»

سپیاتی: درکەیە (کینایە)یە بۆ شێر. سپیان: درکەیە بۆ مەڕ. لە نێوان (سپیاتی و سپیانی) و (چیایە و گیایە) ڕەگەزدۆزی ناتەواویان تێدایە.

١٢- «بەسەر پیرەژن بە چەنگ منالە، بە پشتی روستەم، نەتەوەی زالە؟»

لەم سێ رستەدا دەبینین «لێچوو» «ئەو» سێهەمین کەسی تاکە و پەڕاوە لەوچوو «پیرەژن، منال، پشتی روستەم» «لەوچوو»ن و ئامرازی لێکچواندن پەڕاوە و لێچوون.

١٣- «رەشە وەك قیرە، تیژە وەك تیرە، سپییە وەك شیرە؟»

شەو: لێچوو. وەك: ئەدات تەشبیە. قیر: لەوچوو. رەش: لێچوون. تیژ: لێچوو. وەك: ئەدات تەشبیە. تەیر: لەوچوو. خێرا و توند: لێچوون. سپی: لێچوو. وەك: ئامرازی لێکچواندن. شیر: لەوچوو. سپی: لێچوون.

١٤- «دەربێ ئاو کلیـــلی چێوە نەچیر دەرچوو سەگ بوو پێوە»

تێل نیشانە بۆ داستانی حەزرەتی مووسا و پەڕینەوەی لە رووباری نیل.

١٥- «سەد کەس لە ژوورێکا درێژ و سپین، کڵاوەکانیان قاوەیی و سوورن؟»

وشەکانی سپی و قاوەیی و سوور پەیوەندی نێوانیان پەیوەندی بە یەکەوە گونجان و هاوچەشنییە و چاو لە یەکن.

١٦- «سەوزە وەك خەیار، بەرزە وەك چنار، ترشە وەك هەنار.»

لەم مەتەڵەدا سێ لێکچواندن هەیە: لە رستەی یەکەم و سێهەمدا کە وشەکانی «خەیار و هەنار» هاوڕوون لە کێش و ژمارەی پیت و پیتی دوابیدا وەکوو یەکن.

١٧- «سایەقەی ساماڵ هەوری فەرەنگی، دوو ئاو لە جامێ هەر یەك لە رەنگی.»

دوو وشەی «فەرەنگ و رەنگ» هاوڕوون و هاوکێشن. (متوازن)

١٨- «ئەداو هەزار بزڵانە، شەوینە لەوەریانە، ملا کنا، پەشتەو کەشانە.»

ئەدا: دایك خواستن لە مانگ. هەزار بزڵانە: خواستن لە هەزار ئەستێرە کە لەوەڕیان پەیوەندی بە بزنەوە هەیە. شەو پەیوەندی بە مانگەوە هەیە.

١٩- «هەلاران و مەلاران، هێلکە دەکەن لە داران، بۆ فەقیر و هەژاران.»

دوو وشەی «مەلاران و داران» هاوسەر (مطرف)ن کە لە پیتی دوابیدا وەکوو یەکن بەڵام لە ژمارەی

پیت و کێشدا جیاوازن. دیسان دوو وشەی «مەلاران و هەژاران» هاوڕوو (متوازی)ن.

۲۰- «ئەگەر دێ گەدایە، دادەنیشێ پادشایە، کە دەڕوا بێنەوایە.»

کە دوو وشەی «گەدا و پادشا» دژ یەکی فەرهەنگی دروست دەکەن چونکە دووشەن هەر لە بنجدا، واتای دژ و پێچەوانەی یەك هەڵدەگرن.

۲۱- «ئەڕوا بە ڕێوە پای نییە، هاوار دەکا زمانی نییە، فرمێسك دەڕژێنێ چاوی نییە.»

لەم سێ ڕستەدا: جوانکاری واتایی چاو لەیەك هەیە.

لە نێوان «ڕۆین و ڕێ» و «هاوار و زمان» و «فرمێسك و چاو» پەیوەندییەکی لە یەك نزیك و بە یەکەوە گونجاویان هەیە.

۲۲- «دوو بەزەقی، دوو بەرەقی، چوار دەچەقی، دوو دەلەقی.»

لەم مەتەڵەدا (واجآرایی) دەنگەڕازە (Alitration) هەیە.

پیتی (ق) چوار جار. پیتی (و) حەوت جار. پیتی (ه) هەشت جار. دووبارە بوونەتەوە و مۆسیقایەکی جوانی لە نێوان پیتەکاندا پێك هێناوە.

سپاس و پێزانین:

ئەم بەڕێزانەی خوارەوە کە ناویانم هێناوە زۆر بە دڵسۆزییەوە یارمەتییان داوم. هیوادارم وێنەیان زۆر بێت.

- ✓ بەڕێز هاوڕێم ڕەحیم لوقمانی شاعیر و نووسەر بەسەر کتێبەکەدا چووەوە و لە ڕێنموونی دڵسۆزانەی کەڵکم وەرگرت و پێشەکی بۆ نووسیوە و منەتباری هاوکاری ئەوم.
- ✓ بەڕێز مەنسوور ڕەحمانی بە سەر کتێبەکەدا چووە و لە زۆر جێیان لە بۆچوون و ڕێنموونی جوان و دڵسۆزانەی کەڵکم وەرگرت.
- ✓ بەڕێز سەعید مەجیدی تەمەن ٧٥ساڵ شاعیر و وەرگێڕ، لێزان و نوکتەزان، قسەخۆش و مەتەڵزان دڵگەرمی دام و هاندەرم بوو.
- ✓ بەڕێز دوکتۆر سەید ئەسعەد شێخ ئەحمەدی لە ڕێنموونی جوان و دڵسۆزانەی کەڵکم وەرگرت.
- ✓ بەڕێز ئێقباڵ عەزیزی جێگری بەرپرسی ئاسەواری فەرهەنگی سنە لە کۆکردنەوەی مەتەڵی ناوچەکانی هەورامان و لوڕستان و کرماشان و لەکدا یارمەتی دام.
- ✓ سپاس و پێزانینم بۆ ئەو دڵسۆزانە کە چوومە ماڵیان و زەحمەتم پێیان داوە و سەریانم ئێشاند و

مەتەڵیان بۆم گوت و مەتەڵیان بۆ هێنام و لە کۆکردنەوەی مەتەڵەکاندا یارمەتییان دام هەتا هەتایە چاکە و پیاوەتییان لەبەر چاومە.

✓ خانم کولسووم عوسمانپوور شاعیر و لێکۆڵەر کە مەتەڵی هەورامی بۆ هێنام و چۆتەوە بەسەر مەتەڵە هەورامییەکاندا و هەروەها خانم قەمەرناز زاهێدی کە کتێبی بۆ هێنام.

✓ عەلی سۆرابی مامۆستای زمان و ئەدەبیاتی فارسی کە مەتەڵی ناوچەی سەقز و دەوروبەری وەکوو (میرەدێ، تەمۆغە، زیویە، سەرا، تیلەکۆ، سەرشیو) بۆ هێنام کە دەماودەم لە پیرەپیاوان و پیرەژنانی تەمەن ٦٥ هەتا ٧٥ساڵ بیستبووی و کۆی کردبووەوە.

✓ یەحیا لوتفوڵڵانەسەب مامۆستای بیرکاری کە لە بەشی مەتەڵی بیرکاریدا یارمەتی دام.

✓ مامۆستای پایەبەرز و دڵسۆز یووسف رەهنەموون تەمەن ٦٠ ساڵ و کاک ئەحمەد ناسرئابادی لە گوتن و کۆکردنەوەی مەتەڵی ناوچەی مەریوان و دەوروبەری یارمەتیمان دا و زەحمەتی زۆرم پێیان دا. هیوادارم تەمەنیان درێژ بێت و وێنەیان زۆر بێت.

✓ موستەفا تاهێری بەرپرسی ئاسەواری فەرهەنگی شاری مەریوان کە مەتەڵی ناوچەی هەورامانی بۆ هێنام.

✓ سالار کۆهزادی خوێندکاری زانکۆی ئەهواز و خانم ماندانا مەسعوودی خوێندکاری زانکۆی ئەهواز مەتەڵ لەك و لوڕیان بۆ هێنام.

✓ جەعفەر فەتاحی تەمەن ٤٠ ساڵ دێگولان و موحەممەدعەلی ئەحمەدی تەمەن ٤٢ ساڵ کە مەتەڵی ناوچەی لەیلاخیان بۆم گوت.

✓ عارف مەجیدی تەمەن ٧٤ ساڵ کە چەن مەتەڵ و موعەممای شوێشە و دەوروبەری بۆم گوت و تۆمارم کرد. هیوای تەمەن درێژییان بۆ دەخوازم.

✓ عەبدولوەهاب حوسەینپەناهی تازاوای قروچا تەمەن ٧٤ ساڵ خوێندەوار دانیشتووی شاری سنە مەتەڵی ناوچەی لەیلاخی بۆم گوت.

✓ ئیبراهیم حوسەینپەناهی خەڵکی تازاوای قروچا تەمەن ٥٠ ساڵ نەخوێندەوار دانیشتووی شاری سنە کە مەتەڵی ناوچەی لەیلاخی بۆم گوت.

✓ مەحموود ناسری گەزگەزارە تەمەن ٥٤ ساڵ نەخوێندەوار دانیشتووی شاری سنە، مەتەڵزان، نوکتەبێژ، قسەخۆش کە مەتەڵ و موعەممای ناوچەی لەیلاخی بۆم گوت و تۆمارم کرد و زۆر زەحمەتم پێدا.

هیوادارم تەمەنیان درێژ بێت.

- ✓ موحەممەد ناسری گەزگەزارە شاعیر دانیشتووی شاری سنە تەمەن ٥٨ ساڵ مەتەڵی ناوچەی لەیلاخ و چەم شاری سنە.
- ✓ حەبیبوڵڵا ئەحمەدی سرنجیانە تەمەن ۷٥ ساڵ مەتەڵی چەم شاری سنە.
- ✓ فەتحوڵڵا زەندی باخچەمریەم تەمەن ٦٥ ساڵ دانیشتووی شاری سنە مەتەڵی ناوچەی لەیلاخ و سنە.
- ✓ رەشید شوجاعی تەمەن ٥٤ ساڵ مەتەڵی ناوچەی سنە.
- ✓ سالح کەریمی تەمەن ٥٠ ساڵ مەتەڵی ناوچەی دیواندەرە.
- ✓ کەیۆمەرس موحەممەدی رەوانسەری شاعیر کە موعەممای ناوچەی رەوانسەری بۆم هەنارد.
- ✓ ئەڵماس ئەمانی تەمەن ٥٨ ساڵ نوکتەبێژ و مەتەڵزان مەتەڵی ناوچەی کامیاران و چەم شاری سنە.
- ✓ خانم شەهین جەواهێری بەرپرسی بەشی مرۆڤناسی دایەرەی ئاسەواری فەرهەنگی کرماشان.
- ✓ موحەممەدرەشید ئەمینی پاوە، شاعیر و لێکۆڵەر کە چەن مەتەڵی ناوچەی پاوەی بۆم هەنارد.
- ✓ تەوفیق بەهمەنی تەمەن ٥١ ساڵ مامۆستای بیرکاری قسەخۆش و نوکتەبێژ مەتەڵی ناوچەی لەیلاخ.
- ✓ خوشکی بەرێز سومەییە تەیووری کە کاری پیتچنین و رازاندنەوەی لاپەڕەکانی بەئەستۆ گرت و زەحمەتی زۆری کێشا.
- ✓ خێزانم بەهیە سەڵەواتی و منداڵەکانم وریا و نینا کە لە نووسینەوە و پاکنووسی مەتەڵەکاندا بە هانامەوە هاتن و یارمەتییان دام.

خوێنەرانی هێژا!

لەم فەرهەنگەدا لە برێ شوێن ئەگەر ویستبێتم ئاماژە بکەمە سەرچاوەیەك تەنیا لە یەك «پیت» کەڵکم وەرگرتووە وەك ئەوەی ئەگەر نووسرابێت «ئـ» مەبەست ئیبراهیم ئەفخەمی دانەری کتێبی ئەوە چییە؟ بووە یان لە شوێنێك نووسرابێت «ن.مەریوان» مەبەست ناوچەی مەریوان بووە.

کورتکراوەکانی هەمووی ئەو جۆرە وشانە لە خوارەوە نووسراون:

کورتکراوی ناو و سەرچاوەکان

١- ب: عەبدوڵڵا ئەیووبیان بەڕڕک

٢- ئـ: ئیبراهیم ئەفخەمی

٣- م.ئـ: مەحموود ئەحمەدی دێگولان

٤- هـ: هۆشیار نووری لەک

٥- فـ: فەرهەنگی زارەکی موکریان

٦- س.ئـ: سەدرەدین نوورەدین ئەبووبەکر

٧- ن.سەقز: ناوچەی سەقز

٨- ن.مەریوان: ناوچەی مەریوان

٩- ن.هەورامان: ناوچەی هەورامان

١٠- ئەردەڵانی: ناوچەی لەیلاخ و سنە

١١- ن.جوانڕۆ: ناوچەی جوانڕۆ

١٢- ن.پاوە: ناوچەی پاوە

١٣- لوڕی: لوڕستان

١٤- لەکی: لەکی

١٥- کرماشان: کرماشان

١٦- موکریان: موکریان

١٧- کـ.ژ: کرمانجی ژووروو

بەشی یەکەم

ئـ

١- ئەو پیاوە کێیە کە دایك و بابی نییە. ٢- بپرسن لە عەقڵ بەسەران/ بەرخ مێیە و دایك بەران. ٣- دنیا بە چەرخ و فەلەك تەگەڕێ/ بەرانە و دایکی مەڕێ. (ف.١١٣) ٤- سێحەبی وەلەدەو، لە دایك و باب بە وەلەد نەبووە. (ف.١١٣) ٥- هەر لێرە تا مازندەران/ بپرسن لە عاقڵ بەسەران/ بەرخ مێیە و دایك بەران. (ف.١١٣)	ئادەم
چارەکەیکم هەیە گۆشاوگۆش، پڕە لە کاژیلە گۆش. (ن.سەقز)	ئاسمان و ئەستێرە
١- ئەگەر عەقڵت هەس و عەقڵت ها پێوە!/ پیرۆزەس و سێ شتی ها پێوە. (ئەردەڵانی) ٢- چارۆکەیەك چوار گۆشە/ پڕییە لە وردەپێشە. ٣- لێفە شڕێك بە حەواوە، بە هەزاران پینەی لێدراوە. (هـ.٤٧)	ئاسمان و ئەستێرەکان و مانگ
تەختی شینە پاشای زێڕین. (س.ئـ.)	ئاسمان و خۆر
بەحری شینە، دوو پاپۆڕی لێدا بە زینە، یەك ئەسپە یەك مانییە. (هـ.ن.١٠)	ئاسمان و ڕۆژ و مانگ
١- بەحرا شینە، ئاڤتێ نینە، دوو مار تێدا خشینە، ئێك هەسپە، ئێك ماهینە. ك.ژ (س.ئـ.٥٤) ٢- بەحری شینە/ دوو پاپۆڕی لێ دابەزینیە/ یەك هەسپە، یەك مایینە. (س.ئـ.١١٩)	ئاسمان و مانگ و خۆر
سوور دەکرێتەوە، کەچی ناخورێ. (هـ.٣٤)	ئاسن
هندی بکەنێ تژی نابت، هندی بدەنێ تێر نابت. ك.ژ (س.ئـ.١٧٩)	ئاش - مقەس - ویستەکانی مرۆڤ
ئەوەڵەکەی چێشتی ئێرانە، دووەمەکەی سەرمایەی ژیانە. (ن.سەقز)	ئاشکار
١- ئەسپە ڕەشەی بەر تاوان/ ڕۆژی دەخوا چل مەن دان. (ف.١٦٥) ٢- ئەسڵی لە شاخانە/ ڕزقی لە ماڵانە/ ئاوی لە چۆمانە. (ب.٧) ٣- باڵی لە شاخانە/ ئاوی لە چۆمانە/ خواردنی لە ماڵانە. (ف.١٥١) ٤- چوومە سەر بەردێ/ ڕوا نیم لە زەردێ/ دارێ بە چەپۆك بەربووە لە بەردێ. (هـ.١٩) ٥- کەوێ لە بنە دەوێ ئەقروسکێنێ دانی ئەوێ. (ن.مەریوان) ٦- لە جۆزەردان، لەبەر دەردان، چوومە هەردان، ئەبینم هەردە چەپۆکی لەسەر بەردە. (ن.مەریوان)	ئاشی ئاو
ئەوە چییە کە شەو و ڕۆژ دەستی نیاگە کەمەری و وەستاوە؟ (ئەردەڵانی)	ئافتاوە
برامە و باوکیشم یەك کوڕی هەیە. (ن.مەریوان)	ئافرەت
گایان کوشت بە پاییزێ، کەوڵیان کرد بە بەهارێ. (هـ.٤٤)	ئافرەتێك بە ناوی بەهار کەوڵی کرد
گای ڕەش لە پێشەوە، گای سوور لە پشتەوە؟ (س.ئـ.١٥٢)	ئاگر و دووکەڵ

١- ئاو بخواتەوە ئەمرێ. (ئەردەڵانی) ٢- بابی پۆڵایە و دایکی سەنگی خار/ عەولادیان دەبێ وەك دەنکی هەنار/ فەقیر و هەژار پێی دەکەن ڕەفتار. (ف.٤٢) ٣- خواردنم بدەی دەژیم، ئاوم بدەی دەمرم، من کێم؟ (هـ.٢١) ٤- دا ژار، باوە ژار، کورە مایژە ناچیو دانکەی ئەنار. (لەکی) ٥- لە دوور دێ لە دوور دێ قەڵەم و کاغەزی سوور دێ. (هـ.٤٨) ٦- نۆکەرێکی باشە، ئاغایەکی خراپە. (ن.سەقز)	ئاگر
گای سوور گای ڕەش دەر دەکا؟ (ب.١٨)	ئاگری تەندوور
١- ئەڕوا قاچی نییە، ئەیخۆی گۆشتی نییە. (ن.سەقز) ٢- ئەڕۆی و پای نییە ئەخورێ گۆشتی نییە؟ (ئەردەڵانی) ٣- ئەگاتە گشت شتێك، گشت شتێك ئەخوا، گەیشتە خۆی ئەمرێ. (ف.٢١٩) ٤- ئەوە چییە کە هەرچێ ئەچێ بە ڕێگا، ماندوو نابێ؟ (ئەردەڵانی) ٥- بە شەو و ڕۆژ ئەڕوات و قەت شەکەت نابێ؟ (ئەردەڵانی) ٦- دەبارەدار، هەڵدەگرێ، بزمارێك هەڵناگرێ. (هـ.٢٤) ٧- دەخورێ گۆشتی نییە هەڵدێ لاقی نییە. (ب.١٣) ٨- دەڕوا پێی نییە، دەخورێ گۆشتی نییە. (هـ.٢٥) ٩- سوار دای لە بوارێ بوو بە هەزارێ. (ن.سەقز) ١٠- هەر ملۆ راوە، مەدیو دماوە. (هەورامی)	ئاو
بێ ڕەنگ و بێ بۆنە، مرۆڤ بیەوێ چۆنە. (هـ.ن.٨٠)	ئاو و هەوا
١- ئەو تاقە دەکا، ئەو تاقە دەکا، چاو لە هەموو کەس دەکا. (هـ.٤) ٢- ئەو شتە چییە پێت دەڵێت سەیر کە با پێت بڵێم. ٣- بینە تاقەوە، چاوت لێ ئەکا زاقەوە. (ن.مەریوان) ٤- سەیری خەڵکی دەکات، درۆ لەگەڵ کەس ناکات. (هـ.٣٤) ٥- نیامە تاقەوە چاوی چووە زاقەوە. (ن.مەریوان) ٦- هەموو شتێك دەبینێ، چاویشی نییە. (هـ.٥٤)	ئاوێنە
قەڵای گۆشتین، پلیکان ئاسنین. (ئەردەڵانی)	ئەسپ - ئاوزەنگی
ڕەقە بە ڕەقەی دەکەوێ سوورە بە نەرمەی دەکەوێ؟ (س.ش.١٥٢)	ئەستێ و بەرد و ئاگر
ئەوە کێیە ئەستێرە بە شان هەر دەگەڕێ. (هـ.ن.٤٠)	ئەفسەر
چل تاق، چل نیم تاق، چل حوجرە، چل چراخ؟! (لەکی)	ئەنار - هەنار
تێنانی سوننەتە، لەقاندنی واجبە؟ (هـ.١٦)	ئەنگوستیلە
کێ بە یەك چاو سەیری دۆست و دوژمنی دەکات. (ن.سەقز)	ئەو کەسە چاوێکی نییە

بە ناوی خودا (بسم‌الله) و لە کۆتایی نان خواردنەکەش دەڵێن: سپاس بۆ یەزدان (الحمدالله). (س.ئـ.١١١)	**ئەوە چییە سەری نانی بنی نانی لە سەرەتای نان خواردن دەڵێن**
کاردێکم هەس قەت کول ناوێ. (ئەردەڵانی)	**ئیزرائیل**
هەر کە بە تەمای حەسناڵی بێ کەرگەل پشتەڕێژە، هۆرگەل خاڵی بێ. (ئەردەڵانی)	**ئینسانی بێبەرنامە - تەمەڵ**

ب

با	١- ئەڕوا لاقی نییە، ئەفڕێ باڵی نییە، دەنگی هەیە و ڕەنگی نییە. (ف.١٠) ٢- بێ ڕەنگە، بێ مەرگە، بێ دەنگە؟ (هـ.ن.١١) ٣- خنجەری لێ دەکون نابێ/ ئاوی پیا کەی تەڕ نابێ. (ف.١٠) ٤- دەنگی هەیە، ڕەنگی نییە/ بە مقاش بیگری گۆشتی نییە. (هـ.٢٥) (ئەردەڵانی) ٥- دەنگی هەیە و ڕەنگی نییە فڕێ دەدا دەستی نییە. (ب.١٣) ٦- دەبیڕی و نایبینی؟ (س.ئـ.١٢٣) ٧- نە پێی هەیە نە پانی، بە دەرگای هەموو ماڵان دەزانی. (هـ.٥٤) ٨- نە دەسی هەس نە پا، هەواڵ بۆ هەموو جێگایەك ئەبا. ٩- هەر دەڕوا و سێبەری نییە؟ (س.ئـ.١٢٣)
باران	١- ڕەحمەتێکە خەلق بۆی ئەپاڕێتەوە/ کاتێ پێی ئەدەن، خۆی ئەشارێتەوە. (ئەردەڵانی) ٢- شتێك هەیە ڕەحمەتە، خەڵك پێیان زەحمەتە. (هـ.٣٩) ٣- من کێم، ئەگەر نەیەم، داوام دەکەن، ئەگەر بێم لەبەرم را دەکەن. (هـ.٥٠)
بارین و مانەوە و توانەوەی بەفر	دهێت شێرە، رووێت میرە، دچێت ئەبداڵ و ئێخسیرە؟ ك.ژ (س.ئـ. ١٢٥)
بانگ	فەرزی بێ نوێژ. (ن.مەریوان)
بانگردین - بانگلێر	١- بەگزادەی هەڵدەن، جووتی خاڵی ها لە گەردن. ٢- تووتەخڕە و سەر و بانێ مێ شوێنترە سەرمەقولانێ. (ن.هەورامان) ٣- جەنازەکەفتن دەر دەشت هاموون بێ سەر و پا بێ و گۆشت و بێ خوون. (لەکی) ٤- کەرۆ، کەرۆ، کایی دکەم بە زۆ، هێدی هێدی دیچمی وەڕۆ؟ (هەورامی)
باوك، کوڕ، کوڕەزا	دوو باوك و دوو کوڕ لەگەڵ یەکدا چوون بۆ سەفەر کاتێ هاتنەوە سێ کەس بوون؟
باوکە ئادەم، حەزرەتی عیسا	پیاوێك لەدایك نەبووە، مردووە، یەکێکیش لەدایك بووە، نەمردووە. (هـ.١٤)
باوی - بادام - چەقەلە	هۆڤە هەستی، ویڤە هەستی، دناڤدا سەکر و بەستی. ك.ژ (س.ئـ.١٩٦)
باینجان	١- بە سەر سەوزم، بە لەش ڕەشم/ لە ناو دڵدا سپی و گەشم، دە بزانە لە کام بەشم. (هـ.ن.١٠) ٢- سەری ببڕی خوێنی نایە. (ن.مەریوان) ٣- لە سەری ڕەشە/ لە ناودا گەشە؟
برنج	پێنج مانگ بەحرییە، بە خۆی حاکمە، بەرگی بووزینە. (هـ.١٤)
برووسك	دوور هات دوور هات، قەڵەم و کاغەزی سوور هات. (هـ.٢٤)
بز - بزن	چوار دەر زەمین، دوو دەر هەوا هەی خەربزە هەی خەربزە. (لەکی)
بزمار	ئەوە چییە تا نەیتە تەوق سەریا کار ناکا؟ (ئەردەڵانی)
بزن مژە	هەتیوەکەی هەقڵی مەقۆ، سەر باریکەی ورگ مەشکە دۆ. (ن.مەریوان)

سوخمەی ئاڵ، تێدایە دوو پرتەقاڵ، دەستی بۆ یەکیان برد، هاواری کرد: دایە گیان! باوکی بۆم هات بە گۆچان؟ (ف.٢١٩)	بەرۆک
دێ حوکمە خودا و زۆر بەنە، شیر وەکۆڵ شیر موغلی بەنە. (لوڕی)	بەرد - کوچکی ئاسیاو
خورییە پیرە مەڕێ/ دەتنێم لە بن بەڕێ/ لە بۆ ڕۆژی خێر و شەڕێ؟ (هـ.٢١)	بەرماڵ
کراسی یەک تەقە، کڵاوی سەر ڕەقە، بۆ خواردن هەقە؟	بەڕوو
١- ئاردی بێژراو، هێلەک نەدیتوو. (هـ.٥) ٢- ئاردی تەقیاگ، هێلەک نەدیگ. (ئەردەڵانی) ٣- ئاردی خووساو، ئەسوێلک نەدیتوو. ٤- ئەگەر دێ گەدایە/ دادەنیشێ پاشایە/ کە دەڕوا بێنەوایە؟ (هـ.ن.٤٠) ٥- بە خاوێنی ئەبێ و بە پیسی ئەمرێ. ٦- پلکەقازی لە هەورازی، لۆ دەنازی. (هـ.١٤) ٧- شتێك هەیە، بیخە سەر ئاگر نامێنێ. ٨- قەسری سپی ڕێ لە کاروانێ دەگرێ. ٩- کاوڕکوڕێ، گیای لە وڵاتی بڕی؟ (س.١٢٥) (ن.مەریوان) ١٠- کوڕ ئاوە لە ئاو دەخنکێ. (هـ.٤٣) ١١- هاتە خوار بە خشەخش مامە گەورەی ردێن فش. (موکریان)	بەفر
مانگا گەڵواخی نە گەڵێ هەس نە گوان، شیر ئەپەڕێنێ ئەم بان و ئەو بان. (ن.سەقز)	بەفر و باران و تەرزە
لە ناوێدا دەژەی هەر دەم تینییە (تینووە) لە ئاوی دەربێ پێی نییە، تێر ئاو بخواتەوە مردییە؟ (س.ئـ.١٨٤)	بەلەم - گەمی - کەشتی
ماری تۆپیو لە دوو کونا سەر تێرێتە دەرەو. (ن.مەریوان)	بەنەخوێن - هۆجەنە
سێ بێ، سێ زەردەبێ، چوار هەنار، سێ ژەهری مار. (ئەردەڵانی) (موکریان) (هـ.٣٦)	بەهار - هاوین - پاییز - زستان
١- ئەسپی ئاما بە لەنگەلەنگ، چێش پەنەن هەزار ڕەنگ. (هەورامی) ٢- بازرگان هات بە لەنگەلەنگ، کوتاڵی هێنا لە هەموو ڕەنگ. (س.ئـ.١١٩)	بەهار و گوڵ
دار بییە. (ئەردەڵانی)	بی تەڕ تاڵە
١- ئەوە چییە بەناوهێنانەکەی ئەشکێ. (ن.مەریوان) ٢- چییە هەر کە ناوت برد ئەشکێ؟ (ئەردەڵانی)	بێدەنگی
هەتا بیبڕی هەر درێژ دەبێ. (ف.٥١١)	بیر
هەتا لێی لابەی گەورەتر ئەبێ. (ن.مەریوان)	بیر - چاڵ
ئەمە چییە لە بنەوە پڕ ئەبێ و لە سەرەوە خاڵی نەبێتەوە. (ن.مەریوان)	بیر - چاڵاو
١- ئەم لای دارە ئەو لای دارە/ ناوەندی خڕخڕەی گوێ بە گوارە؟ (هـ.٥) ٢- ئەمە چییە چی بە چییە، لە نەتەوەی قەرەچییە. (ن.مەریوان) ٣- ئەوە چییە هەتا لێی نەدەی هەڵناپەڕێ.	بێژنگ

ئاسیمو کوشگە بەرفی وەن. (لوڕی)	**بێژنگ کردن**
لە ئاسمان تەبەق تەبەق/ لە ئەرزی کوچك و کەڵەك. (ب.١٩)	**بێستان**

پ

چتێکم هەس چەتانی، ها لە ناو بوخچەی سوڵتانی، ناوی ئەخۆی یا دانی؟ (ئەردەڵانی)	پاشماوەی پێخۆرە کە لە رێڵەخۆ ئەچێتە دەرەوە
هەڵئەچێ، دائەچێ بە قەو خۆتا ئەچێ؟ (ن.سەقز)	پانتۆڵ - شەرواڵ
ناوی شارێکە، لەسەر دارێکە؟ (ئەردەڵانی) (ن.سەقز)	پرتەقاڵ
١- بنی دەڕوا، سەری نارەوا. (هـ.٨) ٢- چشتەك هەیە هەموو چشتەکی بە بندا دەڕوا.	پرد
لە دار ئەکرێ لە بەرد ئەکرێ وەکوو ئەسپ زین ئەکرێ؟	پرد - دارقالی
١- ئەی تاقەکە، ئا تاقەکە باو میردی چیم زاغەکە؟! (لەکی) ٢- هەل هەلە، سمێل بەلە، وێ دگەڕێت لسەر تاقێت کودەلا؟ ك.ژ (س.ت.٢١٨)	پشیلە - کتك
چییە هەتا ئاسمان نەگرێ فرمێسکی نایەتە خوار؟ (ئەردەڵانی)	پلووسك
سەر سوڕنا، قنگ شمشاڵ. (ن.مەریوان)	پووش بە قنگە - سنجاقەك
١- ئەسپی سپی چەپەرخان خۆش خۆش دەخوشی بۆ دیوان. ٢- ئەسپی شێی کەفەڵپان، دەگەڕێ لە هەموو دیوان. ٣- شتێکم هەیە لەو شتانە، هەڵێنەگرم بۆ رۆژی تەنگانە. (هـ.٤٠) ٤- مامرە کوڵەی مەریوان خۆش خۆش ئەچی بۆ دیوان. (ئەردەڵانی) (ن.سەقز) ٥- نە پیی هەیە نە پانێ بە هەموو ماڵان دەزانێ. (ب.١٢) ٦- هەپلەمچە هایلەمچە، هەزار مێرد دەکات، هەر کچە. (ن.سەقز)	پووڵ - پارە
ئەگەر عەقڵت بێ عەقڵ بەهەشتە، شەش پەڕ و دوو شاخ پەپوولەی دەشتە. (هـ.٦٠)	پەپوولە
دندووکی قەڵەم، سەری مارە، ژێر سکی بەرخە، پشتی کارە. (هـ.٢٤)	پەرەسێلکە
جۆ خنیا لە پشتا بانی، کا چێترە ل دانی؟ ك.ژ (س.ت.١٩١)	پەمۆ - پەمۆوانە- لۆکە
پەنج فریشتە ئاهووی یەك رەنگ، بردنە بان سارای سفی رەنگ، ئاهوو دوو شاخی هاوە سەرەوە، بان شاخەکانی بە گەوهەرەوە. (ن.سەقز)	پەنج ئەنگوستی دەس - کاغەز - قەڵەم
ئەوە چەس پەنج نەفەرن، ئەکەفنە شوێن رانێك و دوو نەفەریان ئەیگرن. (ئەردەڵانی) (ن.سەقز)	پەنج ئەنگوستی دەس
زیندوو، مردوویێك رادەکێشن، زیندوو بێ دەنگن، مردوو دەدوێنن؟ (س.ت.١٤٩)	پەنجە و قەڵەم
ماڵێکە بانێکە پەنج بزن و شوانێکە. (ئەردەڵانی)	پەنجەی دەس
پینەچییەکی دەست رەنگین، هەشت پیتە و دە نوختە نووسین، دەزگایەکی پێویستە بۆ ئۆتۆمبێل و ماشین. (هـ.١٤)	پەنچەرچی
١- ئەوە چییە باڵدار و بێ پایە/ کار نەکا وەلێ حاسڵی بایە. (ئەردەڵانی) ٢- بە سێ براوە قاچێکیان هەیە. (هـ.ن.٩) ٣- سێ بران و بە دوای یەکترا هەڕا ئەکەن و هەرگیزیش بە یەك ناگەن؟	پەنکە

١- ئەوە چییە سەری ئەبڕن و بۆی ئەگرین. ٢- پڕ بە دەست دەیگری، دوای سەری ئەبڕی، هەر بۆ خۆت بۆی دەگری. (هـ.١٤) ٣- تۆ سەرم بە چەقۆ دەبڕی، کە دەمرم لە تەکما دەگری؟ (هـ.١٦) ٤- خاڵی منێ ئەسکەندەر، حەفت کراسی لەبەر. (هـ.٢٣) ٥- سەد قووتی ناو یەك قووتی. (هـ.٣٥) ٦- بێ مری مرۆڤی ب گریان بەرددەت. ك.ژ (س.تـ.١٩٣)	**پیاز - پیواز**
١- پیرەژنی حەفت کراس لەبەرە، هێشتا ئەیژی سەرمامە؟ (ئەردەڵانی) ٢- چرمییە چیو شیر، سفتە چیو پەنیر، سەوزە چیو گیا؟! (لەکی)	**پیشۆك**
بانگ دانە. (هـ.١٤)	**پێنج فەرزی بێ بیسمیلا**

ت

نە قازە نە بازە، بولبولی خۆش ئاوازە؟ (ئەردەڵانی)	تار
دەه برانە، تینە دەشتێ، هەر تیکی فەرشەکێ لە پشتی. ک.ژ (س.تـ. ١٣٥)	تبل – قامك – ئەنگۆست – پە نجە – نینۆك
١- ئەیکوتی بە زەوینا ناوی خۆی ئیژێ. (ن.مەریوان) ٢- داکەفێ ناو خۆی ئەیژێ؟ (ئەردەڵانی)	ترپ
شیرینە و تورش دەبێ، بە تورشی شیرین دەبێ. (ب.١٦)	ترێ – قۆرە – سرکە
١- رۆڵەی شیرین و شەوێڵە، دایکی چرچ و چەوێڵە؟ ٢- هەزار بۆ هەزار، مردوو بۆ مردار، ئەمە چییە کوڕ باوکی حەوت ساڵە بۆ شار. (ن.سەقز) ٣- هەزار بۆ هەزار ئەچێ، مردوو بۆ مەزار ئەچێ، چ کوڕێ باوکی حەوساڵە بۆ شار ئەچێ. (ن.سەقز)	ترێ – هەنگوور
١- بە بەرخی سپییە، بە شەکی سوورە، بە مەڕی رەشە؟ (هـ.ن.١٠) ٢- بە جاهێڵی سپییە، بە پیری ریشی رەشە؟ (هـ.ن.١٠) ٣- بە منداڵی سپییە، بە گەنجی سوورە، بە پیری رەشە؟ ٤- لە دار دەکرێ، لە بەرد دەکرێ، وەکوو ئەسپ زین دەکرێ. (هـ.٤٨)	ترێ رەشە – هەنگوورە رەشە
حەفتا و دوو دەرد دەوا ئەکا و خۆی دەوای نییە. (ئەردەڵانی)	تریاك
١- باوکی پۆڵایە، دایکی ئاسنە، بێچوویان دەبێ وەك دەنکی هەنار. (هـ.٨) ٢- بە بن ئەخوا، بە زوان ئەکا. ٣- بەرز و باریکە، تۆڵە و تاریکە. ٤- بێ گیانە لە گیانداری دەگەڕێ. ٥- بێ گیانە و بە شوێن گیاندارا ئەگەڕێ. ٦- پەنج پەنجەی عەلی، وا بەستە بە دار، باوکی لە پۆڵا دایکی لە مەغار، بەچکە هەڵتێری وەك دەنکەی هەنار. ٧- تانجی رەشەی دەم هەراشی، خێو و خاوەنی ناناسی. (ب.٩) ٨- تیل تەری و بن مری، ئەرا رۆژ خەیر و شەری؟! (لەکی) ٩- رێی باریکە شەو تاریکە، بۆ خۆم ناوێرم ئەتۆ دەنێرم؟ ١٠- زەردی زەردان، لە بن بەردان، ئەڵقەی شێران، گوێی نامەردان. (هـ.٣٢) ١١- قەبری تەنگە و تاریکە، لەیلێ بەرزە و باریکە. (ن.هەورامان) ١٢- کۆلەوەژی گیان کێشانی، دۆست و دۆژمن نازانی. (ب.١٧) ١٣- گا رەشی ئەحمەدخان دەنگی گەییە ئاسمان. (ن.مەریوان) ١٤- گا رەشی مام وسمانی، دەنگی دەگاتە ئاسمانی. (هـ.٤٤) ١٥- مردووی دەنگ گەورە، برووسکە و هەورە. ١٦- میمکە مەتێ لە کونا دەرتێ/ سی و سێ نەفەر دەرەقەتی نەتێ. (ئەردەڵانی) (ن.مەریوان)	تفەنگ

١- ئەوە چییە، تۆ دەیبینی، ئەو تۆ نابینێ، ئەو قسە دەکا، تۆ قسە ناکەی؟ (هـ.٧) ٢- ئەوە چییە دوو شاخ و یەك چاوی هەس و گشت ئەیبینن؟ (ئەردەلانی)	تلویزیۆن
١- چییە ئەو شتە بە بێ دەس و پا/ ئەڕوێ لە زەوین، ئەفڕێ لە هەوا. (ئەردەلانی) ٢- هەڵدەپەڕی قەلانی/ نە پێی هەیە نە پانی.	تۆپ و هاوەن
کارت پێی بێ فڕێی ئەدەی، کارت پێی نەبێ هەڵیئەگری؟ (س.ئـ.١٨٠)	تۆڕی راوەماسی
قوڵنگە لووتە و شەش باڵە/ دونیا لە چزەی بە ئاه و ناڵە. (ئەردەلانی)	تۆفانە - مێشوولە
خۆی دەسی هەیە، مناڵەکانی نیەتی. (ن.سەقز)	تونگ و لێوان
١- بۆ خۆی سەخت و چەوێرە، رۆڵەی شەڕ و نیوەشەڕی. (ب.٨) ٢- لە وشترێ بوڵەنترە، لە شەکەرێ شیرینترە، لە هەرزەنێ وردترە.	توو - ترێ - هەنگوور
زەردی زەعفەران باری حەوت وشتران بردیان بۆ کافران؟	تووتن
١- چەرمگە پەنێر نییە، کلکی هەس مشك نییە. (ئەردەلانی) ٢- سەری سەوزە، بنی سوورە. (هـ.٣٦)	توور - تربچە
هەتا بیخۆن زۆرتر دەبێ؟ (س.١٩٥)	تۆوی گوڵەبەڕۆژە
١- سواری شەش رکێبان. ٢- هەڵدم بڵدم شەش پا و دوو سم. (ئەردەلانی) (ن.مەریوان)	تەرازوو
١- تانجییە زەردەی هەیاس خان/ شیر ئەپەڕنێ بانەوبان. (ئەردەلانی) ٢- ریش ئیسبی بازی، ئەر سەرێ مازی، سەما ماو وازی. (لوڕی) ٣- سەری سپییە و مووی نییە، هەڵدەپەڕی و پێی نییە. (هـ.٣٥) ٤- سەنگەنە (زەنگەنە) گڵ هەڵکەنە؟ (هەورامی) (س.١٢٥) ٥- کڵاوی قازی، لە ناو دەزی، هەڵدەبەزی. (هـ.٤٢) ٦- لێرەڕا هەتا پردێ باسا، زرینگ و هۆڕی داسا؟ (س.١٣٠) ٧- ماین چەرمۆ هەسەن خان/ شیر ئەڕژنی بان و بان. ٨- هانییە و مانییە، پەڕەسێلکەی کانییە، رێگری کاروانییە؟ (س.١٢٥) ٩- هەر لێرە تا خوراسان، گشتی خرینگ و هۆڕی داسان؟ (س.١٢٥)	تەرزە - دڵۆپە
وەپا هەشت وەتەن سێ وە گیان دوو. (ئەردەلانی)	تەرم
١- سەری سپییە، حاجی نییە، لەشی کەسکە و سەیید نییە. (هـ.٣٦) ٢- سەری سەییدە، ناوەندی مەلایە، بنی سۆفییە؟ ٣- سەری لە ئەرزە، قاچی لە ئاسمان؟ (س.ئـ.١٩٢)	تەرەپیاز
١- بە دوانزە براوە رێڵەخۆیکیان هەس. (ف.٢٠٥) ٢- بە سەد و یەك برا یەك ریخۆلەیان هەیە. (ن.مەریوان) ٣- درێژە وەکی مارێ/ جووت جووت دێتە خوارێ. (هـ.٢٩) ٤- لە سەد و یەك خەڵکیدا/ مەلایەك و دوو حاجی تێدا. (هـ.٤٦)	تەسبیح

١- بان لە بان دارە، ئاسن جڵەودارە. (ن.مەریوان) ٢- چنارێکە، لەسەر چنارەکە، بانێکە لەسەر بانەکە گۆچانێکە. ٣- چێرش چنارا، سەرش خەرمانا. (هەورامی) ٤- دار لە بان دار ئاسن سووار. (ئەردەڵانی) ٥- دار لە داری/ پەتك هەوساری/ ئاسن لە زاری. (ب.١٢) و (ف.١٤٤) ٦- دارێکە و بانێکە و گۆچانێکە. (ب.١٢) ٧- هەتا بابیەی و بییەی بە رانا، قورستر ئەبێ؟ (ئەردەڵانی) ٨- هەتا بایدەی قورستر ئەبێ؟ ٩- هەشەکێنە، مەشەکێنە/ قول باریکە مل تەکێنە.	تەشی
تا سێ زرزرِ، دای لە بررِ، کۆڵەکەنەو بەغدا رەوی؟ (هـ.١٦)	تەلەفوون
١- چوار سەنگەر و نانێکی ئیعدامی؟ ٢- زیندوو هات بە فێڵ مردووێکی ناشت/ بەری دارەکەی ئادەمی لێ ناشت/ زیندوو بۆ خواردن هاتە سەر مردوو/ مردوو هەڵبەزی زیندوو پێوە بوو. (ئەردەڵانی) (ن.سەقز) ٣- مردووێ زیندوویەکی گرت، زیندوو هەڵسا مردووی گرت. (ئەردەڵانی)	تەڵەی مشك
زەرد زەعفەران نام لە وشتران ناردم بۆ کافران. (ف.٨٢) (س.ئـ.)	تەماکۆ
١- ئەگەر بروا، ناگەرێتەوە. (هـ.٥) ٢- تا گەورە بێ، بچووك دەبێ. ٣- تا لێی زیاد بێت کەم دەبێت.	تەمەن
سپێدی لسەر چارا دچیتە نیڤرۆ لسەر دوویا، ئێڤاری لسەر سێیا دچێت. ك.ژ (س.ئـ.١٣٨)	تەمەنی منداڵی و گەنجی و پیری
١- چاڵی بنی قیامەت تەرِ بە وشکی دەرنامەد. (ن.سەقز) ٢- دێمی سورخ و قیامەتە دێ دەر تنن و عەلامەتە تەر میرە خوشگ دەرمیا. (لوڕی)	تەنوور و نان
١- دارێکم دا لە دارێکی هەموو لەرزین بە جارێکی. (ب.١٢) ٢- سێ سووار لە بن سوارێکی ئەلەرزن. (ب.١٦)	تەون
١- سەگی هار پەڕییە بان دار، پەل و پۆی هێنایە خوار؟ ٢- وەرگی هار، پڕا دار. ٣- وەك گورگی هار، کەوتۆتە ناو دار. (ن.سەقز)	تەومر - تەور

١- ئەمە چییە کە لە کون دەردێ سێ سوار دەرەقەتی نەتێ. (ئەردەڵانی) ٢- هێلکەی ماتێ، لە کونی هاتێ، تیر نایگاتێ.	**تیر**
١- ئاگری نییە ئەتسووتێنێ، گیا نییە ئەتپیشینێ. (هـ.٦) ٢- دیوێکی تاریك تێیدایە موویەکی باریك. ٣- مامێکم هەیە وەلێ سەر بە کۆڵاناندا دەنێ. (ب.٢٠)	**تیشکی خۆر**

ج

دەفڕێ، باڵی نییە، دەتەنێ ژن نییە، سجن دەکا، حکومەت نییە؟ (هـ.٢٤)	**جاڵجاڵۆکە**
١- ها ئەکا هشتر، هشتر را ئەکا. (ن.سەقز) ٢- هەشت هەنگاوە، ناوی دارە، چوار چاوە، پشتی پیاوە. (ئەردەڵانی)	**جووت کردن بە گا**
دەلاق و شەش چاو، ناو قەددار و پشت پیاو؟	**جووت و جووتیار**
هێرڤەدار، هێرڤەدار سەیێ هار. ك.ژ (س.ئـ.)	**جوهنی**
شێوی زستانێ بەهارێ دەخۆم. (ب.١٦)	**جەژنی نەورۆز**
چوومە بان کێو، کێو دیار بوو، دەروازەی ئاسن کلیلی مار بوو. (ن.سەقز)	**جەهەننەم**
١- هەر دەڕوا و بەجێ دەهێڵی!؟ ٢- هەر دەڕوێی و لێت بەجێ ئەمێنێ.	**جێگەی پا - شوێن پێ**
گۆشتی لە دەر پێستی لە ناو، بەردی مەرمەڕ ئەکا بە ئاو. (ن.مەریوان)	**جیقڵدان - سیکەتۆرە - کوڵەزرگ**

چ

ئەسپە رەشەی چل قەمتەرە، هەر قەمتەری چل نۆکەرە. (هـ.٥)	چادر
ویلای پەرجان، وی لای پەرجان، دنیڤەکێدا مووی و مرجان؟ ك.ژ (س.ئـ.١٤٢)	چاڤ
ئەو شتە چەس لێ هەڵگری زیاد دەکات، ئەیخەیتە سەری کەم دەکات. (ئەردەڵانی)	چاڵ
هەتا بیبڕی پان ئەبێ/ هەتا هەڵیکەنی قووڵ ئەبێ.	چاڵاو – بیر
١- ئەستێرەی ناو مەنجەڵی، بە رۆژ لە دەری، بە شەو لە سەری. (ف.٢٩١) ٢- ئەم بەر پەرژین، ئەو بەر پەرژین، تێدایە دوو کۆتری نەخشین. (ئەردەڵانی) ٣- ئەم بەر پەرچین، ئەو بەر پەرچین، ناوەڕاسەکەی گەوهەری چین. (ئەردەڵانی) ٤- ئەو لای تاتە، ئەم لای تاتە، تێدایە دوو پور مەرجانە. (هـ.٥) ٥- ئێلاش پەرچین، ئۆلاش پەرچین، دیشەن گوڵیوی چین؟ (هەورامی) ٦- بە شەو وەك قیرە، تیژە وەك تەیرە، سپییە وەك شیرە. ٧- پێکەوە دەگرێن، پێکەوە دەجوولێن، لە یەکتری جودان. (هـ.١٤) ٨- تیژە وەك تەیر، رەشە وەك قیر، سپییە وەکوو شیر. (هـ.١٦) ٩- جووتێك گام هەیە هەموو دەشتان دەکێڵێ، پشت کێوان ناکێڵێ. ١٠- جووتێ گام هەیە دونیا ئەکێڵێ، بەڵام تەپە چکۆلە هەیە، نایکێڵێ. (ن.سەقز) ١١- چەرمگە وەك شیر، رەشە وەك قیر، ئەڕوێ وەك تیر. (ئەردەڵانی) ١٢- حەوزە قۆڵە، دەوری تۆڵە. (ئەردەڵانی) (ن.مەریوان) ١٣- دونیا ئەگەڕێ و لە ماڵ ناچێتە دەرەوە؟ (ئەردەڵانی) ١٤- دوو باز لە قەدچیان، بەرامبەر یەکن، بیانگرن دەمرن، بەریان دەی دەفڕن. (هـ.٢٥) ١٥- دوو بران، لە قەد چیان، بەرانبەر یەك نابینان، بیانگرن دەمرن بەریان دەن دەفڕن. ١٦- دوو حەوزم هەیە پڕ لە ئاوی گەش، لە ناویان هەڵکەوتووە دوو کەشتی رەش؟ ١٧- دوو شتن پێکەوە دەنوون، پێکەوە هەڵدەستن، پێکەوە دەگرین، پێکەوە پێدەکەنن، یەکتریش نابینین. ١٨- دوو گام هەیە دەشت و دنیایە دەکێڵی، تەپکەخریلیك نەبێ ناهێڵێ. (ب.١٢) ١٩- دوێ برایێما هەنێ، دیواری ئینا بە نیشانە. (هەورامی) ٢٠- رەشە خەڵووز نییە، سپییە بەفر نییە، لە بەحردایە ماسی نییە. ٢١- رەشە وەك سیر، دەڕوا وەك تیر. ٢٢- سپی وەك شیر ئەپەڕی وەك تیر. (ن.مەریوان) ٢٣- سپییە وەك شیر، ئەپەڕێ وەك تیر. (ن.مەریوان) ٢٤- کامە ئەو گوڵە لە باغا نییە/ بە رۆژ ئەشکۆفی بە شەو غونچەیە. (ئەردەڵانی) ٢٥- کانی نییە، ئاو دەدا، زۆریش قوت دەدا. (هـ.٤٣)	چاو

٢٦- کانی نییە و ئاو دەدا، چیا و زەویش قووت دەدا؟ ٢٧- کێوێك دوو بازی پێوە، قەت بە یەك ناگەن. (هـ.٤٣) ٢٨- هەم زەڕەبینە، هەم دوور ئەوێنێ/ هەر کەسێ نەیبێ ماتڵ ئەمێنێ. (ئەردەڵانی)	
١- ئەوە چییە بیقووچێنی مشتێکە، کە بەریدەی دەشتێکە؟ (ن.سەقز) ٢- بیگری پڕ دەشتێکە، بەریدەی پڕ دەشتێکە. (ئەردەڵانی)	چاو – نەفس
سێیە چی زوخاڵ ئەسبێیە چی شیر، حەلە چی کەمو، خێڵێنەنە چی تیر. (لوڕی)	چاو و ئەبرۆ
یەکەم شت کە لە خەو هەڵدەستی چی دەکەی؟ (هـ.٥٩)	چاوکردنەوە
سواری کەپۆیە، دوو گوێیە، چاوی لە تۆیە. (هـ.٣٤)	چاویلکە
چۆن دەستت دەخەیتە ناو پیاڵەیەك چای و دەستیشت تەڕ نابێت؟	چای وشك
١- ڕەشە و گەرمە و تەڕە و تاڵە؟ ٢- لە دەشتا سەوزە، لە بازاڕا ڕەشە، لە ماڵا سوورە. (ئەردەڵانی) (ن.مەریوان)	چای
١- ئاڤە، ئاڤ نییە، ناڤدا ماری مرییە، سەروا قەسری زێرییە؟ ك.ژ (س.ئـ.٨) ٢- تلمسکا ترێ خانی (دونیا) تژی کری؟ ك.ژ (س.ئـ.١٦٠) ٣- مرخ پا زەڕین پاش و نام ئاو و شوو مەکاکان و ڕۆژ مکی خواو؟! (لەکی)	چرا – گلۆپ - هەیڤ
١- بابی پولێکە، پڕ مشتێکە. (هـ.ن.١١) ٢- بە قەد مشتێکە، پڕ بە ژوورێکە. (هـ.ن.١١) ٣- بیرێکم هەیە، دەریایەکی تێدایە، گوڵێکی گەشی بە دەمەوەیە؟ (هـ.ن.١٠) ٤- حەوزێکم هەیە، مارێکی تیایە، مارەکە لە حەوزەکە ئەخوا و حەوزەکە لە مارەکە. (ن.سەقز) ٥- کاکە عەلی وەتاو، وەپای زەڕین نیشتە بان ئاو. (ئەردەڵانی) ٦- کلکم هەیە، مارێکیشم هەیە، حەوزێکم هەیە. (ن.سەقز) ٧- لە سەرەوە گوڵە، لە بنەوە کانیێکە مارێکی تێدایە.	چرالامپا
ئەوە چییە سێ چاو و پایەکی هەیە. (ن.سەقز)	چرای هات و چوو
شەق لە دیوار. (ن.مەریوان)	چلم
سەر لە زەوی، پا بەرەو ژوور، کەوای سەوز و مێزەرەی سوور. (ئەردەڵانی)	چۆنەر
سێ بەی، سێ زەردەی بەی، سێ هەنار، سێ ژەهری مار. (ب.١٥) و (هـ.٣٦)	چوار وەرزی ساڵ
منداڵی و جحێڵی و پیری، مردن و تەمەن منداڵی.	چواری لێ دەبێتە دوو، دووی لێ دەبێتەوە سێ، دووری لێ نزیك دەبێتەوە و نزیکی لێ دوور دەکەوێتەوە
وەك گوڵی کراوە وایە، کە باران دەبارێ دەکرێتەوە. (هـ.٥٩)	چەتر

١- ئەوە چییە بەرزی ئەکەیتەو یەك پای هەیە، دایئەنێی سێ پای هەیە. (ن.سەقز) ٢- چییە کاتێ دانیشتگە سێ پای هەس، وەختێ هەڵئەسێ دوو پای هەس. (ئەردەڵانی)	**چەرخ فەرغون**
قووڵە وەك بیر، رەشە وەك قیر. (ن.سەقز)	**چەکمە**
١- بەگزادەی جلك بووزی. (هـ.ن.١١) ٢- سەر لە زەوی، گوڵ لە حەوا، ناوی نوقڵە و بەرگی تەڵا؟	**چەڵتووك**
جاجمە سەوزە، لە گوێی حەوزە، نە قەوزەیە، نە پیرۆزە. (ئەردەڵانی)	**چیمەن - گیا**

ح

١- دوو سوار هاتیە، ئەی تنگی توە، هلهلە مەکەن لقامان چوە. (لەکی) ٢- لە ئاسمانی تەبەق تەبەق، لە سەر عەرزی کوچك و کەڵك، بەخێر هاتی عەبا بەڵەك؟ (ئەردەڵانی) ٣- هەلەق و مەلەق دندووك لەق لەق، کیسە و کەمەر یا پێغەمبەر. (هـ.٥٧)	**حاجی لەق لەق**
ئەوە چییە لە ئاسمان دەبینرێ، لە زەوی نابینرێ. (هـ.٦٠)	**حەرفی (س)**
چناری بێ سایە. (ن.سەقز)	**حەزرەت موحەممەد (ص)**
پیرە بابی مردی، منداڵان سەر پێ کردی؟	**حەماڵ - کاریتە و دەستەك**
ناڤی رۆژە، ناڤە شەوە، حەوت برا پەی هەڤ دەرەڤی. (س.١١٩) (کرمانجی)	**حەوت رۆژی حەفتەیەك**

خ

هەکاکان رەنگی، مەکاکان رەنگی، حەڵقەداسە وە دەور دلیای دوو رەنگی؟! (لەکی)	خا - هێلکە
سێ شەش و سێ چوار، لەودوا بەهار، شەشی بایە و شەشی بۆرانە، شەش سێوەری ژێر دارانە. (ئەردەڵانی)	خاکەلێوە
١- پاییز لە من هەشتی تێدایە، هاوین شەشی تێدایە، بەهار یەکی، ئێستا بێژە من چیم؟! (ئەردەڵانی) ٢- هەفتە سێی هەیە، مانگ یەکی هەیە، ساڵ هیچی نییە. (هـ.٤٦)	خاڵ - نوقتە
لە دایکتە، لە باوکتە، نە خوشکتە، نە براتە. (هـ.٤٧)	خۆت
١- تشتەکە، ژ جهێ خۆ نایڤیت و ل هەمی عەردا دگەڕییێت. ك.ژ (س.ئـ.١٢١) ٢- دارەکەی سەر تەجەرە/ هەر پەلێکی سەد خنجەرە. (ئەردەڵانی) ٣- مەلەکەی سەر تەجەرە/ هەر پەلێکی سەد خنجەرە. (ئەردەڵانی)	خۆر - هەتاو
١- ئەوە کام تاریکەشەوە لە نیوەڕۆدا ئەبینری؟ (ئەردەڵانی) ٢- ئەوە کام رۆژە کە شەوی پێ ئێژن؟ (ئەردەڵانی)	خۆرگیران
نە دایکمە و نە باوکیشمە، نە خویشکمە و نە برامە. (ن.مەریوان)	خۆم
١- ئێمە هەمانە، خودا نییەتی. (هـ.٥) (ن.مەریوان) ٢- چاوی نییە و دەبینێ، هەموو شتێکی دەزانێ؟ (ب.١٠) ٣- لە هەموو کەس بێ کەسترە، لە هەموو کەسیش بەتواناترە. (هـ.٤٩) (س.١٠٢)	خودا
داری تاشراوە تەشوێی نەدیوە، گۆشتی راهاتووە و کاردی نەدیوە؟ (ب.١٢)	خورما
لە بازاڕ سەوزە، لە دایکت سوورە. (ن.مەریوان)	خەنە
تەختە لە بن تەختە، حاجی بێ بەختە؟ (س.ئـ.١٤٨)	خەنجەر و کێلان
١- ئێمە ئەیوێنین خوا نایوێنێ؟ (ئەردەڵانی) (ن.مەریوان) ٢- ئێ سورپ سەننی تێرە، ئێشەکەری شیری تێرە. (لوڕی) ٣- تا چاو نەقووچێنی نایبینی. (ن.مەریوان) ٤- تشتێ من تتشە لە هنگڤین شرنترە ل ئاسن گرانترە؟ (س.١٦) ٥- خۆشە مەزەی نییە، قورسە سەنگین نییە؟ (ئەردەڵانی) ٦- لە پاش قرەقرە و شەڕەشەپە پێمان ئەکا قرِ و قەپ؟ (س.١٣٩) ٧- لە هەنگوین شیرینترە، لە ئاسن قورسترە. (هـ.٤٩)	خەو
بە هەموو شوێنێکدا دەڕوات، هیچ مەسرەفت لێ ناکات.	خەو و خەیاڵ
ئەم سەر کەرێ و ئەو سەر کەرێ، پارەکەرێ و پینەکەرێ. (ئەردەڵانی)	خەیات
ناوی سپییە، دەری سەوزە. (ئەردەڵانی)	خەیار

مەیژە نییە، تونترین شتە لە دونیا چییە؟ (ئەردەڵانی)	**خەیاڵ**
تانجی زەردە لە کونا مردی دەس بۆ بردی تپ کردی. (ئەردەڵانی)	**خیەڕۆن**

د

لە تەڕا وشکە لە وشکا تەڕە. (ن.مەریوان)	**دار**
بە ئەمری خودا بە عەقڵی بەندە بنچکە لەسەر بنچکە بەندە. (ن.سەقز)	**دارجووت - هەوجار – گا جورە**
دارێکم دا لە دارێکی هەزار وەری بە جارێکی. (ب.١٢)	**دار سێف**
ئەوە کام دارە دە سەمەری هەس، لە کوردستانا تا بێژی فرەس. (ئەردەڵانی)	**دار مازوو**
پاییزێ دەیکوژنەوە، زستانێ خوێنی لێ دێ؟ (هـ.١٤)	**دار و خەڵووزە (زوغاڵ)**
بە هاوین پۆشتە و پەرداخ، بە زستان رووت و رەجاڵ. (هـ.ن.١١)	**دار و درەخت**
بە پەنجا براوە سەرینێکیان هەیە. (ن.سەقز)	**دارەڕا**
باوک پیچ پیچین، دایک لار و وێڕ، لێی ئەکەوتەوە وەك كەللەشەكەر. (س.١٩٧)	**داری مێو و هۆشە ترێ**
١- سەری قەسپە، ملی ئەسپە، کلکی دارە. ٢- کلکی دارە، ملی خوارە، دەمی هارە. (هـ.٤٢)	**داس**
دوختەری بێ دایە. (ن.سەقز)	**دایە حەوا**
١- تاڵتان ماڵتان، زاوای خاڵتان، هاتە ماڵتان، چی دەدەی. (هـ.٦) ٢- مێردی بووکی نەنکت، هاتە ماڵتان چی دەدەی؟ (هـ.٥٠)	**دایك**
خوشکی خاڵتە، پوورت نییە. (هـ.٢٢)	**دایکت**
١- لە ئەشکەوتێکدا ٣٢ کەس دانیشتوون یەکێکیش سەمای دەکا؟ ٢- لە یەك ساڵیەوە رەفیقم بۆ پەیا بوو، لە رۆح و گیانا شەریکم بوو، هیچ رۆژێك بەرانبەرم نەبوو هەتا رۆحی لەبەر چوو؟ (س.١٣٠)	**ددان - دیان**
نە پای هەیە نە پانێ بە هەموو ماڵان ئەزانێ؟ (س.ئـ.١٥١)	**دراو – کارەبا – ئاو – تەلەفوون و ئیمێل**
١- تا پیای نەکەی ناخەوێ؟ ٢- دونیا سەری لێ ئەخەفێنێ. (ئەردەڵانی) ٣- نە گەی هەس نە گیپاڵ، چنگ ئەگرێ لە دیوار. (ئەردەڵانی)	**درگا**
هەتەتۆ، مەتەتۆ، سەرباریکی، کێن قۆتتۆ؟! (لەکی)	**درەوش**
ئەمە چەس، هەر ئەچێ و لا ئەکاتەوە. (ئەردەڵانی)	**دز**
١- پڕ بە چنگێکە هەنار نییە، پیشەی هەیە لە بازاڕی نییە. (هـ.١٤) ٢- تاڵە شیرین نییە، پڕ چنگە هەناری نییە حەز ئەکا قازی نییە حوکم ئەکا حاکم نییە؟ (هـ.١٦) ٣- تورشە شیرینە هەنار نییە، دەریای عیلمە و عالم نییە، لە ناو دەریا ژین ئەکا و مەلەوان نییە، ئەونەی هەنجیرێکە و لە هەنجیرێك گەورەترە هەنجیریش نییە. (ئەردەڵانی) ٤- مۆترناوێکە بێ بەرق و بەنزین/ نە کار ژاپۆن نە مۆنتاژی چین/ سەد ساڵ کار ئەکا بێ وەقفە و تەقسیر/ بە بێ گازۆئیل رەوغەن و تەعمیر. (ئەردەڵانی) ٥- هەنارە و هەنار نییە، لە نێو بەحرە و دیار نییە، شەرع ئەکا و مەلا نییە، حکوومەت ئەکا و ئاغا نییە. (ئەردەڵانی)	**دڵ**

تەپ تەپ دەکا، رەپ رەپ دەکا، لە مێوانم شەرمەزار دەکا؟	دڵۆپە – تکەی بان
١- ئەوە چییە لە دایك دێتەدەر پشتی بابی ئەخورێنێ. ٢- پەنجا کەس لە ژووریك درێژ بوونە، سەریان زەرد و سوور و قاوەییە. (هـ.١٤٥) ٣- سەد کەس لە ژوورێکا درێژ و سپین، کڵاوەکانیان قاوەیی و سوورن. (هـ.٣٦) ٤- منداڵێك لە سك دایکی دێتە دەرەوە، پشتی باوکی دەخورێنێ. (ن.مەریوان)	دنکە شقارتە (شەمچە) – چکۆڵە گۆگرد
١- برنجا ب شەل و شەپك؟ (س.١٩٠) ٢- برنجی چارشێو بەسەرا! (ف.٢٤٦) ٣- برنجی لیباس لەبەر. ٤- گەرمیشە و نەرمیشە، بەنە خوێنەکە بکەوە و تێی نیشە؟ (س.٢٢٠) ٥- وردیلە، وردیلە، لە بن بەردیلە، هەر کەس نەیزانێ ناوی ئەنێم بێچووە پشیلە؟	دۆلمە – گیپە – یە پراخ
خوات لەگەڵ نەبی، میوانەکەش گوتی ماڵت ئاوا نەبێ بۆ وایان گوت. (هـ.٢١)	دوو کەس کە ناویان (نەبی)یە
١- چەقماقە، چەق و لەقە، بی دەستێ خۆ بکەتێ ئەحمەقە؟ ٢- لاوکێ ئەلمانا، دگەریێت ل کۆڵانا (سەربا)، قوین تیژترە ژ ددانا. ك.ژ (س.ئـ.٢٠٧)	دوو پشك – دومارەکۆڵ
١- ئەسپە و ئەسپ نییە، دوو پێی هەیە و سمی نییە، وەك ئەسپ دەڕوا و گیانی نییە. (هـ.٥) ٢- خۆی دوو پای هەیە و دووانیش قەرز ئەکا/ ئەڕۆی ناوێنێ زەوین گەز ئەکا. (ئەردەڵانی)	دووچەرخە
١- ئەسپە بۆری کەریم خان، بە جووتان و بە لینگان، خەوەریان برد بۆ ئاسمان. ٢- ئەسپی رەشی چەپەرخان بە لاقان و بە جووتان، وەڵام دەبا بۆ ئاسمان. ٣- نە دەسی هەس نە پا هەواڵ ئەوا بۆ خوا.	دووکەڵ
١- دەرخۆنی قوونێ، تامی برۆیشێ، هەر کەس نەیزانێ دوو چاوی بێشێ. (ن.سەقز) ٢- یەکە و پێی دەڵێن دوو.	دووگی مەڕ
دەستا رۆکێ بەکەڤری ڤە؟ ك.ژ (س.ئـ.٢٢٠)	دوونگ – دووگ
پیری، گۆچانی دەوێ و چاوی کەمبینا دەبێ و مردنی لێ نزیك دەبێتەوە. (س.ئـ.١٣٨)	دووی لێ دەبێتە سێ، نزیکی لێ دوور دەکەوێتەوە، دووری لێ نزیك دەبێتەوە
١- تا بووزی پێوە نەکەی ناڕوا. ٢- چییە تا ئەنگۆس نەکەیتە چاوی/ دەم ناکاتەوە دروست حەساوی. (ئەردەڵانی)	دوێرد – مەقەس – قەیچی
١- ئاسمان رەنگە، کونا تەنگە، ئەگەر ئەو نەود کارمان لەنگە. (کرماشانی) ٢- ئەمە چەس یەك پای هەس و یەك چاو. (ئەردەڵانی) ٣- خۆی رووتە و خەڵك پۆشتە ئەکاتەوە. (ن.مەریوان)	دەرزی – سۆزن

٤- سەر کونا بن تیژ (ف.٣٠٧) ٥- سەری تیژە و بنی کونە، فرەتر میوانی ژنە. (ئەردەڵانی) ٦- گای کوێر یەك چاو (هـ.٤٥) ٧- هەموو کەسێ جوان دەکا بۆ خۆی رووت دەگەڕێ.	
وەدەس ئەیوەشێنی، وەدەم هەڵێنەچێنی. (ئەردەڵانی) (ن.سەقز)	**دەرس**
مامکێ منۆ، باپیرێ تەهەسپێدێ هەتا ئێڤارێ، ل سەر بنێ خوە دزڤڕی. ك.ژ (س.ئـ.١٥٥)	**دەرگا**
مردینە، بە رۆژ یەکدی بەردەدەن، شەویش هەتا سبەینێ دەست لە ملی یەکدی دەکەن؟ (س.ئـ.١٥٦)	**دەرکەی دوو دەری**
نە دەس، نە دیوار، نە پەنجە، چنگ ئەگرێ لە دیوار. (ئەردەڵانی)	**دەریا**
تەڕی ئەکەی رەپەی ئەکەی ئەیکەیتە کوناکەیا.	**دەزگ ئەکەیتە کونای دەرزییا**
١- پەراسووی هەیە، گۆشتی نییە، هەناسەی هەیە و رۆحی نییە، مەمکی هەیە و شیری نییە! (ب.٩) ٢- پێستی هەیە، مووی نییە، خواردنی هەیە، گووی نییە، پشووی هەیە، رۆحی نییە؟	**دەزگای کووڕەی ئاسنگەرە**
١- بانێکە و هەیوانێکە، چوار بزن و شوانێکە. (ئەردەڵانی) (ن.سەقز) (موکریان) ٢- بانێکە، ماڵێکە پەنج بزن و شوانێکە. (ئەردەڵانی) ٣- تەختێك و تەختبەنێکە، چوار کاوڕ و وەرەنێکە. (کرماشانی) ٤- دەشتێکە و دووکانێکە، چوار مەڕ و شوانێکە. (ئەردەڵانی) (ن.سەقز) ٥- دوو بان، دوو دووکان، هەشت مەڕ و دوو بەران. ٦- سەربانە، ژێرخانە، چوار مەڕە و شوانە. (ئەردەڵانی) (ن.سەقز) ٧- سەربانێکە و بن بانێکە، چوار مەڕ و شوانێکە. (ن.سەقز)	**دەس و پەنجە**
١- پێستی مەڕە، بازنی خڕە، پەنجەی لێدەی دەنگی پڕە. (هـ.١٤) ٢- تا گەرمش نەبۆ، دەنگش وەر مەبۆ. (هەورامی) ٣- سەمای دەکا و بە خۆی دارە، چەرمەخڕەی گوێ بە گوارە؟	**دەف**
١- ئەوە چییە غارەکە، مارەکە، سی و دوو دانە منداڵی هەیە. (ن.سەقز) ٢- تاقێکە سی و دوو بەردی تێدایە. ٣- تەشخە شوستە روفتە، ماری دەرمی نیش خوفتە. (لوڕی) ٤- چوار دەورەکەی کەڵەکە، ناوەکەی چەرخ و فەلەکە؟ ٥- خانوویەکەم هەیە پڕە لە بەردی سپیلکە؟ (هـ.٢٢) ٦- دیوێکی تاریك تاریك، پڕە لە زەنگە قریشکەی مل باریك. (ن.سەقز) ٧- ژوورێکی پاك و سپی، خانمی جوانی تیا دەژی؟	**دەم و ددان و زمان**

	٨- سەرێما هەن پەرا زەنگەنە قلیشی. (هەورامی) ٩- سی کرێکار خێڵێ وە، کارکەرا بە بێڵێ وە؟ (ن.هەورامان) ١٠- سی و دوو مەڕ و شوانێکە. (موکریان) ١١- غار مار، سی و دوو دانە منداڵی هەیە. (ن.سەقز) ١٢- کانییەکم هەیە سی و دوو گەوهەری تێدایە. (هـ.٤٣) ١٣- یانێوەم هەن پەڕاتەوە نمرێزێ. (هەورامی)
دەم و چاو	١- چاڵێ قەوی، دوو کونە رێوی، دوو چرای گەش، دوو ماری رەش. (هـ.١٩) ٢- دوو ماری رەش، دوو چرای گەش، دوو کۆنە رێوی. (موکریان) (ن.سەقز)
دەمپایی	ئەوە چییە خۆی ٧ کیلۆ نابێ وەلێ ٧٠ تا ٨٠ کیلۆ هەڵئەگرێ؟ (ن.مەریوان)
دەنگ و ناوبانگی مرۆڤ	دوو شت هەیە، دەڕوا و سێبەری نییە. (هـ.٢٧)
ددان	چەرمگە بەفر نییە، رەگی هەیە دار نییە. (ئەردەڵانی)
ددان، لووت، چاو، تەوێڵ و مووی سەر	سەنگ سەرسەنگە دوو لوول تفەنگە دوو نەوجەوان تەخت رەو، گەلەچرۆ. (لوڕی)
ددان و زبان	نی لاش کێلەك، ئەو لاش کێلەك، مێ نجاش چەرخ فەلەك. (لوڕی)
دین و ئایین	ئەوە چییە وا لە شێوەی قەرزە/ بۆ هەموو کەسێ ناسینی فەرزە/ خاوەنی دایم بێ ترس و لەرزە/ لە هەر دوو دونیا شاد و سەربەرزە. (ئەردەڵانی) (م.٢٣٥)

ر

١- داری چل ئاواز چییە؟ ٢- گیان لە بەریا نییە و قسەیش ئەکا. (ئەردەلانی)	رادوێ
سەر پاك هی خۆتە، نیوەت تێدایە. (ه.٣٦)	رانك و چۆخە
قەسری سپی، دەمانچە لەسەر؟	رانە مریشكی سەر پلاو
بەیانان كلكی لەسەر سەریە، ئێواران دێتە سەر قوونی. (ب.٨)	ڕۆژ
بە دیوار هەڵدەواسرێ، لە سەر نووسین دادەنیشێ، یەك ساڵ ڕێك دەژی. (ه.٧)	ڕۆژژمێر
سێسەد و شەست و شەش هێلكەنە، دوانزە بەچكە و یەك دایكانە.	ڕۆژو مانگ و ساڵ
لەسەر فەرشەك دوو فەنەر، یەك ئاگرە، یێ دن سەر. ك.ژ (س.ت.١١٩)	ڕۆژ و هەیڤ
١- بە پیك ناشكێ بە هێلكەیەك ئەشكێ. (ن.مەریوان) ٢- گوریسێكم هەیە، ئەگەر بیگرم كز دەبم، ئەگەر بەریدەم گوناهبارم.	ڕۆژوو - ڕۆژگ
تانجی زەردگ، لە كونا مردگ. (ئەردەلانی)	ڕۆن
سپییە وەك كەشكێ، تەڕە وەك مەشكێ، گەر نەزانی تۆقی سەرت بشكێ؟ (س.ت.)	ڕۆندك (ڕۆندز)
١- ئەوە چییە را دەكا هەنگاو نانێ دەمی هەی قسە ناكا سەری هەیە و ناگریی جێگای خەوی هەیە و ناخەوێ. ٢- بە شەو ئەڕوا، نارناڕۆكە/ بە ڕۆژ ئەڕوا، بارباڕۆكە/ نە هێلكە دەكا نە واڕۆكە. (ب.٣٦) ٣- بە ڕۆژ دەڕوا ناوێستێ بە شەو دەڕوا ناوێستێ. (ب.٨) ٤- كام مناڵە بە دایكی شیر ئەدا. (ئەردەلانی) ٥- هەر ملۆ سەرەو وار بووە، هیچ وەختێ لا مەكەرووە. (ن.هەورامان)	ڕووبار
دوو چرای گەش گەش، دوو ماری ڕەش ڕەش، دوو كونا ڕێوی پاشڵ قەوی. (ئەردەلانی)	ڕوومەت
ئەم ژ بازاری دكڕین یارەش، بە كارد ئینیت یاسوورە، داهاڤژین یابۆوە؟ ك.ژ (س.ت.٨)	ڕەژوو
١- تەنافێكم هەیە ئەگەر بیگرم كز دەبم، گەر بەری دەم گوناهبار دەبم. ٢- سی سوار هاتنە ئاوایی هەر سوار سی سواری ئەكەوێت. (ن.سەقز) ٣- گوڵێك لە باخان دەركەوت، هەر نەفەرێ سی بەركەوت. (ن.سەقز) ٤- لە دوانزە یەكی حەرامە. (ن.سەقز)	ڕەمەزان
شتێكە بە زستان و بە هاوین، لە ناو بەفر و لە كادێن، هەر گەرمە و سارد نابێتەوە؟ (س.ت.١٩٢)	ڕەیحانە
١- تاڵێ هەورێشم هەتا بەغا بیكێشم؟ (ئەردەلانی) (ن.مەریوان) ٢- گلۆڵەی بایە توورم دا بەغایە؟ ٣- لێرەڕا هەتا بەغدایە، هەموو ئاوریشمی یەك لایە؟ (ب.٢٠)	ڕێ

نە ئەبڕێ، نە ئەڕەوێ، نە ئەزێ. (ف. ٢٦٥)	**ڕێ - خەو - هێسر**
یەکێ دانیشتووە و یەکێ ئەڕوێ و یەکێ سەر ئەجوولێنێ. (ئەردەڵانی)	**ڕێخ - ئاو - گیای قەراخ رووبار**
١- زوو بێژە مەیکە بە گاڵتە و گەمە/ ئایا لە پیاو و ژن چەیان کەمە. (ئەردەڵانی) ٢- هەر دەمرێ و زیندوو دەبێتەوە؟ (هـ.٥٨)	**ڕیش**
ئەڕۆم لە نەبڕاوی دێم لە نەڕواوی سوار بم لە نەزاوی؟ (هـ.٦)	**ڕێگە - هێسر**
١- ترش و مزرە وەك هەنار، باڵای بەرزە وەك چنار، لە لادێ دێتە شار. (هـ.١٧) ٢- ترشە وەك هەنار، ناسکە وەك خەیار. ٣- چوومە سەر بەردێك، روانیم لە دەشتێك دیم دارە چکۆلە ئەیدا لە بەردێك. ٤- سەوزە وەك خەیار، بەرزە وەك چنار، ترشە وەك هەنار. (ئەردەڵانی) (ن.سەقز)	**ڕێواس**
چاو مۆنی کلك بۆرە، فێڵبازی مامرخۆرە، نرخی پێستەکەی زۆرە؟	**ڕێوی**

ز

ئەسپەڕەشی ڕەشی خان/ دەریا ئەبڕێ بە ئێسقان. (ن.سەقز)	زاروو - زاڵۆك
١- تا بیبەخشیت زیاد دەکات. (ھ.١٧) ٢- ھەتا بیبەخشی زیاد دەکات. (ئەردەڵانی)	زانین – ڕەوشت – چاکە
ناو بەحرەیل یەکە گومناو و ھەزار/ سەری داپۆشی ئەوێتە ڕێبوار. (ئەردەڵانی)	زرێوار
١- ئەم لا دیوار، ئەو لا دیوار/ تێدایە سەگێکی ھار. (موکریان) (ن.سەقز) ٢- ئەم لای دیوار، ئەو لای دیوارە، ناوەڕاسەکەی مارێکی ھارە. (ئەردەڵانی) ٣- ئەم لای شاخ ئەو لای شاخ/ تێدایە سەگێکی ھار. ٤- ئەو شتە چییە ھەر لە دوورەوە دەمی بۆ ئەکەیتەوە؟ (ئەردەڵانی) ٥- ئەوە چییە دۆستی خۆتە، دوژمنی خۆتە، ھەر لە خۆتە. (ھ.٥) ٦- تاڵێشە. ٨- دووکانێکە پڕپڕە لە وردەئێسکی سپی و سوڵ. (ب.١٢) ٩- شیرینە ھەنگوین نییە/ تاڵە ژەھری مار نییە/ لە بەحرایە ماسی نییە؟ (ھ.٣٩) ٩- لە ھەموو شت ڕەقترە، لە ھەموو شت نەرمترە. (ھ.٤٦) ١٠- ھەردەم لە ماڵە، گا شەکرە، گا تاڵە. (ھ.٥٦)	زمان - زار
چوار دەوری کوڵەکە، ناوەڕاستی چەرخ و فەلەکە. (ھ.١٩)	زمان و دەم
ئاگر خۆر و بەر سێبەر، سەر تا پا کفنی لەبەر. (ھ.٦)	زمسان
چییە کە ریشی لە خۆی درێژترە؟ (ئەردەڵانی)	زوڕەت
ئاخییە زەردی زرزرە لە گوێ سەیران ئەکا لە دەوری دێ؟	زەردەواڵە – زەرگەتە - زەردەمزیرە
میرێ (لاوێ) زەرێ بیێ د قەسرا سپیدا. ك.ژ (س.ئـ.٢١٣)	زەردێنەی ھێلکە
خوا نەیناوە و ھەس. (ئەردەڵانی)	زەل – قامیش
تەپەگردەڵە گردە و ئاشیا، ئێران و تووران ھاتنە تەماشا. (ئەردەڵانی)	زەماوەن
١- کە ھەڵیئەگرن ئەزریکێنێ کە دایئەنێن ژێر ئەبێتەوە؟ ٢- نە دارە، نە دیوارە پێچ پێچەکەی سەد ھەزارە. (ئەردەڵانی) (موکریان) ٣- نی یەش وێ زیی فێریویە، گێریش وی بالۆش گێریویە. (لوڕی)	زەنجیر
١- قیمەتی گرانە، وەزنی سووکە، ژن بۆی بە نووکەنووکە. (ھ.٤٠) ٢- وەزن سووکی قیمەت گران. (ئەردەڵانی)	زێڕ - ئاڵتوون - تەلا
ئاسمانی چەرمین پلیکانی ئاسن، پێیدا سەرکەوتین. (ب.٧)	زینی ئەسپ

ژ

سێسەد و شەست و شەش قولنگە هێلینەکە و دوو تێژك. (هەورامی)	**ژمارەی رۆژی ساڵێك و ئاسمان و مانگ و خۆر**
هەم خەسووم، هەم بووکم. (ب.١٨)	**ژنێکە خەسووی ماوە و بووکی هەیە**
گەورەی گەورەم برای مێردم.	**ژنێکە ژن بە ژنەی پێکراوە**
سێ سفری لەسەر ڕایە، جیرانی ئەلف و بایە، بە بێ نوون مانای نایە. (هـ.٣٣)	**ژیان**
١- ئەوە چییە چییە دەست و پێ قەڵەمچییە، کەس نازانێ دەڵێم چییە. (هـ.٤٠) ٢- چوار پەل دەڕوات لە ڕێیە، قاڵبی دڕك و زڕێیە، چاوی دەرێ ترێیە؟ (هـ.٢٠) ٣- گای ڕەش بارە نەقیزە. (هـ.٤٥) ٤- مامێکم هەیە لە دەشتی، سەت سەت تیرێ لە پشتی. (ب.٢٠)	**ژیشك - ژژووگ، سیخۆر**
ژێری سوورە، پشتی ڕەشە، سەد کڵاوی لەسەر کە دەیسووتێنی بە یەك چرکە. (ن.سەقز)	**ژیلەمۆ - سکڵ**

س

١- تانجییە رەشی ئەڵقە لە گوێ/ دەوران دەورییە لە دەور دێ. (هـ.١٦) ٢- تانجییە رەشی حەڵقە لە گوێ/ سەما ئەکا لە دەوری دێ. (ئەردەڵانی) ٣- بە گەرما جلی دەکەن/ بە سەرما رووتی دەکەن. (هـ.١٢)	ساج
١- تا لێی نەدەی، دەنگی نایە. (هـ.١٧) ٢- تۆڵ تەڕ تەیمان تەڕ، ناڵەی شێر ئاویەر کەڕ. (ئەردەڵانی) ٣- ساج زل زل گەییە مەنزڵ/ کۆڵەکە جمی بەغا رمی. (ئەردەڵانی)	ساز و دەهۆڵ
هەر ئاویش کەر نیە، هاڵی بووە. (هەورامی)	سافی
١- دارەکە و دوانزە لکە هەر لکێکی ٣٠ پەلکە، هێلانەك و دوو هێلکە. (س.ئـ.١١٨) ٢- دارێکم هەیە دوانزە لکە، هەر لکەی سی پەلکە، دوو هێلانە و یەك هێلە. (هـ.٢٨) ٣- کەرەقوڵە پشت ماڵان/ کلکی بە دەست منداڵان. ٤- ماڵێکمان هەیە سپی پڕ لە خاڵ، دوانزە پای هەیە و سی سەد و شەست و پەنج باڵ. (ن.سەقز) ٥- مریشکمان هەیە دوانزە هێلکە دەکات، هەر هێلکە سی جووجەڵەی هەیە. (هـ.٥١) ٦- هەڵوێکە چوار هێلانەی هەیە و لە هەر هێلانەیەکا، کاسەیەك هێلکەی هەیە. (ن.سەقز)	ساڵ دوازدە مانگ، سی رۆژ، مانگە ئاسمان و خۆر و مانگ
مەیر ئاو تەر نەماو؟! (لەکی)	سایر - سێبەر
١- ئارد هارپاگ ئاسیاو نەدیگ، دار ئاشیاگ نەجاڕ نەدیگ، بەرگ دووراو خەیات نەدیگ. (ئەردەڵانی) ٢- ئاردە ئاشی نەدیوە، کراسە دەرزی نەدیوە، دارە تەشوێی نەدیوە. (ب.٧٠) ٣- ئارد یەریە ئاسیاو نییە، چۆ تراشتە نەجار نییە، جۆ مەدوختە خەیات نییە. (لوڕی) ٤- دارتاشراو تەشوێی نەدیوە، ئاردی هاڕاو ئاسیاو نەدیوە، کراسی دووراو دەرزی نەدیوە. (موکریان) ٥- نانەوا نییە، ئاردی هەس، لێفدوور نییە، لێفی هەس، نەجاڕ نییە، چێوی هەس. (ئەردەڵانی) ٦- وەسە کراس و دەرزی نەدیگە، وەسە ئارد و ئاسیاوی نەدیگە، وەسە دار و خەڕاتی نەدیگە. (ئەردەڵانی)	سرینچك
گردە گوێز نییە، زەردە زەردئالوو نییە، شێرە دڕندە نییە، شمشێرە بڕندە نییە. (ئەردەڵانی)	سکەی پە نجا تمەنی
١- ئەوە چییە دەخورێ و قووت نادرێ؟ ٢- ئەوە چییە، کاتێ ئەشکێ دەنگی نییە. (موکریان) (ن.سەقز)	سوێند
چەس نە نێرە، نە مێیە/ سەر تا پای هەموو گوێیە. (ئەردەڵانی)	سەدەف

١- تەپەگردەڵە، پڕیە لە گیا وردەڵە؟ (تەردەڵانی) (ن.مەریوان) ٢- قوتوێما هەنە، حەوت ولێش چەنەنێ. (هەورامی) ٣- وەختێ پیسا وریۆ، وەختێ پوختەن مەوریۆ. (هەورامی)	سەر
حەوت بە ڕێش هەنێ، شەوێنە تەنیا بە ڕێشا ژنیا. (ن.هەورامان)	سەر - چاو - دەم
ئەوە کێیە سەری لە پشت ئەستێرەیە. (هـ.٥)	سەربازی ئەستێرە لەسەر شان
سەرم دا لە دەشتی خۆش هەوادا/ وەتەن کەردی بە بازێر من هەوادا. (تەردەڵانی) (م.٢٢٢)	سەردەشت
کچامیری، سەد کراسێت لەبەر؟	سەرکە - کەلەم - پیواز
تا ریش چەرمگ نەکا پا ناگرێ. (تەردەڵانی)	سەرکەتەشی
باوك ئەیژێ پشتم، ڕۆڵە ئەیژێ خاك بە پشتم. (ن.سەقز)	سەرمیچ
ئەو ڕووبارەی ئاوی تێدا نییە، دەکەوێتە کوێ؟	سەرنەخشە
ئەز چوومە سەرگرێ دەعلێ دزان، دوو مارێت ڕەش، دوو ستێرێت گەش، دوو کون رویڤینە، شکفەتەك تژی مرارینە؟ ك.ژ (س.ت. ١٣٠)	سەری مرۆڤ و برۆ و چاو و دوو کونە لووت
١- تەپە گردەڵە حەفت کونی لەگەڵە. ٢- خریلە حەفت کون چییە. (هـ.٢١)	سەری مرۆڤ
١- ئەوە کام گیانلەبەرەکە دائەنیشێ بەرزترە لە ئەوە کە دانەنیشێ. ٢- پاسەوانی بەکارە/ لە پشت درگا و دیوارە/ بە سەرمایێ زۆر هارە. (هـ.١٤) ٣- گیانلەبەرێکە، قەت ئارەق ناکات. (هـ.٤٤)	سەگ
پیاوێك بە سەعاتێك چووە حەج و گەڕایەوە. (هـ.١٤)	سەعاتی دەست
١- ئەوە چییە هەر ئەڕۆی و ها لە بەرتەوە. (تەردەڵانی) ٢- چییە وا یاران عەیانی ئەکەن/ تا بگەینە یەك بەیانی ئەکەن. (تەردەڵانی)	سەلام
١- خواردنی میرە، میر بۆی زەرروورە، چوار دەوری بەحرە، ناوی تەندوورە. (هـ.٢٢) ٢- دەوری بەحرە ناوی ئاگرە. ٣- زەردی چوارپێیە، کانییەکی لێیە، ئاورگی پێیە. (هـ.٣٢) ٤- ژێری ئاگرە، سەری ئاوە، سکی خەزێنەیە. (هـ.٣٢) ٥- وەسای ناوەسا کاری زەروورە، دەوری ئاوە و ناوی تەنۆرە. (ن.مەریوان) ٦- وەستای ناوستا، دەستی زەروورە، دەورەکەی بەحرە و ناوی تەنوورە. (ن.سەقز)	سەماوەر
تا سەری نەبڕی هەواڵ نانێرێ. (ن.مەریوان)	سەندووقی پۆس
نە ناڵە و نە بزمارە، پێنج پێچی سەد هەزارە. (تەردەڵانی)	سەوەتە
زۆر ڕەقە، دەبێ بە ئاو. (هـ.٣٢)	سەهۆڵ
دوو سوار هاتیە ئەی نیناو، پاچکە زەڕین میزر کاو؟! (لەکی)	سەید

سی تاق سی بەر تاق، سی دەرگەیە و سی حوجرەیە؟ (س.١١٤)	**سی جزمەی قورئان**
بارهەڵگرە، سێ قاچە. (هـ.٧)	**سێ قول**
قەیسەری سێ قەیسەری، کڵاوی رەشی لە سەری، کللك تەقێنەش کارەکەری؟ (س.ت.١٦٣)	**سێ کوچکەی ئاگر، ساج (سێڵ)**
١- ئاوی پێدا دەکەی تەڕ نابێ، خەنجەری لێدەی شەق نابێ. (ن.مەریوان) ٢- ئەدا لە ئاو قولی تەڕ نابێ. (ن.مەریوان) ٣- بە رۆژ لەگەڵت ئەڕوات، بە شەو دادەنیشێت. (هـ.ن.١٢) ٤- تا تۆ نەڕۆیت ئەو ناڕوات؟ ٥- چییە چییە، ئەوە چییە، بە رۆژ هەیە و بە شەو نییە. ٦- چەس هەرچێ خۆرەتاو بەرز ئەبێتەوە، کوڵ ئەبێتەوە. (ئەردەڵانی) ٧- رۆ نەچەنیما، شەوێنە جێما. (ن.هەورامان) ٨- قسێت چەنی مەکەرۆ، بەڵام رەفێقیت کەرۆ. (ن.هەورامان) ٩- لە ناڤ ئاگر گەرم نافە، لە ناڤ ئاڤێ نەرم نافە. ك.ژ (س.ت.١٢٢) ١٠- هەر ئەڕوێت و تێت بە دواتا. (ئەردەڵانی)	**سێبەر**
١- بە سەر پیرەژن، بە چنگ منداڵە، بە پشتی روستەم، نەتەوەی زاڵە. (هـ.٩) ٢- بە سەر کافرە، بە پێ منداڵە، بە تیر و کەوان روستەمی زاڵە؟ (هـ.ن.١١) ٣- پیرە پیاوێکە لە تەلان تیر ئەخا بێ زوان، بە کەوان. ٤- پیرە مامێ لە تەلانێ، تیران داوێ بێ کەوانێ. ٥- ئەوە چییە تیر ئەخا کەوان ئەشارێتەوە، وا ئەزانی کەس نایدۆزێتەوە. (ئەردەڵانی)	**سیخوڕ – شۆڤار – جاسووس**
١- بنی دارە، ناوی تاڵە، سەری ئاگرە. ٢- تفەنگی یەك لوولە، بەرەو خۆت ماشەکەی مەکێشە، کە مایەی دەرد و ئێشە. (ن.سەقز) ٣- دەم ئەنێی بە قنگیەوە چاو زیت ئەکاتەوە. (ن.مەریوان) ٤- دەمی بۆ بووەیت زیت ئەوێتەوە. (ن.سەقز) ٥- سەری سوورە، نەفەسی بەرەوژوورە. ٦- مردووی گوورەش. (ن.مەریوان)	**سیگار – جگەرە**
خول خولەی چیر زەوین، ماری بێ زوان، هەرکەس هورش بارۆ، عەجەب پاڵەوان. (هەورامی)	**سێفەزەمینی**

ش

پێشەی بێ گۆشت. (هەورامی)	**شاخ**
گاڕانەك دچتێ تلیا من ناچتێ. ك.ژ (س.ئـ.٢٠٥)	**شارمێرووله**
داری برپاوم دی لە سەحراوە/ سی ساڵە هێشتا هەر ها لە پاوە. (ئەردەڵانی) (م.)	**شاری پاوە**
چلِ تاق، چل نیم تاق، چل دەروازە دەر وەتاق. (لوڕی)	**شاوواك - رەشكە**
دادگەرێكی دادپەروەرە پەنجەی نییە، خەڵكی رازی دەكات، فەرمانی نییە. (هـ.٢٣)	**شایەن و تەرازوو**
بە پڕی و بە بەتاڵی یەك كێشی هەیە. (هـ.ن.١٠)	**شریتی كاسێت**
چێشا لەمەو ئەدیش نەبەر مەی مازیو وێش كلاشۆ. (هەورامی)	**شقارتە – گۆگرد - شەمچە**
هەرچەند بووچكەلەس، وڵاتی دائەگرێ بەڵام بە فوویەك لە ناو ئەچێ. (ئەردەڵانی)	**شۆڵەی چرا**
١- دایكی لە بێشكەدایە رۆڵەی ئەچێ بۆ بازاڕ. (ن.سەقز) ٢- قەڕاسە پسا، خین رژا؟ ك.ژ (س.ئـ.١٩٥)	**شووتی (هەنی) كردنەوە و شكاندنی**
بە بەرد دروست دەكرێت، بە بەردیش دەشكێ. (هـ.ن.٨)	**شووشە**
كام ئەسپە دایم خانەنشینە/ سەراسەر عومری بێ بەرگ و زینە. (ئەردەڵانی)	**شەترەنج**
ئەم لای گڵە، ئەو لای گڵە، نێوەڕاستەكەی فێنكی دڵە. (ف.٢١٨)	**شەربەتی ئاو**
بە دەركێكدا دەچییە ژووری، بە دوواندا دێیە دەرێ. (هـ.٧)	**شەرواڵ**
سەر سەوز و بن لە ئاو، تەڵاڕێژ و نوقرەناو. (ئەردەڵانی)	**شەڵتۆك**
١- چییە شەمچەی پێ ئەگەیێ، ئەبێتە گریانەوە؟ ٢- كام هاونشینە ئەگەر ئەزانی/ فرمێسك ئەڕژێنێ هەتا بەیانی. (ئەردەڵانی)	**شەم**
١- ئەرت عاقڵی عەقڵت ها لە سەر/ ئەوە كام مە لە هەفت باڵ و دوو سەر/ مەلان هەزاران پەڕدار و بێ پەڕ/ وەلام ئەو مەلە وشكە و قاق و لەڕ. ٢- ئەگەر عاقڵی عەقڵت لە بیرە/ لە ناو مەلاندا كامی بەشیرە. ٣- ئەگەر عاقڵیت عەقڵت وەبیرە/ لە نێو مەلاندا كام مەل وەشیرە. ٤- ئەگەر عەقڵ هەیە عەقڵت وەنێشە/ شەش پەڕ و دوو شاخ ئەی مەلە چێشە. (ئەردەڵانی) ٥- ئەگەر فام دیری فامد لە هورە/ كام لەی مەلەیلە وەهار وەشیرە. (كرماشانی) ٦- باڵدارە و شیردەرە. (هـ.ن.١٢) ٧- بە رۆژ دەنوێ، بە شەو كاسبی دەكا. (هـ.٨) ٨- تەیری بێ پەڕ؟ ٩- چاوی نییە گوێ بچووكە/ باڵندەیە چەرمو تووكە/ دەزێ منالی شیر دەدا/ هەر خۆی لە بن میچ گیر دەدا. (ئـ.٣٩) ١٠- چ مەلێكە، لە دەمەو ریقنە ئەكا. (ئەردەڵانی) (ن.سەقز)	**شەمشەمەكوێرە**

١١- عاقڵ دارەکەی عاقڵ بگیرە/ لە نێو مەلاندا کامیان بەشیرە. (ف.١٨٤) ١٢- قسەی خۆم لە بیرە لە دعبایان چ بەشیرە؟ (ب.١٧) ١٣- کام پەلەوەرە وا لە کام رەگەز/ ئەفرێ وەك مەل ئەزایێ وەك پەز. (ئەردەڵانی)	
دوو لە ڕێیە، یەك لا ڕێیە. (ھ.٢٤)	**شەو و ڕۆژ و شەیتان**
توجاری بێ مایە. (ن.سەقز)	**شەیتان**
عالەم خواردوویە، ئادەم نەیخواردووە. (ن.سەقز)	**شیر**

ع

جە دەسی پیر و کۆرە، ملوراره قەرانییۆ و زۆرە. (ن.هەورامان)	عەسا
١- قفڵی ئاوە، کلیلی دارە، پاك ڕۆیی و پیس بە دواوە. (ف.٢١٩) ٢- هەتا تەڕ بوو ئاوی ئەخواردەوە؟ (ف.٢١٩) ٣- هەتار دار بوو ئاوی ئەخوارد، هەر بڕییان پیاوی ئەخوارد.	عەسای مووسا

غ

١- چییە خۆی واجبە وەلێ نییەتەکەی سوننەتە؟ چییە کە خۆی سوننەتە، نییەت هێنانی واجبە؟ ٢- یە کام موجبە داناى زەمانە/ پەی ژنان شەشە، پەی مەرد سیانە. (ئەردەڵانی) (م.٢٠٦)	**غوسڵ و دەستنوێژی مەییت**

ڤ

زیندووێك هات مردوویەكی ناشت، مردوویەكیش لە جێگای خۆی زیندووێكی ناشت. (هـ.٣٠)	**فاڵ**
كاشی چینی ئاو لە مەسی/ ئاگری بدەی یەخ ئەبەسی. (ن.مەریوان)	**فرۆ - كەڕە**
ئاسنی دوو لوولە، پێی پیانێ لێیكەرە قوولە.	**فڕۆكە**
١- بارانی بێ با چییە؟ (هـ.٨) ٢- دڵۆپە ئاوە، نە لە زەوییە نە لە ئاسمانە.	**فرمێسك**
١- پشتی هەس، سینگی نییە، دوو گوێچكەی هەس. (ئەردەڵانی) ٢- پشتی هەس و بەری نییە/ گوێچكەی هەس و سەری نییە. (ئەردەڵانی)	**فەرەنجی**
١- سووری تووكن بۆ ژێری تۆ خاسە. (ن.مەریوان) ٢- سووری سەربڕاوە/ بۆ ژێری بابی من و تۆ دروست كراوە.	**فەرش**
حەیوانێ چاخە، فرە نازەریف/ هەڵیگەڕنیتەو، خۆی ئەوێتە لیف. (ئەردەڵانی)	**فیڵ - فیل**

ق

بارەبەرا، تاتەش هەرا. (ن.هەورامان)	**قاتر**
١- بەری پەراسوّ پشتی کولێرە/ گەر هەڵیبێنی دەنگت دلێرە. (ئـ.٣٥) ٢- بەری پەراسوو، پشتی هەسانە. ٣- بەری هەسانە، پشتی قورئانە؟ (ئەردەڵانی) ٤- خانووی یەك كوڵەكە. ٥- دیوێکی هەسانە دیوێکی قورئانە. (ب.٩) ٦- سەری هەسانە، ژێری قورئانە. (ن.سەقز) ٧- عەلی سوواری دولدولە، چە گیایەکە بێ گولە؟ (ن.سەقز) ٨- قاقێزێ پەرە پەرە، چو کێسا دێ خەرە. (لوڕی) ٩- یە پرچیو هەسان، یە پرچیو قورئان، هەکی یە وتی قاتری بستان؟! (لەکی)	**قارچك - خارچك**
مەلە دەکا، ماسی نییە/ دەخوێنێ بولبول نییە/ دەشفڕێ و کۆتر نییە.	**قاز**
١- ڕەشە وەك بزن، خڕە وەك هەرزن، گونگ ئەگرێ وەك ژن. (ئەردەڵانی) ٢- گای ڕەشی مرواری، خۆی دەخۆی یا باری؟ ٣- گایەك هەیە گا باری، نە گۆشتی ئەخورێ نە باری. ٤- لە سەگ بە بۆنترە، لە توولە ڕەشترە؟	**قالۆنچە - قۆلانجە - گووخلە**
١- چوار بران، قەت ناگەنە یەك. (ئەردەڵانی) ٢- کام پەنج بران هیچ کامیان مووی سەریان نییە؟ (ئەردەڵانی) (ن.مەریوان)	**قامك - ئەنگوّست**
١- ئەخوێنێ بولبول نییە، مەلە ئەکا ماسی نییە، هەڵئەفڕێ کۆتر نییە. (ن.سەقز) ٢- ئەوە چییە بە دەست شێرە، بە پێست پڵێنگە. (ئەردەڵانی) ٣- بە دەست شێرە، بە پێست پڵینگە بە چاو بازە. (هـ.ن.١١) ٤- چاو ئاسك و دەنگ دلێرە، گەردن پڵەنگ، پەنجەشێرە. ٥- شل و نەرم و بێ مووە، لە نێو ئاودا زیندووە. ٦- شڵە بێ مووە کوڵە بێ دووە، دەمی تاقە، چاوی زاقە، ئەگەر نایناسی قورقورواقە. (ئەردەڵانی) ٧- شلی، قولی بێ مووە، قرەقرەی لە دووە. (ن.مەریوان) ٨- لە دایك دەبێ، کلکی هەیە لاقی نییە، کە گەورە دەبێ لاقی هەیە کلکی نییە. (هـ.٤٣)	**قربوق – بۆق – قورواق**
١- چەخت و چەپ و چەریدە/ نە گۆشت، نە باڵ، گەڕیدە. (ف.١٦٨) ٢- شەش پا و دوو دەم، ماڵی ها لە چەم؟ (ئەردەڵانی) ٣- گیانەوەرێکە سەیری وا نییە، بە دوو سەر ئەڕوا و هیچ خوێنی نییە؟ ٤- هەشت لاقەی دووسەرە بە پێنج پیت ناوی بەرە. (هـ.٥٦)	**قرژانگ**

تا دەم نەکەیتەوە دەرناچێت. (ئەردەڵانی)	**قسە کردن**
لە بەفر سپیترە، لە قەلی رەشترە، لە وشتر بلندترە، لە پشیلە نەویترە. (ب.١٩)	**قشقەرە**
ژ بۆ ستێ پێترە، ژ گەزی کێمترە؟ ك.ژ (س.ئـ.٣٠)	**قشقەلانگ**
١- سەرش ئاویرا، چێرش گیواوا، چێرو و گیواویش گوم و مەناوا، ئاهو هەناسەش، دووکەڵی سیاوا. (هەورامی) ٢- سەرەکەی ئاور، ژێرەکەی ئاوە. (ئەردەڵانی)	**قلیان**
ئەوە چ میوەیەکە، خۆی لە بەچکەکەی جوانترە؟ (ن.مەریوان)	**قۆخ**
١- پەرێزی سپی و تووی رەش. (ب.٩) ٢- تەرازوو و میزان بان هەورامان هەرکە هەڵیبێرێ شێرە و پاڵەوان. (ن.مەریوان) ٣- دەستووری ژیانە، دادوەری یەکسانە، ستایش و فەرمانە، خاوەنەکەی یەزدانە. ٤- زەنگیانەی زەنگی زەنگی، مورغ بێ زوان ئەگەر حەلیکەی ئافەرین جوان؟ (ئەردەڵانی)	**قورئان**
١- تا خۆی داپۆشێ قیبلەگای عامە/ حیجابی نەبێ بێ ئیحترامە. (ئەردەڵانی) (ن.سەقز) ٢- چوار برا و ماڵێ. (ن.سەقز) ٣- چوار سووار و ماڵێك. (ئەردەڵانی) ٤- مردووی جل بە کۆڵ چوار پەل قایە/ زستان و زستان ماڵە پایە.	**قورسی**
زەنگەنە قوڵم چالی کەنۆ. (هەورامی)	**قولنگە**
١- بێشکەیەکم هەیە، ناجووڵێ. (ن.سەقز) ٢- سندووقی حەزرەتی سولەیمان/ تێدایە هەم پیر و جوان. (ئەردەڵانی) (م.٢٠٥)	**قەبر**
هەر لێرەوە تا خوراسان، بە خرنگەخرنگی داسان. (ن.سەقز)	**قەرز**
لە شاخێك هەڵیدەیە خوارەوە ناشکێ، بیخەیتە ناو چاڵێکەوە دەشکێ؟	**قەزوان و دەم**
داری چەماوە، بە پێستە خۆش کراوە، گیانداریکی لە ناوە.	**قەفەز و کەو**
مەلایە، مەلا نییە، ئاقڵدارە و رۆح تیا نییە؟ (س.ئـ.١٥٠)	**قەڵەم – کتێب – کامپیوتر و رویات**
١- ئەرزی چەرمگ بە جۆ دەکەم، بە دەو دەیچێنم بە دەست دەیدوورم. ٢- بە خۆی مردییە، هەموو دونیای لەبەر دەستیە. (هـ.٩) ٣- بێ دەس و پایە و هێزی بە سەرە/ بۆ کردەی زۆردار/ ئەو رسواکەرە. (ئەردەڵانی) ٤- بێ گیان و بێ دەم، بێ زوان و لچە/ زۆر قسە ئەکات وەلێ بە پچە. (ئەردەڵانی) ٥- پەرێزی سپی، گوڵی سیاوە/ ئاودێری قامیش، وەزیری پیاوە. (هـ.١٥) ٦- تا سەری نەبڕی نایەتە گوفتار/ تا خوێنی نەرژێ نایەتە وتار/ لەگەڵ ئەوەشدا بێ هۆش و گیانە/ بە دەستی زاناوە قسەی رەوانە. (ئـ.٣٧)	**قەڵەم – پێنووس**

	٧- تا سەری نەبڕیت قسە ناکا. ٨- چەس ئەر نۆکی تەڕ نەویٚ/ مەردم کویٚر و کەڕ ئەویٚ. (ئەردەڵانی) ٩- چییە دایم هەر لای زانا ئەچیٚ/ سی مەرکەبی هەس، خۆی وەپا ئەچیٚ. (ئەردەڵانی) ١٠- دنیا لە ژێر دەستیایە. (ن.سەقز) (ن.مەریوان) ١١- دنیا وەژێریا ئەڕویٚ. (ن.سەقز) ١٢- دەمی نییە، زۆر بلێیە. (هـ.٢٣) ١٣- دەنووسێت و ناخوێنێتەوە. (هـ.٢٣) ١٤- زەوی سپییە، ئاوی سیاوە، ئاودێری دارە، گوخڵی پیاوە؟ (س.١٥٠) ١٥- سەری بتاشە زمانی ببڕە/ ئەم جار دێتە کار دنیای پیٚ بکڕە. (ئـ.٥٠) ١٦- سەری کونایە و رەنگیە/ لاپەڕەی مێژوو خوێنی چاویە. (ئەردەڵانی) ١٧- گیایەکە دەیخوا، خوێنی رەش دەخوا، ریٚی سپی دەڕوا. (ن.سەقز) ١٨- ماسی بەحرە ئاو نییە، شەرح ئەکا مەلا نییە، حوکم ئەکا قازی نییە. (ف.٢١٩) ١٩- هەموو زمانێك دەزانیٚ. (هـ.٤٣) ٢٠- هەموو شتێکی بە بندا دەڕوا. (هـ.٥٧) ٢١- هەموو شتیٚ ها بە نووکیەوە. (ن.مەریوان)
قەیچی	١- تا دەس نەکەیتە چاویا، دەم ناکاتەو. (ئەردەڵانی) ٢- تا دەسی بۆ ئەوەی، دەمی دائەچەقێنیٚ. (ئەردەڵانی) ٣- دەستی لە چاوی‌ڕا بکەی، دەمی دەکاتەوە؟ ٤- کاوڕە کەڕی گیای لە وڵات بڕی. (ن.مەریوان) ٥- مەڕی جوان لەسەر بان/ گیا ئەقرتێنیٚ بە دوو دیان. (ئەردەڵانی) ٦- هەڵتەقێن و دەمتەقێن، کاوڕە لەرەی دەمتەقێن. (ن.سەقز)
قەیسی	لە قەوزە شینترە، لە قەند شیرینترە، لە کارەبا زەردترە.

ک

دارێکە با نەکەی کانییە. (ئەردەڵانی)	**کا**
١- بە دوازدە برا، سێ دڵیان هەیە. (هـ.ن.١٢) ٢- دوانزە پاشا و سێ پاسەوان. (هـ.٢٥) ٣- سێ برا هەن شەو و ڕۆژ ڕادەکەن، هەنگاوی گەورە و بچووک دەبەن، لە ئەنجامیش وەك یەك دەبن. ٤- سێ تاس، سێ بنە تاس، سێ بەربووك و سێ ڕەقاس؟ ٥- سێ یاریکەرە و دوانزە سەیرکەر. (هـ.٣٥)	**کاتژمێر - سەعات**
دە و دە ناکاتە بیست، لەگەڵ پەنجا دەکات یازدە. (هـ.٢٣)	**کاتژمێر دە و دە چرکەیە**
داك مردی، باب مردی، فەرخۆڵان سەرپێ کردی؟	**کاریتە و دەستەکی خانوو**
بییە بە زەوینا ناشکێ بییە بە دیوارا ناشکێ بینە ناو ئاو ئەشکێ. (ئەردەڵانی)	**کاغەز**
شتێك هەیە، چوار منداڵی لە سکدایە. (هـ.٤٠)	**کاکڵی گوێز**
مانگا سووری حەمە شوان، نە گەڵی هەیە نە گوان، شیریش ئەدا بە هەمووان. (موکریانی)	**کانی**
١- چەس قسە ئەکا، زوانی نییە/ موچیاری ئەکا و بەیانی نییە. (ئەردەڵانی) ٢- چییە کاتێ دەم ئەکاتەوە/ قسە لە بیر ئەباتەوە/ خۆی ئەکەوێتە قسە کردن/ بێ ئەوەی لێو بواتەوە. (ئەردەڵانی) ٣- چییە، وا دایم بێ دەم ئەدوێ/ هەر قسە دەکا، قسە ناژنەوێ؟ (ئەردەڵانی) ٤- چییە و بێ زوان قسە ئەکا، سەد حەکایەت بەیان ئەکا؟ (ئەردەڵانی) ٥- مەلایە، مەلا نییە، عاقڵە عاقڵ نییە، بێ ڕۆحە، ڕۆح نییە. (هـ.٥٠)	**کتێب**
١- پاتە (ملە) بێ سەر، پشتە بێ زگە دەستە بێ پێ. ٢- دوو دەر، تێ چوومە دەر؟ ٣- قەسری دوو دەر، تێ چوومە دەر، ئەڵڵاهوئەکبەر. ٤- ملی هەیە سەری نییە، پشتی هەیە زکی نییە، دەستی هەیە پێی نییە. (هـ.٥٢)	**کراس**
١- ژن نییە، پیاویش نییە/ بێ دایك و بابیش نییە. (ب.١٤) ٢- کیژەی کیژۆڵە دە منداڵ بە کۆڵە. ٣- لێرە هەتا دەگاتە مەککە/ هەموو شەکی چاوبەڵەکە/ هەر بە قسری گوانان ئەکا. (ب.٢٠) ٤- نە ژنە نە مێردە هێجگار بە دەستوبردە. (ب.٢١)	**کچ**
١- ئەوەی دروستی بکا بە کاری ناهێنێ، ئەوەی بە کاری بێنێ دروستی ناکا. (هـ.٥) (س.ئـ.١٠٥) ٢- بیبینی لە بەری ناکەی، لە بەری بکەی نایبینی.	**کفن**

١- بانی خورییە، بنی پەڕۆیە، ڕۆیشتنی لەسەرخۆیە. ٢- بن هەسانی سەرخوری، ئەگەر نازانی لەبەرم بمری! (هـ.ن.٨) ٣- بەری هاسانی، پشت خوری/ ئەگەر هەڵینەدەی لەبەرم مری. (ب.٨) ٤- بەری هەسانە پشتی خورییە/ بە ڕۆژ تێرە، بە شەو برسییە. (هـ.ن.٩) ٥- ژێرەکەی پەڕۆ و بانەکەی چەرمۆ/ بیکەوە خۆتا خۆشحاڵ برۆ. (ئەردەڵانی) ٦- سەر جلی بن جلی خوری/ ئەگەر هەڵیبێنی لە پیرێژنە بۆری؟ (ن.سەقز)	**کڵاش**
١- بەرەوژووری ئەکەیتەو خاڵیە، بەرەوخواری ئەکەیتەوە پڕە. (ن.مەریوان) ٢- چەس کاتێ دەمەوخوارە، پڕە. (ئەردەڵانی) ٣- دەمی تاقە چاوی زاقە، تەرەف گەوج نەبێ ئەیژێ کڵاوە. (ئەردەڵانی) ٤- دەمی سەر نشیف دکەن تژی دبیت. ك.ژ (س.ئـ.١٤٢) ٥- سەرتەنگی بن بڵاو. (ب.١٥) ٦- سەری خڕە و بنی بڵاوە، ئەگەر عاقڵ بی دەڵێی کڵاوە. (ف.١٨٥) ٧- کە نخوونی دەکەیەوە پڕە کە رووی لە ئاسمانی دەکەی بەتاڵە. (هـ.٤٣)	**کڵاو**
کلکی نییە کلکەوانەیە لە بۆ کوڕ و کچ نیشانەیە. (ب.١٧)	**کلکەوانە**
بە تێشەوە و بە مێشەوە، بە خالقی دەروێشەوە، پەنجەی تەواو لە پاشەوە. (ب.٨)	**کلکو**
وێش موسو، قنجەش ئەوسو. (هەورامی)	**کلکی بزن**
کە ئەچیتە ماڵ لە پێش تۆدا دەچێتە ژوور؟	**کلیلی درگا**
دەسی هەس و پای نییە، سکیشی هەڵدڕاوە. (ن.سەقز)	**کۆت - کاپشن**
چیا گرد لە لاو شت و واران، سەر تەر و بن هشك نەزەرگاه یاران؟! (لەکی)	**کۆڵا**
بەرەو بایە، روو لە خوایە؟ (هـ.ن.٩)	**کۆلارەی منداڵانە**
هەچکە دوو گوێچکە، باربەر هیچ نەکەر. (ن.مەریوان)	**کۆڵەکە**
بە حەوت براو کڵاوێکیان هەیە. (ن.سەقز)	**کۆڵەکەی سرمیچ**
کوتە ناڵێ، بە وەعدەی ساڵێ، خستمە چاڵێ. (ئەردەڵانی)	**کوڕی کەر**
بەرەو بایە، رووی لە خوایە. (ب.٨)	**کولانجە - رۆچن**
١- ئەمە چەس گۆشتی ها لە دەرەوە و پۆسی ها لە ناوەوە؟ (ئەردەڵانی) ٢- گۆشتی لە دەر، پێستی لە ناو، بەردی خارا دەکاتە ئاو.	**کوڵەزرگ**
١- بە باڵ مەل و بە شاخ گایە، ماسی پشتە، هەرِ‌پایە؟ ٢- بە باڵ مەلە، بە شاخ گایە/ ماسی پشتە و هەرِ پایە. ٣- چییە دیدیم دیی دەش، ئەرە پا و نۆ ژی چەش. (لوڕی) ٤- مەلێکمان هەیە مەلەخاتۆرە/ قاچ و قول باریك سەربالی بۆرە؟	**کوللە**
پەنجە کەشیدە و قودیسە سیڕەهو، کوڕ چە پەیغەمبەرێکە؟ (ئەردەڵانی)	**کولێرە**

چل تاق چل نیم تاق، پڕیەتی لە برنجی پاك؟ (ئەردەڵانی)	**کونجی**
لالۆم چێگە نیشتەرە، قولێش لویٚ دەشتەرە. (هەورامی)	**کوولەکە**
بابەك هەڵگەریاوە بە تاب/ بە بێ ئاگر بوو بە کەباب. (ئەردەڵانی) (م.٢٣٢)	**کەباب**
١- ئەوە چییە، دوو دیو، کۆڵەکەیەکی هەیە. ٢- کانی جلقنە لەبەر بەنیٚ میر و مەزن دەست دەدەنیٚ؟	**کە پۆ - لووت**
ویش ئینە چەی لە گولێش ئینە چۆ. (هەورامی)	**کەدوو**
بەرەو خوار ئەچی بەرەکی توند ئەبێ، بەرەو ژوور ئەچی پاڵووی توند ئەبێ. (ن.مەریوان)	**کەر - کەوش**
هەر لێرە هەتا کرماشان، گشتی دیٚوانەی کوتەك (گورز) بە شان؟	**کەرتەشی**
١- چییە شەو و رۆژ ها لە نێو دەریا/ وەلێ لە دەریا لێوی تەڕ ناکا. (ئەردەڵانی) ٢- ماڵێکم هەیە لە چوار گۆشەوە قیبلەیە؟	**کەشتی**
زەمین لافاوە، شارێکە لە سەر ئاوە، هەموو زیندووەرێکی لە ناوە. (س.ئـ.)	**کەشتیەکەی حەزرەتی نووحە**
ئانە چێشا، چێش بە چێشا، نەسلەکەش لای دەروێشا. (ن.هەورامان)	**کەشکۆڵ – دەف**
١- بانگ دەدا، بانگدەر نییە، ردێنی هەیە و سۆفی نییە. ٢- مام هورمزە، ردێنی قورمزە، سۆفی سەحەرە، خواردنی پاشەرۆکە. ك.ژ (س.ئـ.٢١٦) ٣- مەلای بەیانیان بانگ دەدا، ئاوی دەخواتەوە و نوێژیش ناکا؟ (س.٢١٦) ٤- وتوو لە سەرا پاوشاس و لە شێوا شێر، دوم لە بان پشت، لە دەنگا دلێر. (ئەردەڵانی)	**کەڵەشێر**
خانومان کچە پادشایە/ سی و دوو کراسی لەبەر دایە؟	**کەلەم - پیاز**
١- ئەڕۆی لاقی نییە، ئەفڕێ باڵی نییە، ئەخوریٚ، گۆشتی نییە. (ف.١٦٨) ٢- باخێکم هەیە، حەوت گەزی، پڕ سەریەتی لە دەرزی. (ئەردەڵانی) ٣- بیرە کا دڕیدا، هەزار کەلەم دڕێکێدا. ك.ژ (س.ئـ.١٨٧) ٤- چاڵێکم هەس چل گەزی خاتوونێکی تێبەزی دابەزی، پڕ بان سەریە لە دەرزی. (ئەردەڵانی) ٥- خانمە خانم دابەزی/ کەوتە بیری چل گەزی، سەری پڕ بوو لە دەرزی. ٦- نۆ مانگ لە زەوی، سیٚ مانگ بە دەرە/ ئەوەڵ بۆ ئادەم، دووەم بۆ کەرە؟ (س.ئـ.١٨٧) ٧- نۆ مانگ و زەمینە سیٚ مانگ وەدەرە، ئەوڵ هێن ئادەم، ئەیجار هین خەرە؟! (لەکی)	**کەنگەر - کەرەنگ**
١- مردووە بە پێوە/ پەرۆی بە قوونێوە. (موکریان) ٢- مردووی پەڕۆ بە قنگ. (ن.مەریوان)	**کەنوو - کەندوو**
ژ ڤێریٚ هەتا بلبل، هەمی لاوێت چاڤ بە کل. ك.ژ (س.ئـ.٢١٦)	**کەو**

ئەوە چەس چل کەڕەت سەری ئەوڕن و هێشتا هەر گیانی هەس. (ئەردەڵانی)	**کەومرگ**
١- ئەوە چییە لە ڕۆژا دەمی بەسراوە و لە شەوا دەمی تاکە. (ئەردەڵانی) ٢- بە شەوا قسرە و بە ڕۆژا ئاوسە. (ئەردەڵانی) ٣- تا نەیبەسیتەوە ناڕوا. (ئەردەڵانی) ٤- چییە کاتێ بێتە ماڵەوە، خاڵییە بچێتە دەرەو پڕە. ٥- ڕاست و چەپی دەچی کنی، ڕێگا و بانان هەڵدەچنی، دەچی ماڵان دایدەکەنی. (ب.٣) ٦- هەڵتدەگرێ، هەڵیدەگری. (هـ.٥٤)	**کەوش**
١- ئەچێتە سەرەوە باری هەیە، دێتە خوارەو کاری هەیە. (ن.سەقز) (ن.مەریوان) ٢- ئەیکەیتە خۆتا، حەزی لێ ئەکەی؟ (ئەردەڵانی) ٣- چییە تا دووچکەی نەگری، سەر بە ماڵا ناکا؟ (ئەردەڵانی) ٤- هەڵیئەگری قورسە، دایئەنێت سووکە. (ن.سەقز)	**کەوچك**
١- فافۆنە کون کونە، دایە بە دەستی ژنە. (هـ.٤١) ٢- کەوچکی کون کونە، بە دەستی ژنە. (ئەردەڵانی)	**کەوگیر**
لە بان بەرێ هەڵدەپەڕێ. (ئەردەڵانی)	**کێچ**
١- باڵی نییە هێلکە دەکا. (ب.٧) ٢- بانی تاوێرە، بنی تاوێرە، لێی مەترسە و پێی بوێرە. ٣- بە ساڵێکی دە هێلکە دەکا!؟ (ب.٨) ٤- پشتی بەرد و بەرد نییە، هێلکەی دەکا، مریشك نییە. (ب.٩) ٥- پشتی ڕەقە بەرد نییە، هێلکە دەکا مریشك نییە، سەردرێژە مار نییە. (هـ.١٥) ٦- پشتی ناجوولێ بە خۆی دەجوولێ. ٧- ریش ئێسبی ئەغەل مەغەل، دەس دی چیو و پا دێ بەغەل. (لوڕی) ٨- سەرش هەسان، چیرش هەسان، دلیراسیش بەچکەشەیتان. (هەورامی) ٩- سەری بەردە و بەردە نییە، بنی بەردە و بەرد نییە، گیا خورەوکەر نییە. ١٠- کەر نییە، کەما ئەخوا، مامر نییە و هێلکە ئەکا. (ئەردەڵانی) (ن.مەریوان) ١١- نە خودایە و نە پێغەمبەر، مردوو زیندوو ئەکا، بە نەزەر. ١٢- لە سەری عەرووسە، لە لنگا ئینگلیسە، لە نێوەندی پیسە؟ (س.ئـ.٢١٠) ١٣- مریشکە قولێ گاڕگاڕ دەکا، دانی ناخوا و هێلکەش دەکا؟ (س.٢١٠)	**کیسەڵ**
١- بلێ من چیم ئاسنی سەردم و داوەری مەردم؟ (ئەردەڵانی) ٢- یەك چاو تەیارم، جێ باوڕی دەوڵەمەند و هەژارم! (ئەردەڵانی)	**کیلۆ**
ئەوە کام دارە، بەرز و ریشەدار/ لە زستان سپی، سەوزە لە بەهار؟ (ئەردەڵانی) (م.٢٢٤)	**کێو**

گ

ئەجرومەجر، جری ولاشن، دوو دەم و چوار گووش هەشتیژ دەست پاشەن؟! (لەکی)	گاجفت
١- ئەوە چییە هەر ئەڕوات و خۆڵ ئەکاتە سەر خۆیا؟ (ئەردەڵانی) ٢- سەری قوڕینە، بنی دارینە، خواردنی گیای شینە. (ئەردەڵانی) (م.ت.٢٢٧) ٣- هەر ملو دەرەوە خوڵە کەرۆ سەرەوە. (هەورامی)	گاواسن
ئەجر و مەجر جەری دلاشە، دوو دوم و چوار گۆش، هەش دەس و پاشە. (لوڕی)	گا و گاواسن
هەشتی هەنگاوە، چواری چاوە، بۆمدرە ناوە. (ن.سەقز)	گاو و گاوەسن
١- ئاغای شەو، خانمی ڕۆژ. (ن.مەریوان) ٢- بە ڕۆژ کابانە، بە شەو میوانە (هـ.ن.١٢) ٣- بە ڕۆژ عەیارە و بە شەو بووکە (هـ.ن.١٢) ٤- بە شەوا خانمە و بە ڕۆژا کارەکەرە. (ئەردەڵانی) ٥- ریش چەرمووی لای ژووری ماڵ. ٦- ریش چەرمەو سەروویانەی. (هەورامی) ٧- ریش چەرمی زن زن سلاحش هاوە ژن؟! (لەکی) ٨- یەك سەری هەس و هەزار پا. (ئەردەڵانی)	گزگ
ئەم لای سندووق، ئەو لای سندووق، تێدایە گەورە و بچووك. (هـ.٥)	گۆڕ
بازێرە دەنگی ژێ ناهێت، سیکە بازاری ژێ ناهێت؟ ك.ژ (س.ت.١٠٥)	گۆڕستانە
چییە وەك دارای زۆر تەمەعکارە/ زکی پڕە لە ئاو، لێوی وەبارە. (ئەردەڵانی)	گۆزە
ئانە چێشا گرد چێوێ داش بۆوە چەنەش. (هەورامی)	گۆش
١- چەوت و چێڵ و چەمییە/ وشك و ڕەق و بێ دییە؟ (س.ت.١٤٩) ٢- عومر بچێتە سەر، دوان ئەبێتە سیان. (ن.سەقز)	گۆچان
١- چوار بران و لە نێو شاواێێکا مێز ئەکەن. (ئەردەڵانی) ٢- چوار مامم هەیە لە ڕۆمی تیران دا وێنەی گومی. (ب.١٠)	گوانی مانگا
بۆرەی چاوزەرد بەهێزە/ ڕاوچییەکی بەپارێزە/ شەبینە و ڕەنگی دێزە/ مگێزی لە هەوێزە؟ (س.٢١٩)	گورگ
ئەوە کام گوڵە وا ها لە گوڵزار/ چوار فەسڵە هەسی، خەزان و بەهار. (ئەردەڵانی)	گوڵ ڕەعنا
چوومە سەر تەپۆلکێکی سەت بووکم دی بە جارێکی. (ب.١١)	گوڵاڵەسوورە
یەك لاق و نۆ باڵ/ سێ نوقتە و سێ خاڵ. (ف.١٦٨)	گوڵە گەزیزە
سەری دارە، بنی دارە، هەمیشە سەری لارە. (ن.سەقز)	گوڵەبەڕۆژە – ڕۆژگارپەرست
هەر لێرە تا کێلێزە، گشتی سۆفی ریش درێژە. (ن.سەقز)	گوڵەزروان

لە دوور دێ، بە نووڕەنووڕ دێ، قەڵەم دەبڕێ خوێن دێ؟	**گوللە**
حەوت نانی سپی قوتووی زەعفەران، هەر کەس هەڵیبێنێ عەجەب پاڵەوان. (ن.مەریوان)	**گوڵی نەرگس**
تا لێی نەدەی گەورە نابێ. (ن.مەریوان)	**گونك**
١- ئودامشتی، دوو فەقە (فێقی) تێد ڕونشتی. ك.ژ (س.ت.١٩٩) ٢- تەیرا زمزمێ، پڕ لە نانی گەنمێ. (هـ.١٦) ٣- خڕە و ڕەقە، وەك كەلایە، چوار منداڵی لە زكدایە. (هـ.٢١) ٤- دوو بران و نێوانیان پردێكە. (ف.٢٠٥) ٥- سنۆقی چێوی پڕ لە ڕۆنی كێوی. (ئەردەڵانی) ٦- لە فیل گەورەترە، لە سێو چكۆلەترە، لە ڕۆن چەورترە. ٧- لە وشتر بەرزترە، لە كەكرە تاڵترە، لە زۆر شتان خۆشترە.	**گوێز**
١- ئەمە چەس چەیشی پیا ئەچێ. (ئەردەڵانی) ٢- ئەمە چییە چێشی پیا ئەچێ. (ئەردەڵانی) ٣- ئەمە چییە هەموو دنیا ئەكێشێ. (ن.مەریوان) ٤- تەواو دونیای پیا ئەچێ، شاخە بزنێكی پیا ناچێ. (ن.سەقز) ٥- چاڵ و چۆڵی بێ موحتەوا/ وەلێ كاری ڕادار ئەكا. (ئەردەڵانی) ٦- دوو كاسەكەل هاوە لێژێكەوە. (ئەردەڵانی) ٧- ساجە لەتەیە بە حەواوە، هەركەس هەڵیبێرێ عەقڵی تەواوە. (ف.١٨٥) ٨- كاسە لەتەی بە دیوارەوە نووساو؟ (س.ت.١٣٢) ٩- هەر ئینسانێ سی و دوو گوێچكەی هەس. (یەك سی+دوو گوێچكە) (ن.سەقز) ١٠- هەرچێ شتە ئەچێ پیا. (ئەردەڵانی) (ن.مەریوان)	**گوێچكە**
بەری گەڵایە وەك هەڵوایە، شیرین دایە شیرین دایە. (ب.٨)	**گەزۆ**
سەر لە زەوی، پا بەرەو ژوور، كڵاوی سەوز و لاشەی سوور. (ئەردەڵانی)	**گەزەر**
١- تا بیكەنیتەوە باڵ ئەگرێتەوە. ٢- سەری دەبڕی بەفر دێ. (هـ.٣٧)	**گەڵا**
مردار دەبێ و بەفر دەبارێ؟ (س.١٨٧)	**گەڵای دار**
زەمین لافاوە، شارێك لەسەر ئاوە، هەموو زیندەوەرێكی لە ناوە؟	**گەمیەكەی نووح**
سەندووقچە، سیلیمونی، دەربەستە و بیاونی. (لوڕی)	**گەنج**
١- بەهاران شینە، هاوینان وشكە، كەسیش بە بێ ئەو ناژی. (هـ.٧) ٢- هەر لێرەوە تا قەزوێن، گشتی سەیی سەرلەرزێن. (ئەردەڵانی)	**گەنم**
ئەی خەنە خەنە، سەد سنووق لە بان یەك سنووق بەنە. (ن.سەقز)	**گە نمەشامی**
١- هەر لێرە تا ئەو شانە گشتی سۆفی سەر پانە. (ئەردەڵانی) ٢- هەر لێرە هەتا بانە هەموو سۆفی سەرپانە. (ن.سەقز)	**گەون**

خاڵێکم هەیە لە دەشتی، ژن دەیهێنێتەوە بە پشتی؟ (س.ئـ.١٨٩)	**گیا - دار و چیلکە - قلشە**
تا پیر نەوێت و نەمرێ پا ناگرێ. (ئەردەڵانی)	**گیای شەلەمکەرە**

ل

١- تانجی رەشە، ئاڵقە لە گوێ؟ (ب.٩٠) ٢- حەوشی رەش و مەڕی سپی؟ ٣- سەگی رەش، نان لە سەگی سپی دەستێنێ. (ن.سەقز)	لافاو
توسکاڵێکە، پڕ ماڵێکە. (ئەردەڵانی) (ن.مەریوان)	لامپ
١- ئاو هەر ئاوە، ماری مردووی لە ناوە، تەیری زێڕی لە ناوە؟ ٢- گوڵەگاڵە، پڕ ناو ماڵە. (ئەردەڵانی) (ن.سەقز) ٣- مارێك لە ناو حەوزێکدایە، گوڵێکی زەردی لە دەم دایە، مارەکە ئاوەکە دەخواتەوە، گوڵەکەش مارەکە دەخوا؟	لامپا
مردوو زیندوو لە باوەش دەگرێ. (هـ.٥٢)	لانك
بەر لە باوك و دایکی ریش چەرمگ ئەکات. (ئەردەڵانی)	لۆکە
١- بە دوو ئەشکەوت، دیوارێکیان هەیە؟ (هـ.ن.٨٠) ٢- بە دوو براوە، کلاوێکیان هەس. (ئەردەڵانی) ٣- بە دوو ماڵان کۆڵەکەیکیان هەیە. (ب.٨٠) ٤- دەری گۆشتە و ناوی مووە؟	لووت - کەپۆ
تا پیس نەبێ ناخورێ. (ن.مەریوان)	لەش
بە وشکی تێی دەنێم، بە تەڕی دەریدێنم.	لەغاوی ئەسپ
ترشە و هەنار نییە، سەوزە و خەیار نییە، گردە و گوێز نییە. (ئەردەڵانی)	لیمۆترش
١- دوو بران تا کاتێ وان بە یەکەوە/ ئەلف تا بێ ناکەنە دوو کوتەوە/ وەلێ هەر کاتێ جیا ببنەوە/ هەر قسە ئەکەن تا ئەگەینەوە. (ئەردەڵانی) ٢- لە بابەی دەگا، بە دایە ناگا. (هـ.٤٧)	لێو

م

پاشیاوی شل دەڤی، ژ جێی خۆوە هەلەڤی. ك.ژ (س.ئ.١٧٩)	**ماتۆڕی ئاو – ئاشی ئاو – مەشکە**
ڕەنگ ئەکا جوانکارە، ژن بۆی بێقەرارە، بگەڕە بۆی لە بازاڕا. (ئەردەڵانی)	**ماتیك**
١- باڵی نییە هێلکەی دەکا. (ب.٧) ٢- بێ دەست و پێ، ب ڕێڤە دچێت؟ ٣- بێ لاق و بێ باڵە/ تیژڕەو و بەغارە/ هێلکە دەکا بێ یارە. (هـ.ن.١٢) ٤- درێژە وەك شریت، نەرمە وەك هەویر؟ (ن.سەقز) ٥- زەردی زەردانە/ لە بن بەردانە/ زمانی نامەردانە/ دەرمانی حەوت دەردانە. (ف.٣٩٨) ٦- شواتەڕ لەسەر گەوهەر. (ب.١٦) ٧- کلافەی چین چینە چین لە سەر چینانە، هەر کەس هەڵیبێنێ ڕۆستەم پاڵەوانە؟ (س.٢٠٩)	**مار**
زەردی زەردی، لە بن بەردی، ئەڵقەی شیر و گوێ نامەردی؟	**مار، دومارمکۆڵ دووپشك**
١- داری حەفت بەر، خوشەی کوندەی، تیماری زمانی. ٢- مەتەڵ، مەتەڵ کاوڕە کەچەڵ، سەرم بری و نامە بەخەڵ. (ن.سەقز) ٣- هەلاران و مەلاران هێلکە دەکا لە داران بۆ فەقیر و هەژاران. (موکریان)	**مازوو**
١- ئەمە چەس ها ناو ئاوا و لە تینگیا ناوسکی ڕەشەو بووگە؟ (ئەردەڵانی) ٢- ئەوە چییە، چییە چییە، گۆشتی خۆشە و مەلەوانچییە؟ (هـ.٤) ٣- بێ قاچ و باڵە، کە دەمرێ گۆشتی حەڵاڵە؟ (هـ.ن.٩) ٤- جامی چل کلیل مێحراوی ئاوە/ هەرکەس بیزانێ عەقڵی تەواوە. (ف.١٨٥) ٥- چوار باڵ دوو چاوە، دوژمنی زەوی و هەتاوە. (هـ.٢٠) ٦- چوار باڵ و سەرێ، دایم بەدەوە، دوڕ و گەوهەرێ، مەکانی ئاوە. (هـ.١٩) ٧- چوار پەڕ و دوو سەر دایم لە خاوە ملکی جەواهێر مەسکەنی ئاوە. (ئەردەڵانی) (ن.سەقز) ٨- چووم سەر کانیەکێ، سەد و سی سوار لە ڕەنگێ. ٩- زمانی نییە، گۆشتی دەخورێ. (ب.١٤) ١٠- زەردی خۆراوا لێی بە ئەندێشە/ حەکاك ئەو کەسە ئەزانی چێشە؟ (س.٢٠٨) ١١- شەش باڵ و سەرێ دایم لە گەوە، گەنج و جەواهیر مەکانی ئاوە؟ ١٢- شەش پەڕ و دوو باڵ دایم بە دەوە، ملك جەواهر بە ئەوە، تۆزێ خۆریش زەرەرە بە ئەوە. (ئەردەڵانی) ١٣- شەش پەڕ و دوو چاوە دوژمنی خۆر و هەتاوە.	**ماسی**

١٤- قەڵای گۆشتن، میراوی ئاوە، هەرچی هەڵیدا، ئاقڵی تەواوە؟ (ن.سەقز) ١٥- کلافەی کەوە، مرغی بێ زمان، هەر کەسێ هەڵیبێنێ، ئافەرین جوان. ١٦- کە لە ئاو دەرچوو، ناگەڕێتەوە. ١٧- لە ژووری دەژی، لە دەرێ دەمری. (هـ.٤٩) ١٨- مزگەوتی چەرمە، مێحراوی ئاوە، ئەگەر هەڵیبێری عەقڵت تەواوە. (ب.٢١) ١٩- مزگەوتی گۆشتە، مێحراوی ئاوە، هەر کەس هەڵی دا ژیر و تەواوە. ٢٠- مەتەڵ بزانە چییە مەتەڵم/ بیری لێ بکەوە مەڵێ تەمبەڵم/ گیان لەبەرێکم مەلەوانی گۆم/ زۆر جاران دیوتە لە رووبار و چۆم. ٢١- مەلا و قەشەوساڵە، گۆشتێک دەخۆن، بۆ هەموویان حەلاڵە. (هـ.٥٢) ٢٢- نە ملی هەیە و نە باڵ/ کە مردیش گۆشتی حەلاڵ. (هـ.٥٣) ٢٣- یەک تەن و حەوت پەڕ دایم لە دەوە، کانی جەواهر مۆتەنی ئەوە. (ئەردەڵانی) (ن.سەقز)	
بە سێ گیانلەبەرەوە سێ سەر و شەش چاو و دوو لاقیان هەیە. (هـ.٧)	**ماسی، مار، کەو**
دەزگایەکم بینی دەمی ها لە نێو زکیدا، دووچکەی (کلکی) هێزی پێ ئەدا، پێخۆری ورد ئەکا، ئاوێکی خۆشت پێ ئەدا. (ئەردەڵانی)	**ماشینی ئاومیوە گرتن**
دەزگایەکی یەک چاوە، وێستاوە بە پاوە، پڕ سکی لە ئاوە، خۆراکی ڕێسراوە.	**ماشینی جلشۆری**
١- ئەوە چەس هەر ئەڕوێت و پووک زەوی ئەنێ. ٢- هەر ملۆ رارە، قزارنۆ دولەکەیش تزارنۆ. (هەورامی)	**مامر - مریشک**
١- ئەگەر پڕ بێ ناتەواوە، ئەگەر ناتەواو بێ پڕە. (هـ.٧) ٢- ئەگەر پڕە، نیوەیە، ئەگەر نیوەیە، پڕە. (ب.٧) ٣- ئەگەر زۆرە کەمە، ئەگەر کەمە زۆرە. ٤- بازنی ستیبێ، هاڤیت کانیێ، شەفەقدا ئامایدیێ؟ (هـ.١٣) ٥- بۆ خۆم چوومە سەربانی/ بەری خۆم دا ئاسمانی/ دیتم کەرکەکی (پارچەکی) نانی؟ (س.ئـ.١٢١) ٦- بە تەواوی ناتەواوە، بە ناتەواوی تەواوە. ٧- بە جوانی پیرە و بە پیری جوانە. (ن.مەریوان) ٨- بە یەک شەو داسە، بە دوو شەو تەڵماسە، بە سێ شەوی خڕ باشە. ٩- پڕ بێ پڕە، پڕ خاڵییە، نیوەی پڕە. ١٠- نانوو شەوێ رۆنە برپو، پانزە روێ جا وریۆ. (ن.هەورامان) ١١- جامێ ماستی، لەسەر دەستی، ڕەق رادەوەستی. (هـ.١٨) ١٢- لە سی جەحێڵە، لە پانزەی پڕە. (ب.٢٠) ١٣- لە نیمە پڕە، لە پڕا نیمەس. (ئەردەڵانی) ١٤- هەموو مانگێک جارێک لەدایک دەبێ.	**مانگ**

ئەدا و هەزار بزڵانە، شەوێنە لەوەریانە، ملاگنا، پەشتە و کەشانە. (ن.هەورامان)	مانگ و ئەستێرە
لە دوازدان یەکی حەرامە. (ب.١٩)	مانگی ڕۆژووان
١- بە سەر هەموومانندا دێ، بە سەر خودا نایێ. ٢- فەرزی ناڕازی.	مردن
١- چتێکم دی لەو دەشتە/ چوار پێنج بەدەن بە پێ هەشتە. (ئەردەڵانی) ٢- دە پایش هەنێ، دوێشا فەوتیا، هەشتشا گیانشا هەن وێش گیانش نیا. (ن.هەورامان) ٣- ڕەورەوێکم بینی لەو دەشتە/ پەنج لەش و چوار گیان بە هەنگاو هەشتە. (ئەردەڵانی) ٤- عیسا لە مووسا پرسی ئەو مەلە بۆ کوێ ئەبەن بە سکی برسی. (ن.سەقز) ٥- مەلێ هات برسی، نایانە بان قورسی، عیسا لە مووسای پرسی، ئەو مەلە بۆ ڕۆی بە سك برسی؟ (ئەردەڵانی) (ن.سەقز) ٦- مەلێ هات بە سیس نیشتە سەر قورسی، عیسا لە مووسای پرسی بۆ ڕۆیشت بە سکی برسی. (ن.سەقز)	مردوو
١- ئەوە چە گیانلەبەرێکە بەیانی بە چوار پا و نیمەڕۆ بە دوو پا و دوا نیوەڕۆ بە سێ پا ئەڕوات. (ئەردەڵانی) (موکریان) ٢- بە چاران دەخشێ، بە دووان دەڕوا، بە سێیان دەلەنگێ. (ه.٩) ٣- سەرێکی هەیە و دوو دەست و پا خۆڵان دەخوا وەکوو دەعبا هەستی بەڕێدا دەڕوا. (ف.١١٣) ٤- قەفەزی نۆکران تێدا؟ (س.١٢٩) ٥- نانەخۆرەی پێنج ئەنگوست.	مرۆڤ - ئینسان
زیندوو، مردوو ئەکا، مردوو زیندوو ئەکا. (ه.٣٢)	مریشك، هێلکە
ناوێکە لە ئافاقا بێ وێنەیە/ نیمەی ئاخری دەریایە، مەیە؟ (م.٢٠٣) (ئەردەڵانی)	مریەم
دەمەکەی بڕگەبڕگە و کەلەکەی لارە/ ئەگەر نازانیت ئەوە مشارە. (ن.سەقز)	مشار
١- بە ڕۆژ و بە شەو هەدا نادا، خەریکە کونان دروست دەکا؟ ٢- خاڵێکم هەیە لە بن گلی، بە سێلان دەڵێ ولی ولی. (ه.٢٢) ٣- قاسم دیوار سم؟ (ئەردەڵانی) (ه.٤١) ٤- لوولەی گۆشتین دیوار ئەبڕێ؟ (س.٢١٧)	مشك
١- ئەوە چییە چیی بە چییە ئەزانم هەس نازانم چییە؟ (ن.مەریوان) ٢- بە ناو ئاوا دەڕوا پێی تەڕ نابێ. (ه.١٣) ٣- چتێکم هەس چەتانی/ ها لە بۆغچەی سوڵتانی/ ئەمساڵ تا ئەو ساڵ هیچ کەس نەیزانی. (ئەردەڵانی) ٤- چێش بە چێشەن زانو هەن مەزانۆ چێشەن؟ (ن.هەورامان)	منداڵ لە سك دایکا

٥- چییە چییە گۆشت مەلیچیە/ ئەزانم هەیە و نازانم چییە؟ (ئەردەلانی) ٦- ل باغی هەچی و مەچییە/ دەزانین هەیە نازانین چییە. ٧- مزگەوتی چەرمە و گۆشتە، میحراوی ئاوە/ هەر جیّ رووی تیّکا قیبلەی تەواوە.	
١- حاکمە حوکمی نییە، دوو بەرخ دەخوا ئیّسقانی نییە. ٢- حاکمە و حوکمی نییە/ دوو بەرخ ئەخوا ئیّسکی نییە. (ف.٣٩٤)	**مناڵ**
نۆ مانگ لە حەپسخانە و ساڵ و نیویّك سواڵکەرە؟ (س.ئـ.١٣٦)	**منداڵ لە سکی دایکدا و گاگۆڵە کردن**
١- بارەکەی زیندووە، کەرەکەی مردووە. (هـ.ن.١٢) ٢- بە خۆی نووستیە، ئەسپی مردییە. (هـ.ن.١٢)	**منداڵ و لانکە**
چریچیە و مریچیە، کەس نازانیّ ناوی چییە؟	**منداڵی ساوا بەرلە ناونانی**
هەواڵ تیّریّ هەواڵ ئەنیّریّ. (ئەردەلانی)	**مۆبایل - تەلەفۆن**
١- بە کاری بیّنی، فرمیّسك ئەرِیّژیّ؟ ٢- بە کاری دیّنی، فرمیّسك دەرژیّنی. (هـ.١٣)	**مۆم**
ئاسمان سافە تووڵ تووڵ هەورە، قاڵی چین چین، دەسگا گەورە. (ئەردەلانی)	**مەخمەڵ**
هەراو هەراو، قنگ لە قوراو، کەپەنگ لە شان نوقڵە لە ناو؟ (س.١٩)	**مەرمزە - چەڵتووك - دەنکە برنج**
تەپ لە سەر تەپ، دەستت بە رەپ؟	**مەشار - مشار**
١- ئەخزیّ و ناخزیّ هەڵمەت دەبا بۆ (...)، دانی نییە بیگەزیّ. (هـ.٥) ٢- ئەگرمیّنی وەکوو هەور فریّ دەدات سپی چەور؟ (هـ.٥) ٣- ئەڵڵاکەم و بیلاکەم، چوار پەلت لە حەوا کەم، جرپ و جۆیت لیّ پەیدا کەم. ٤- پشتی لە خوار و دەستی لە هەوا، بزن هەی بزن باری تەعالا؟ ٥- چل و چوار پەلم دەحەوا کرد/ چەپ و چۆپم لیّ پەیدا کرد. (ب.١٠) ٦- چەرمی خاوە لە ئاو ناوە، قەد نەتەواوە. (هـ.١٨) ٧- چییە و بیّ سەر ئەچی بەراوە/ چوارپای هەس دایم وا لە هەواوە. (ئەردەلانی) ٨- داریّ لە داریّ، پەتیّ لە هەوساریّ، مل دابراو وەرە دیاریّ. (ن.سەقز) ٩- دوو پا لە زەوین سیّ پا لە هەوا/ ناڵەناڵ ئەکا لە ژیّر سای خوا. (ئەردەلانی) ١٠- رامان دیّنی بۆ دڵی دایکت/ ئەوی تیّدایە بە دەمی باوکت. ١١- سیّ پا لە زەوین چوار پا لە هەوا/ وە جەخت ئەناڵی لە درگای خوا. ١٢- قەلە وا بە حەواوە، پەتیّکی وا بە دواوە، پەتەکەی کراوە، قەلەکە رشاوە. (ن.سەقز) ١٣- کەوڵی نیّری شاخەدارە/ هەڵدەواسریّ بە دارە/ ئاو و ماستی تیّدەکەن. (هـ.٤٤) ١٤- مریشکیّکم هەیە زەنگیّ رەنگیّ هیّلکە ئەکا پڕ چەنگیّ؟ ١٥- هەڵم مەڵم شەش پا و دوو سم. (ئەردەلانی) ١٦- هەڵدەبەزیّ و دادەبەزیّ، قەپ دەبا بۆ (...)، نایگەزیّ. (هـ.٥٨)	**مەشکە**

بەرخۆکەی سەر چیا، ناهێڵێ قلەك گیا؟ (هـ.ن.١٣٠)	**مەکینەی سەرتاشین**
مەلا بەرۆژوو، فرووج ئاو ئەخوا بۆ رۆژووەکەی ناشکێ. (ن.سەقز)	**مەلا بۆ خۆی رۆژوو، فرووجیش ئاو ئەخواتەوە**
بە جارێکی لەسەر ئاوێ، دەچمە بن ئاوێ. (ب.٨)	**مەلە**
گۆشتی بێ هێسك.	**مەمك و کرم و دومبەڵان**
گۆشتی بێ پیشە. (هەورامی)	**مەمکە - کرم - دووگ**
١- خڕە وەك گۆ، شلە وەك دۆ. (ب.١١) ٢- سەری بە خۆتەوە و بنی بە دایکتەوە. ٣- کانییا لبەر کەندالی، میر و حاکما لێ ڤەخاری. ك.ژ (س.تـ.١٣٤)	**مەمکە**
١- تاجییە زەرد و حەلقە لە گوێ سەیران ئەکا لە دەوری دێ. (ن.مەریوان) ٢- گرێ دارە و قازی شارە؟ (ئەردەڵانی)	**مەن**
١- چتێکم هەیە شت، چاوی بەروپشت، کەری مەلای کوشت. (ب.١٠) ٢- شاخی گایە، بە باڵ مەلە/ پشت ماسییە، بە چوار پەلە. ٣- مۆز تەرەلینجە. (هـ.٥٣)	**مەوز**
١- گاداکر، دیڤ ژێ کر. ك.ژ (س.تـ.١٩٨) ٢- گای بە کلك ناچێتە ژوورەوە؟ (هـ.٤٥) ٣- گا سوورە، کلکم بڕی چووە ژوور.	**مەویژ - مێوژ**
سەرەکەی پانە و پاکەی باریکە. (ئەردەڵانی)	**مێخ**
١- رەشە شەڤ نییە، جەی د خۆت کەر نییە، د ناڤ مالێ نێت و دچیت مشك نییە، دفڕیت باڵندە نییە؟ ك.ژ (س.تـ.٢٠٥) ٢- قافڵەی سەرزەمینی، کاسبکاری بێ زمان، هەرچی هەڵێدا سەد ئافەرین نەوجوان. (هـ.٤١) ٣- مەڕی دایە، لە پشت مایە، نەدەیدۆشن نە دەیفرۆشن.	**مێرووله**
دار لە ناڤ داری، لێ تێد دەنگی بریندارێ؟ ك.ژ (س.تـ.٢٧)	**مێش هەنگڤینە**
١- ئەشکەوتی سەد پاڵەوانان، بە قامکە پۆشە دەگیرێ. ٢- ئەشکەوتی سەد پاڵەوانی، بە چەپۆکی دەکێشم گیانی. (هـ.ن.٤٠) ٣- خالێکم هەیە لە زوورگی، سەری گەورەترە لە ورگی. (هـ.٢٢) ٤- گەورێکم هەیە جێگای سەد سەری تیا ئەبێتەوە، بەڵام جێگای قولکە (چڵە) گیایەکی تیا نابێتەوە. (ن.سەقز) ٥- ماڵێکی تەنگ و تاریك/ پڕە لە عەجنەی مل باریك. (ئەردەڵانی) (ن.مەریوان)	**مێلووره و شارمکەی**
١- دەگرمێنێ هەور نییە، دار دەبڕێ مشار نییە، سووری دەکات بۆیاغ نییە، دووکەڵ دەکا ئاگر نییە. (هـ.٢٤) ٢- شتێکی پیسی بێ عار و نالەبار، قاچت دەگەزێ وەك سەگی هار.	**مین**

بنکی ناخینە، نافکی دارینە، سەرکێ زەڕینە.	**مێو**
دایکا شینە، کچا شرینە، کچا کچێیا هار و دینە؟ ك.ژ (س.ئـ.١٩٧)	**مێو – ترێ - مەی**
داری بێ گوڵ، مەلی بێ دڵ، ملکی بێ گڵ. (ن.مەریوان)	**مێو – مێشوولە - ژن**
ئەگەر چووم ئەهات، نەیشچووایەتم هەر ئەهات، چووم بۆیە نەهات. (ن.سەقز)	**مێوان (میوان)**

ن

ناخوێنگیر (نینۆکگیر)	مەڕی لات لە گوێ بان، گیا ئەقرتێنی بە تەنیا دیان. (ن.سەقز)
نامە و سندووقی پۆستە	١- دەس و پای نییە، شار و شار ئەڕوێ/ دەم و چاوی نییە، پیاو ئەگریێنێ و پیاو ئەکەنێنێ. (ئەردەڵانی) ٢- لە پەنجەرە دەچێتە ژوورێ لە دەرگا دێتە دەرێ. (هـ.٤٧)
نان	١- بە تەڕی ئەچی، بە وشکی دێتە دەر. (ن.مەریوان) ٢- بە تەڕی بێ تامە/ بە وشکی بە تامە. (ئەردەڵانی) ٣- بە تەڕی تێدەخەی، بە وشکی دەریدەکەی. ٤- شول میره، شەق ورمی گەردە. (لوڕی)
ناو	١- ئەمری ها تەکتا، زینگی ها تەکتا؟ (ئەردەڵانی) ٢- بینن پێوە لێت نابێتەوە. (ئەردەڵانی) (ن.مەریوان) ٣- پێتەو بلکێ لێت ناوێتەوە. (ئەردەڵانی) ٤- هەموو شتێك شتێکی هەیە/ بیشمێری لێت نابێتەوە. (ن.سەقز)
نۆك	١- ئاردگەنم بەهارە، نۆکی لارە؟ (ئەردەڵانی) ٢- بەڕەق وەك دارە، لووتی زۆر خوارە. (هـ.٩٠) ٣- هەندووکە بەندووکە/ خڕە و لەبارە/ رەقە وەك دارە/ کە پۆشی (لووتی) خوارە؟ (س.ئـ.١٩١)
نووسین	١- بە دەست دەچێندرێ، بە چاو هەڵدەگیرێتەوە. (هـ.٧) ٢- بە دەم ئەیچنیتەوە، بە دەس ئەیوەشێنی. (ن.سەقز)
نووسین هێسر گۆڕستان	خەتی بێ خۆر، مێی بێ بەر، گوندی بێ سەر. (س.ئـ.١٥٠)
نوون	ئەوە کام حەرفە دانای زەمانە/ هەم ماسییە، هەم سوورەی قورئانە. (ئەردەڵانی)
نوێژ	١- ئاو لە ئافتاوە، خۆر لە خۆرئاوا، هەرکەس هۆرش بارۆ عەقڵش تەماما. (هەورامی) ٢- ئاو لە ئافتاوە، خۆر لە خۆرئاوا، هەر کە هەڵیبێرێ، عەقڵی تەواوە؟ (ئەردەڵانی) ٣- ئەوە چییە لە دووەوە ئەچێتە چوار، لە چوارەوە ئەچێتە سێ، لە سێیەوە ئەچێتە چوار هەروا دێتەوە دوو. (ن.سەقز) ٤- چێوێما هەن گران مایە، پەنج سەرێنێ و حەفدە پایە، هەشت جە رۆجیار نۆ جە سایە. (هەورامی) ٥- دارێك هەس پەنج دانە سێف ها بە قەویەوە سێفەکان دووانی ها لە بەر خۆرەوە و سێیانی ها لە سێوەرا. (ئەردەڵانی) ٦- دارێکم هەیە حەڤدە پەلی هەیە، هەشتی لە هەتاوایە، نۆی لە سێبەردایە. (ن.سەقز) ٧- کام دارە حەفدە لەقی هەس، هەشت لەقی ها لە هەتاوا، نۆ لەقی ها لەبەر سێبەرا. (ئەردەڵانی)

١- بە رۆژ زاوا، بە شەو رووتاوە؟ (س.ئـ.) ٢- بە رۆژ کۆکە، بە شەو پرش و بڵاوە. (ب.٨) ٣- بە شەو رازە، بە شەو رووتاوە. (هـ.ن.١٣) ٤- بە شەو کلفەت، بە رۆژ خانم. (ب.٨) ٥- رۆژانە خاتوونە، شەوانە مەیموونە؟ (س.ئـ.١٥٨)	**نوێن - پۆشەن**
ناخۆشینێکە زۆر سەخت و مشکلێ/ خۆی سەختە وەلێ ناوی وەسە گوڵ. (ئەردەڵانی)	**نەخۆشینی گولی**
شارە و خانووی نییە، بەحرە و ئاوی نییە، دارستانە و داری نییە؟ (س.ئـ.)	**نەخشەی سەرکاغەز**
١- چوومەد سەرکانییەکی ئاونا، دەستم شورد چاونا، رۆژهەڵات تاونا. ٢- چوومە کانی ئاو نا/ دەستم شۆری چاو نا/ مانگ هەڵات هەتاو نا.	**نەوت**
ساڵێ جارێك ئەبێتەوە، جل و بەرگی ئەگۆڕێ. (ئەردەڵانی)	**نەورۆز**
١- بیگری گەلە گالێکە، بەری بەی پڕ ماڵێکە. ٢- تاوسان ئەرچێ زمسان بەرئەوێ. (ئەردەڵانی)	**نەوس**
مەلێك هات و هۆهۆ/ نە تانی هەس نە پۆ. (ئەردەڵانی)	**نەوگ**
چەس خاوەن چەند کونایە، کاری ناڵێن و هەرایە، خورد و خوراکی بایە؟ (ئەردەڵانی)	**نەی**
١- ئەوە چییە وەك پیاوی سپڵە، نە بەری هەیە، نە پشت. (هـ.٥) ٢- تشتێ من تەشتە، بێ بەر و پشتە؟ (ئەردەڵانی) ٣- شتێکە کەوو و پان پانە/ ها لە میر و مەرانا/ تەواو دونیا لێ ئەخوا. (ئەردەڵانی)	**نیسك**
دایکا دایکانە، بۆ مرۆڤ، ناڤ و نیشانە. ك.ژ (هـ.٢٩)	**نیشتمان**
شیرە تامی نییە، جەرگبڕە زامی نییە؟ (ئەردەڵانی)	**نیگا**
١- هەر دەمرێ و زیندوو دەبێتەوە؟ ٢- هەر دەیبڕی و درێژ دەبێتەوە؟ (س.ئـ.)	**نینۆك - ریش**

و

ئەوە چییە لە ماڵی خۆی دەنگ ناکا؟ (ئەردەڵانی)	ورچ
١- ئەتەڵ دەس و ئەتەڵ پا، کوری گوش و دوم کۆتا. (لوڕی) ٢- پای وەسە پارۆ، دووچکەی وەسە جارۆ، سەری وەسە کەللەقەند، چاوی وەسە ئاوێنە. (ئەردەڵانی)	وشتر
باڵ ئەگرێتەوە و مەل نییە/ رەشە و قەلە شەل نییە. (ن.سەقز)	وشترمل
خۆی هەس و نەفەسی نییە. (ئەردەڵانی)	وشکەزوقم
ئوسای دەرحەوش/ لێتم گەرەکە جفتێ کەوش/ نە دەرزی لێ کار کا نە درەوش. (ئەردەڵانی)	وێزەنگی ئەسپ

هـ

فاسقی خەمسە دیارە/ قەڵەبازە و کۆلارە/ دووپشکە و مشك و مارە. (ئەردەڵانی)	**هاوین**
مارێکم هەیە سەر بە دوو کوندا دێنێتە دەرێ. (هـ.٥١)	**هۆجەنە - بەنەخوێن**
١- بە شەو رووتە، بە رۆژ بووکە. (ب.٨) ٢- رۆژانە خاتوونە، شەوانە مەیوونە. (ب.١٣)	**هەرزاڵ**
ئەوە چییە سەگی هارە لە پشت دارە. (ئەردەڵانی)	**هەرە (مشار)**
سبح تا شەو کەوش ئەبەستێ/ شەو تا سبح کەوش نەکاتەوە.	**هەزارپا**
لە چڕی گرتی سەنگەر/ لە ئاسمانێ گرتی لەنگەر/ خۆی بۆ راگرە قوڕپەسەر/ کەروێشك و کەو بوونە کەر؟ (س.ت.٢١٥)	**هەڵۆ - باز**
١- تاق لە بان تاق، پڕیە لە هەتیم چاوزاق. (ئەردەڵانی) ٢- تاقەسوارێ، دای لە دیوارێ، بوو بە هەزارێ. (ئەردەڵانی) (هـ.١٧) ٣- چل بیبجێ چل نیم بیبجێ چل غولام و چل خەجیجێ. (هەورامی) ٤- چل تاق چل نێو تاق چل کلیل و چل و هەشت تاق. (ب.١٠) ٥- چل تاق، چل نیم تاق، چل حۆری پاژنە پاك. (ئەردەڵانی) ٦- چل تاق، چل نیم تاق، چل حوجرەو چل بەیاخ. (ئەردەڵانی) ٧- چل تاق، چل نیم تاق، چوار چاوی زاق زاق. (ئەردەڵانی) ٨- چل تاقێ چل نیم تاقێ چل ئاڵتوونێ پاژنە پاکێ. (ن.مەریوان) ٩- چل دەرگای هەس، چل دریبچە، چل خەجیجە، چل مەنیجە. (ئەردەڵانی) ١٠- حەفت تاق، حەفت نیم تاق، حەفت حوجرەی دەروەتاق. (ئەردەڵانی) ١١- خانوویەکم هەیە بێ دەرك و بان، پڕیەتی لە خانمی شان لە بان شان. (هـ.٢٢) ١٢- دام لە دیوار بوو بە هەزار. (ب.١٢) ١٣- دووکانێکمان هەیە سێ فرۆشیاری تێدایە، ئەوەڵی چەرم ئەفرۆشێ، دووهەمی کاغەز ئەفرۆشێ، سێهەمی یاقووت ئەفرۆشێ. (ن.سەقز) ١٤- دیزێکم هەیە پڕ لە دانۆ، دیزەکەم چاڵ کرد، نە دیزەم لێ شکا، نە دانو رژا. (ب.١٣) ١٥- سەد دانە یاقۆت زەریف نریاوە/ گشتی ریك و پێك تەمیس چنیاوە/ گشت دانەکانی وە پەردەی نازوك/ پێچپاوەسەوە لە جێگەی تاریك. (ئەردەڵانی) ١٦- سەد درگا و سەد پەستوویە، سەد بووك و سەد خەسوویە. ١٧- سەد قووتی سە مەن قووتی، هەر سەدی لە یەك قووتی. (هـ.٣٨) ١٨- سندووقی دار دام لە دیوار بوو بە هەزار. ١٩- هەی خنە خنە، هەی زەردەخنە، سەد سنووق لە بان یەك سنووق بەنە.	**هەنار**

هەنجیر	١- دارێکم هەیە بە بێ گوڵ/ بەرێکی دێنێ وەکوو دڵ. (ب.١٢) ٢- دارێکم هەیە بێ گوڵە/ میوەی هەتا بڵێی شیرین و بە دڵە. (هـ.٢٤) و (ب.١٢) ٣- کراوەکی خڕی پڕمار و مێر؟ ک.ژ (س.ئـ.١٩٨) ٤- لە وشتر بەرزترە، لە ساوار وردترە، لە شەکەر شیرینترە.
هەنگ (مێش - هەنگوین)	١- بە چوار پەلا سەما دەکا، خواردنی میر و حاکم پەیدا دەکا. (هـ.١٣) ٢- پاشازادەکەی کەچەی شار/ لە گوڵ بووە و لە ناو گوڵزار/ بێ بۆنی گوڵ ناچێتە شار. (هـ.١٥) ٣- حەوایلکەی حەوا دەکا/ بە دەست و پێ سەما دەکا/ خزمەتی کوڕی پادشا دەکا/ کولێرەی لە ژنان چاتر دەکا. (ب.١١) و (هـ.٢١) ٤- زەردەوانە، ناشەوانە، مەلەوانە، پینەچییە، ئەمە چییە؟ (ن.سەقز) ٥- ژن نییە کولێرەکەرە/ مار نییە سەر بە کونە، هەوریش نییە دەگرمێنێ. (هـ.٣٣) ٦- سام سامدار بیم زۆرەس، تەخت تەلانشین، گوڵ غونچە و پەیوەس. ٧- سێسەد زەلام هاتن ب رەنگەکی/ سترانا دەبێژن ب دەنگەکی. (کرمانجی باکوور) ٨- گیانلەبەرێکی سەرسووڕهێنەرە/ شیری حەلاڵە و گۆشتی حەرامە. ٩- مانگای کاکە گەلۆزی/ حەتەڵ مەتەڵ نەتۆزی/ نە گەڵی هەیە نە گووان/ شیر ئەدا بە هەمووان. ١٠- نە گەڵی هەیە و نە گوان، شیریش ئەدا بە هەمووان. (ن.مەریوان) ١١- نە مەمکی هەیە نە گووان/ شیر دەدا بە هەمزە پاڵەوان. (هـ.٥٤) ١٢- هەمیشە و مەمیشە/ هەر لە گووی خۆی ئەنیشێ.
هەنگی نێو کلۆرە دار	دارێکم هەیە لە نێو داران، دەبڕنەوە بە مشاران، ناڵەی دێ وەك بریندارانن؟
هەنی - شووتی	١- ئاسمانی سەوزە و زەویەکەی سوورە و ئینسانەکانی رەشن. (ئەردەڵانی) ٢- ئەوە چییە تامی زۆر خۆشە/ زەوینی قرمز، مەردمی رەشە/ وەلێ ئاسمانی بە رەنگی سەوزە/ بێ چەوری و سالم غەزای ناخۆشە. (ئەردەڵانی) ٣- خڕی شین، سەربەندی شین، بەستراوەتەوە لە مێرگی شین. (هـ.٢٢) ٤- زەوینەکەی سەوزە، شارەکەی سوورە، مەردمەکەی رەشە. (ئەردەڵانی) ٥- سپیە و زلە، قرمزی، کونی نییە، ئاو دەدزێ. (هـ.٣٥) ٦- سەقفەکەی سەوزە، منداڵەکانی رەشە، گۆشتەکەی سوورە. (ن.سەقز) ٧- سەوز و سورخ و حەنایی، کارد تیز و قەساویی. (لوڕی) ٨- کەری شین، کەربەندی شین، دامکوتا لە مێرگی شین. (ب.١٨) ٩- کەر کەوە، کلانکەی کەوە، بە گیای کەوە، خۆی بەستەوە. (ن.مەریوان) ١٠- گوێلە و سارم ئاو ئەدا، گوێلکە شین هەڵدەمسا.

ئەوە چییە رەنگی نییە، فێلێکیش ئەیخوا؟ (ئەردەڵانی)	هەوا
١- ئەڕوا بەرێوە پای نییە/ هاوار دەکا زمانی نییە/ فرمێسک دەڕژێنێ، چاوی نییە. (هـ.٤) ٢- ئەوە چییە هەر بگری ئەمرێ. (ئەردەڵانی) ٣- باڵی نییە و ئەفڕێ چاوی نییە و ئەگری. (ن.مەریوان) ٤- دەڕوا لاقی نییە دەگرێ چاوی نییە، هاوار دەکات زاری نییە. (هـ.٢٦) ٥- دێوە رەشەی ئاسمانە، چاوی پڕ لە گریانە. (ف.١٣٧) ٦- سوارێك هات بە هۆهۆ، نە سەری هەبوو نە کەپۆ. (هـ.٣٦) ٧- مەتەڵ مەتەڵ مەتۆزی/ گاکەی حەمەی مەلۆزی/ نە گای هەبوو نە گووان شیری ئەدا بە هەمووان. (موکریان) ٨- مەتەڵ مەتەڵ مەتیزە/ گاوی ئەحمەو گەلمێزە/ نە گەلی هەس نە گووان/ شیر ئەدا بە گشت جەهان. ٩- هۆڕهۆڕ دکت، گۆرگۆر (بۆڕبۆڕ) دکت، قەستا چیایێ ستەمبۆلی دکت. ك.ژ (س.ئـ.١٢٣)	هەور
دێوە رەشەی ئاسمانە/ گورزی هەژدە باتمانە/ چاوی پڕ لە گریانە. (هـ.٢٥)	هەورەبرووسکە و باران
ئەسپە رەشی لە خوار حەوشێ/ شاخە شاخییە خۆی ئەفرۆشێ. (ئەردەڵانی)	هەورەتریشقە
پا لە زەوی، سەر لە هەوا/ مێزەرە سەوز و قرمز کەوا. (ئەردەڵانی)	هەویج
ئەوە چەس نە دەسی هەس نە پا/ ئاو ئەخواتەوە وەك گا. (ئەردەڵانی)	هەویر
لە لاتە نایبینی و ناگیرێ؟	هزر و هۆش – ئاو – خەیاڵ
بە دەوری ئەسحابان/ کوڕ گەورەترە لە بابان. (هـ.ن.١٣)	هێسر
١- ئاسمانە قوڵکە، دای کردە بولکە. (ن.مەریوان) ٢- ئاسمانێکی نزمۆکە، لێ ئەبارێ بە فرۆکە. (ن.سەقز) ٣- تا لێی نەدەی ناڕێ. ٤- هەتا لێی نەدەی ناڕێ.	هێلەك
١- ماڵێکم هەس گەچکاری نە کونای هەس نە بوخاری. (ئەردەڵانی) ٢- ئەمە چییە دوو چەم لە بان یەکا ئەگوزەرن و تێکەڵ ناون. (ئەردەڵانی) ٣- ئەوە چییە، ئەیخەیتە نێو ئاو ئەیبەسێ. ٤- باوەکولکن، دایە کولکن، دوتنەنە کولکن، دوتەزا کولکن. (ن.سەقز) ٥- بلوور شووشەی ئەشکان/ ئەگەر مەردی حالێیت ببێ/ مریشکێکیش، حاڵی دەبی. ٦- بەحری دوو رەنگ. ٧- بە ساخی مەلا و بە شکاوی حاجی. (ن.مەریوان)	هێلکە

٨- بەموو لە بێ مووی پەیدا دەبێ/ بێ مووش لە بەمووی پەیدا دەبێ.

٩- پیاڵەی سپی، ئاوی دوو ڕەنگ.

١٠- تیکەی قنگ ئەخوات؟

١١- تیکەی قنگ دەخوا. (هـ.١٧)

١٢- جامی تەنگ، ئاوی دوو ڕەنگ (هـ.١٨)

١٣- جامی زێڕ لە ناو جامی زیو. (هـ.١٨)

١٤- چادر چەرمی دووهاچە/ نە دەردیری نە باجە.

١٥- خانووی سپی بێ دەرگا، زیندەوەرێکی لە ناودا. (هـ.٢٢)

١٦- خاینێ بێ دەری، گومەتێ سپی بێ دەرك؟

١٧- خڕە وەك كۆ، سپییە وەك دۆ؟

١٨- خۆنە پاتشا، بێ درز و بێ دۆز. (لوڕی)

١٩- دەریای دوو ڕەنگ، بێ شەپۆل و دەنگ (ب.١٣)

٢٠- دوو چەم هان بە یەكەوە تێكەڵ نابن. (ئەردەڵانی)

٢١- دەوران دەورانە، هەر دەمی دەورێ/ دوو ئاو لە جامی هەر یەك لە ڕەنگی (ف.٢١٩)

٢٢- دەوێتە كولكن، دەورێتەزانە كولكن، بەچەی بەچەزا كولكن؟ (مامر و هێلكە)

٢٣- ریتۆ ژ پیرتۆ دبێت، پیرتۆ ژ ریتۆ دبێت؟ (س.٦٤)

٢٤- زەرێ زەرانی، ل ناڤ مێزەرا كتانی، نەل عەردییە و نەد ل عاسمانی؟

٢٥- زیندوو لە مردوو پەیدا دەبێ، مردووش لە زیندووی پەیدا دەبێ؟ (س.٦٤)

٢٦- زیندوو مردوو ئەكا/ مردوو زیندوو ئەكا (هێلكە و مریشك)

٢٧- سا یەقەی ساماڵ هەوری فەرەنگی/ دوو ئاو لە جامی، هەر یەك لە ڕەنگی (هـ.٣٨) (س.٦٢)

٢٨- سینی و فەخفووری، ئاوی دوو ڕەنگە/ بە ساردی شلە، بە گەرمی توندە.

٢٩- عومەرە، عومەرە، سێ پێستی و ئێكی زەرە.

٣٠- فەغفووری ئاوی دوو ڕەنگە، بە ساردی شلە و بە گەرمی توندە. (ئەردەڵانی) (س.٦٢)

٣١- قۆریە و فەخفووری، ئاوی دوو ڕەنگ.

٣٢- قەراتۆكەی گێچینە/ هیچ پێ بلقەی لێ نینە/ مردی تێدا زندینە.

٣٣- قەسری سپی بێ دەرگا، زیندەوەرێكی وا تێدا. (س.٦٣)

٣٤- قەسری من لە گێچینە/ هیچ كون و دەركەی تێدا نینە/ روح لەبەر تێدا زیندینە. (هـ.٤٠)

٣٥- قەڵای گەچی رێت نییە بچی. (ئەردەڵانی) (ب.١٧)

٣٦- قەڵایەکم هەیە گەچ گەچین، نە پای هەیە نە پاچین؟ (س.ت.٦٣) ٣٧- قەڵایەکە ناوەکەی تەڵاس، بەڵام ئەم قەڵا درگای نییە. (ئەردەڵانی) ٣٨- کاشی چینی، ئاوی دوو رەنگ (ب.١٧) ٣٩- کڵاوی هەمزە پاڵەوان، بێ تەقەڵ و دوورمان. ٤٠- کڵاوی هەمزە پاڵەوان/ بێ دوورمان و بێ نیشان. ٤١- کڵاوی هەمزە پاڵەوان/ نە تیکەی هەیە نە دروومان (هـ.و.ـُـ.ب.١٧) ٤٢- کورێکمان بوو بێ دەس و پا/ ئەتۆ بکە شوکر خودا. ٤٣- گوێزێکمان هەیە سپی رەنگ/ تێدایە ئاوی دوو رەنگ. ٤٤- کۆشکێکی سپی بێ دەری. ٤٥- کەشی وەروینوو سەردا، کانگای تلای چەرمە و زەردا. (ن.هەورامان) ٤٦- گوێزێکمان هەیە سپی رەنگ/ تێی دایە ئاوی دوو رەنگ. ٤٧- لە دەرێ یەکە و لە ژوورێ دووانە. ٤٨-ماڵی ئەحمەد پاشایە/ بێ پەنجەرە و دەرگایە. ٤٩- ماڵێکە گەچکاری نە درکی هەیە نە بوخاری. (ئەردەڵانی) ٥٠- ماهی من حەیدەرە، سێ قوتك لە بەرە، دوو سپینە، ئێك زەرە. ٥١- مەرێو، مجیو، بەئاوپر، رچیو. ٥٢- میرێ (لاوێ) زەرێ پێ د قەسرا سپیدا. (جووجەڵە)؟ ٥٣- نە دەر دارە، نە گۆشە، دێ مێنە دڵ جۆشە. (لوڕی) ٥٤- نە مریشکە نە باڕۆکە/ بە سەری خۆی دادا سپی چارۆکە. ٥٥- نەنە کولکن، تەتەنە کولکن، تەتەزا کولکن؟ (مریشك، هێلکە، جووجەڵە) ٥٦- وەکی دەبی مردییە و حەرارە (حەڵاڵە) هەر مردیە و حەرامە دەبێ لە پاشان حەرار (حەڵاڵ) دەبێتەوە؟ (س.ت.٦٤) (هێلکە، جووجەڵەی ناو هێلکە، باڕۆکە) ٥٧- هاتە مالامەد و عەنتەر/ دوو کورتە کیت لە بەر/ ئێك سپییە ئێك زەر. (س.ت.٦٣) ٥٨- هەڵاڵەی ئاسمان هەوری فەرەنگی/ دوو ئاو لە جامی هەر یەك لە رەنگی. (ب.٢٣) (س.ت.٦٢) ٥٩- هەموو شتێ بە گەرمی شل دەبێ تەنها شتی توند دەبێ (هـ.٥٨) ٦٠- هێسکەی کادینە، چ پێبلکەی نینە، مردی تێدا ژینە.	
خواردنێکە هەتا خوێی لە پاڵ کەی تامێ ناگرێ. (هـ.٢٢)	**هێلکەی کوڵاو**

ی

وتاقی گۆشتە، میحراوی ئاوە/هەرکەس بیزانیٚ عەقڵی تەواوە. (ئەردەڵانی) (کرماشانی)	**یۆنس پێغەمبەر**
لایە کوورەیە، لاییٚ کرێوەیە. (ن.مەریوان)	**یەخچاڵ**
کاری خوایە و فێڵی بەنە، کلکی لە بان قنگی بەنە. (ن.مەریوان)	**یەرمق و دەسەکەوشە**

بەشی دووەم

١٧١ موعەمما و مەتەڵی تایبەت بە
بیرکاری و بیر و هۆش و مەتەڵی جۆراوجۆری دیکە

-١

هوولێك ها لە شۆن جفتی هوولەوە — ئەڕۆن بە ڕاوە بە شەفتوولەوە
یەك ئاسن لەبەر یەك درەخت بەنـە — ئەو ئاسنە ریشەی دڵ کــەنــە

(ئەردەڵانی)

٢- **ئەلف)** دارێکم هەس دوانزە لقی هەس، هەر لقێکی سی گەڵای هەس، لە هەر ساڵێکا سی دانە سێف دەرئەکا، ئەم سی دانە سێفە پانزەی چەرمگە و پانزەی ڕەشە، ڕەشەکانی حەڵاڵە و چەرمگەکانی حەرامە. (ئەردەڵانی) **ب)** دارێما هەن پێسەوەنی، چوار لکێش پەروەنێ. لکێش دوانزە لەقینێ، لەقیش سی پەل دەقێنێ. (هەورامی) **پ)** دارێکم هەیە دوانزە لکە، هەر لکەی سی پەلکە دوو هێلانە و یەك هێلکە (ه.٢٨)

٣- **ئەلف)** لە شارێکەوە هاتم هیچی تیا نەبوو، گۆشت بەرخێکم خوارد پێشەی تیا نەبوو. سوار ماینێك بووم گیانی تیا نەبوو. (ئەردەڵانی) **ب)** چوومە دییەکی هیچکەس تیدانی دوو بەرخم خوارد هیچ ئیسك تیدانی سوواری ئەسپیك بووم هیچ روح تیدانی. (ب.١٠٠)

٤- شتێکە دەوڵەمەند ئەینێتە (گیرفانی) گیفانی گەدا فڕەی ئەدا. (ئەردەڵانی) (س.ئـ.٥٦)

٥- گوڵێکم کە دی وەرزی بەهارە، ئەخزەری بەرزە و گەوهەری بارە، قایمی قووت مەحکەمی دینە، ڕەوانی ڕەحەت ڕووی سەرزەوینە. (ئەردەڵانی)

٦- کوڕ کوڕەکەمە و برای شووەکەمە. (ئەردەڵانی)

٧- مسی، مسافری، مسوڵمانی، کافری. (ئەردەڵانی)

٨-

ئەگەر هات، پات خە بـە مل پا　　ئەگەر نەهات خۆتیـــش ئەوا

(ئەردەڵانی)

٩- وشتری بووم لە لاغری مردم کەمێ پیم پێ بوو، بەیانی زوو مردم نزیك شام نە لە زەوینا مردم نە لە ئاسمانا. (ئەردەڵانی)

١٠-

ئینە چە گوڵێکن دەرمەییو جە خاك　　چۆزە یەکێکە و پەڕە لەسەر چـاك
نە مەتای مسرە و نە لە شـــارەودێ　　لە شەقەی شەونم لە خاك دەرئەتێ

(ئەردەڵانی)

١١-

باوای چەفت و چێڵ دایەی سەرپانە　　کوڕیان شیـرینە و کوڕزا دێوانە

(ئەردەڵانی)

١٢-

ئەموەر خیاوان ئەووەر خیـاوان　　ماین وە زەنجیر کــــوڕ و پاوان

(ئەردەڵانی)

١٣- یەکە و بە دوو نابێ، دووە و بە سێ نابێ، سێیە و بە چوار نابێ، چوارە و بە پێنج نابێ، پێنجە و بە شەش نابێ. (ئەردەڵانی)

١٤-

هەتلی متــــــلانم تەرەفی　　بە گیان شـــــادی و شەرەفی
خرخرە مشتە هەوانە پشتە　　کەشکەسەرە، پیازە شلکنەوەرە

(ئەردەڵانی)

١٥- چوار چاو و چوار گوێچکە، پەنج پا و یەك دووچکە. (ئەردەڵانی)

١٦- هەشت پای باوا شۆشتیّ، دوو پای باوا خرتیّ، باوا شۆشتیّ هەڕا ئەکا، باوا خرتیّ هەرا ئەکا. (ئەردەڵانی)

١٧- قازانیّکە، کاردیّکە، لاشی گۆشتە، نیسانیّك ئەم لاشە گۆشە ئەوڕیّ هەر بەیانی هەتا ئیّوارە، شەو و ڕۆژی بۆ نییە و دەیخاتە نیّو ئەم قازانەوە نە ئەم مەنجەڵە پڕ ئەویّت و نە ئەم گۆشتە تەواو ئەبیّت. (ئەردەڵانی)

-١٨

سیّ سوار هاتوون لە لاوە | خەزووریّکــــە و دوو زاوا
بابیّــکن و دوو کـــوڕان | هەر سیّیانیشیان هەر بران

(ئەردەڵانی)

١٩- خالۆ مەڕۆ مامۆمی. (ئەردەڵانی)

-٢٠

جە کردەی گەردوون رامکەفتـــە شاریّ

دیم لــەو شارەدا دوو شـــەش بازاڕی | لە هەر حەساریّ پیّنج شەش بـازاڕی
شەش وەوی بە ناز بە غەمزە و ئەتوار | شەش ئەفعی دووسەر گەزندەی پرژار
مـاران بە کوشتەی قـــووەی قەزاوە | عـــەرووسان وەناز دایم ســـەفاوە
هەر کەس ئەی مانـــا زانا بە خەیاڵ | ئەوە زانـــایە هـــەر خاوەن کەماڵ

(ئەردەڵانی) (م.ئـ.١٩٩)

-٢١

بلوورین گونبەدیّکم دی مـــەهو ڕۆژی لە نیّودا بوو | کە ڕۆژ هەڵدیّ لە گونبەدا بلوورین شیشە دەشکیّنیّ
ئەگەر مەردی مەتەڵ زانی بە بیری خۆت هەڵیبیّنە | مـــوعەممایەکی وا سەهلە تەیریّکیش هەڵیدیّنیّ

(ئەردەڵانی) (م.ئـ.٢٠٢)

-٢٢

یەك پیّنج حەرفییە دووانی تیّکرارە | حەرفی ئەوەڵی شیّوەی هـــەزارە
حەرفی دووهەمی قـــەلبی دڵدارە | حەرفی سیّهەمی وەك برۆی یارە
نـــە فرە ژوورە، نـــە فرە خوارە | عومری زیادتر لە سی هەزارە

(ئەردەڵانی) (م.ئـ.٢٠٢)

-٢٣

دەربی ئـــــاو کلێڵی چێوە   نەچیر دەرچوو سەگ بوو پێوە

(ئەردەڵانی) (ن.مەریوان)

-٢٤

میر منـــم، میر منـــم   حـەڵقە بە زەنجیر مـنم

خواجە بێژە ئەلف و بێ   ٢٠٠ لـام و ٣٠٠ تێ

(ئەردەڵانی) (م.ئـ.٢٠٥)

-٢٥

یــــــەك پـــا و هـــــەزار دەس   هەر دەسێ دار و سەد هەزار نیو دەس

سەری یـــەکێکە چـــاوی هەزارە   بەنـــــــــــدەی خواوەن لە ئەو بێزارە

(ئەردەڵانی)

-٢٦

کا رەحیم ئەڕوا بـــە یەك کـــۆڵانا   دوو برای دی و خوشکێ وا لەگەڵیانا

ژنەکەی ئەناسی جا پرسیاری کرد   بـــرا خوشکەکـــــەتان ژنی کامتانە

(م.ئـ.٢٠٤)

-٢٧

گۆشتی حەڵاڵە، پۆسی حەرامە   ئەگەر ئەزانی ئەو مەلە کامە

(ئەردەڵانی)

-٢٨

دوو مەشعەل لە نێـــو یەك سەرای بێ دەر   چوار پەلۆش هەن، شەش لاشە و یەك سەر

چوار ستوونی هەس سـڕ قـــودرەت باف   ستـــــوونی سێ مێـخ مێخی سی تەنـــاف

(ئەردەڵانی) (م.ئـ.٢٠٤)

-٢٩

دڵ نامەرد قەلب قابل دەرمان و دەرمانە   دڵ نادان دەوای نییە کە نادان قەلبی نادانە

(ئەردەڵانی) (م.ئـ.٢٠٧)

-٣٠

چۆلەکە بگرە چــاوی بڕێژە   ئەوەدی بگرە غەفوورە گێژە .

(ئەردەڵانی) (م.ث.٢٧)

-٣١

کۆنە شارێکە لە جێــــگەیەکی دەشت   حرووفەکانی دووی کەمە لە هـــەشت
دووانی تەبیـــعەت داویـــە بە خەڵك   سییانی شتێکە بۆ رووی ئەرز بە کەڵك
وەریگێـــڕیەوە پــــەلەی نـــەمێنێ   چشتێکی وایە عـــــالەم ئەژیەنێ
لە یــــەك تا پێنجی هێـــندە بەتامە   لێــــرە بەرەوخوار خــــوار کی عامە
دووان و سێیان و چوار دەردی بێ دەوا   سێیانی دەوا ئی خەڵك شەقی بەلە دووا
یەکی ســــــەرەتا و دووانی دواییـنە   بە دوور بێ لە رووی دایـــــك شیرینە
چـــوار ئاخــــری حیسابکەرێـکە   لە شــــانزە خانە خـــەبەردەرێکە

(ئەردەڵانی) (م.ث.٢٠٨)

٣٢- کاچوو مادانی. (ئەردەڵانی) (لە زاراوەکانی‌تریشدا هاتووە)

-٣٣

چەرم و ئاسن و کودوولە   سەرگەورە کـردیە قوولە
وێی دەخەن رەشی دوولا   هەڵیبێنە هەمــــوو لا

(م.ث.٣٩)

-٣٤

جەماعەتێکن لە کــەس ناتـرسن   لە کەڵك و بانەو ئەچنە ماڵ مەردم
هەموو نامەحرەم لە پیاو و لـــە ژن   قسەی خاوەن ماڵ ئەسڵەن نابیـــسن
هەرچی بزانـــن ئـــەیژن و ئـــەچن   نــــە شتی ئەخۆن، نە شــت ئەدزن

(ئەردەڵانی)

٣٥- بۆم بژمێرە دەبنە چەند؟ هەنە ٩ سینی/ بە سەر هەر سینی ٩ نان/ لەسەر هەر نان ٩ کفتە/ لەسەر هەر کفتە ٩ کۆرپە/ لەسەر کۆرپە ٩ فەخرە/ (فەرخە) لەبەر؟ (ب.١٠)

٣٦-

ئەمە چییە؟ چوارپایە و حەیوان نییە	عەبای هەیە و ئینسان نییە
درگای هەیە و دووکان نییە	زمسان هەیە و هاوین نییە

(م.ئـ.٢٢٨)

٣٧- دوو کەس ڕێبوار، کە یەکێکیان سێ کولێرە و ئەویتریان پێنج کولێرەی پێ بوو لەسەر کانیاوێ دانیشتن قاوەتوون بخۆن کوتووپڕ پیاوێ هات و بوو بە شەریکیان و هەر هەشت کولێرەکەیان بە یەکەوە خوارد و ئەو پیاوە بۆ ئەو خۆراکە هەشت تمەنی دانا و چوو. تۆ ئەیژی خاوەن سێ کولێرەکە سێ تمەنی ئەکەوێ وەلێ من پێم وایە تەنیا تمەنێکی ئەکەوێ. (ئەردەڵانی)

٣٨-

ئەلف)

حەوزێکی گردم بینی	ئاوی سپی لە نێوان
ماری سیمینم بینی	مەلی زێڕین بە ددان
ئاو قووتی مار بوو	مار قووتی مەل بوو
ئاو نەمێنێ لە نێوان	مەل ئەمرێ لە زەمان

(ئەردەڵانی)

ب) بیرێکم هەیە، دەریایەکی تێدایە، گوڵێکی گەشی بە دەمەوەیە. پ) حەوزێکم هەیە، مارێکی تێدایە، مارەکە لە حەوزەکە ئەخوا و حەوزەکە لە مارەکە. مەتەڵانی ب و پ واتایەکی نزیکیان هەیە لەگەڵ مەتەڵی ئەلفدا. (ئەردەڵانی)

٣٩- دانەیەکی ئەڕوا و دووانی ئەمێنێ. (ئەردەڵانی)

٤٠-

ئافەرین جهان، ئافەرین جهان	عەقڵ و هۆش خاسە، پەرێ هەر ئینسان
یەی نەفەر لەیان یەی نەفەر لەوان	سەریان مەکەنن وە زوور تەکان

(کرماشانی)

٤١- دەزانی و نازانی. (هـ.ن.٢٤)

٤٢- دوو کەس بەندکرابوون، دوای سێ مانگ لە زیندان بەربوون بوونە چوار. (هـ.٢٤)

٤٣- سێ کەس دوو سێویان خوارد، هەر یەکە سێوێکیان بەرکەوت. (هـ.٢٣)

٤٤- سێ گا، نۆ گای خوارد. (هـ.٣٤)

٤٥- **ئەلف)** دە بوو دوو، دوو بــوو دە، ســەر لە ژێر لەش، لەش لەسەر عەرز ئەمە چەس؟ (ئەردەڵانی)

ب) سەر لە بن قوونی، قوون لەسەر بەرد، بە دەیان بۆ دووبان دەچێ. (ب.٣٩٩) پ) سەری لە بن لەشیە، لەشەی لەسەر زەوییە، بە دەیان دادێنە دووان. (هـ.٣٣)

٤٦-

باوك پێچ پێچ و دایــك لار و گێڕ   لە ترش و شیرین لێ بارکە بە تێر

(موکریانی) (ئـ.٣٧)

٤٧- زانیار دەیەویست لە مێوانی زاوای باوك ژنەکەیدا کە تەنیا کەنیشکی بوو بەشداری بکات روونی بکەرەوە مێواندارەکە کێیە؟ (ئەردەڵانی)

٤٨- شۆفێری ئوتۆبوسێك، چل مسافری لە ئیزگەیەکدا هەڵگرت و لە رێگا چوار دەکەسی داخۆزاند، کاتێ کە گەیشتنە بەرەوە مسافرێ لە نێو ئوتۆبوسەکەدا نەمابوو، تۆ بێژە باقی مسافرەکان چییان لێ هات؟ (ئەردەڵانی)

٤٩- پیاوێك، پەزێك و سەوەتەیەکی ئالف و گورگێکی پێ بوو. گەرەکی بوو لەگەڵ ئەمانا بە بەلەمێك لە چەمێکەوە بکاتە ئەو بەرەوە. بەلەمەکەیش تەنیا جێگەی دوو شت یان دوو کەسی تیا دەبووەوە. بێژە چلۆن ئەمانە بکاتە ئەو بەرەوە کە نە گورگەکە پەزەکە بخوا و نە پەزەکە ئالفەکە. (ئەردەڵانی)

٥٠-

چییە وەك دارای زۆر تەماعکارە   زگی پڕە لــە ئاو لێوی وەبارە

(ئەردەڵانی)

٥١- پیاوێك لە بەین شەش خانمدا دانیشتگە منیش پرسیاری لێ ئەکەم کاکە گیان تۆ بە ئەم خانمگەلە مەحرەمی یا نامەحرەمی، ئەو ئەیژێ کاکە مەحرەمم، چون دووانیان کەنیشکمن. دووانیان خویشکمن و دانەیکیان دایکمە، دانەیکیانیش خێزانمە، بەڵام ژنەکەم دایك ئەو پەنجەکەیترە یانێ چی؟ (ئەردەڵانی)

٥٢-

سێ سفرە لەســــەر رایە   جیرانی ئــــەلف و بایە

بێ نوون مانایی نییە؟

(هـ.ن.٣٣)

٥٣- سوورە رەنگ ناکرێ، شیرینییە قووت نادرێ، تاڵە فڕێ نادرێ، تەڕە و وشك نابێ، لە لاتە و ون نابێ. (هـ.ن.٣٤)

٥٤- گەلێ کۆتر دێن، ٣٦ کۆترن، کۆترێکیش لە ناو جاڕێکدا خەریکە چینە ئەکا، ئەو کۆترەکە چینە ئەکا پێی ئەڵێن کۆترە شەل، قاو ئەکا ئەی گەلی سەد کۆتری بۆ کوێ ئەڕۆن؟ ئەوان ئەڵێن چۆن ئەزانی ئێمە سەد کۆترین. ئەڵێ ئەزانم سەد کۆترن. گەلە کۆتر وەڵام ئەدەنەوە نەخێر وانییە ئێمە و ئەونەی ئێمە، نیوەی لە ئێمە و نیوەی لە نیوەی ئێمە و تۆیشمان بێتە سەر ئەبینە سەد کۆتر. (ئەردەڵانی)

٥٥-

دوو ئاهووی سیاه سەحرا چەریدە	جەفاکەر بەندە حـــەق ئافەریدە
شانزە پارچە چووب باڵاپـــۆشەوە	بەستە بە حەڵقەی ئاسن پۆشەوە

(ئەردەڵانی)

٥٦- دوو دەروێش ئەچن بۆ ڕۆن چنینەوە و سێ خییە ڕۆنی دە مەنی و حەفت مەنی و سێ مەنییان پێ ئەوێ و خییە دە مەنییەکە پڕ ئەکەن لە ڕۆن. ئەم دوو کەسە جیایی ئەکەوێتە نێوانیان و ئەڵێن ئەبێ ڕۆنەکە بەش کەین. یەکێکیان ئەڵێ سەنگ و تەرازووومان پێ نییە و ئەویتر ئەڵێ هەر بەم سێ خییە بەشیان ئەکەین. بڵێ چۆن بەشی بکەن؟

٥٧- **ئەلف)** دارە بەنێ، لەسەر بەنێ، میر و حاکم دەست دەکەنێ؟ (س.ئـ.٥٥) ب) دارە بەنێ لە قەد کەنێ، شێخ و مەلا دەستی ئەدەنێ؟ (س.ئـ.٥٥) ج) هەلاران و مەلاران، هێلکە دەکەن لە داران، بۆ فەقیر و هەژاران. (موکریان) د) هەیاران مەیاران یاخوا داکاتە باران بۆ فەقیر و هەژاران. (موکریان)

٥٨-

مەتەڵ نۆ پیتە بە ئیـــــملای کوردی	بیری لێ بکەرەو بە جـوانی و وردی
لەو خۆشەویست تر لە ئـــــەو جوانتر	لە ڕووی جیـــهانا ناوێنی ئـــیتر
چوار و پێنج و شەش چاوەڕێ کـەی بێ	نۆ و هەشت و دوو کەس نییە نەیبێ
شتی حەمامە حەفت و هەشت و شەش	یەك و دوو سێهەم خـــوا لێ بێبەش
پیتی چوار و هـــەشت و شـــەشەمی	چەکی سەپانە و لابـــــەرێ خەمی
شەش و هەشت و نـــۆ لە هەورامانە	نۆ و هەشت و سێ میـــوەی زستانە

(م.ئـ.٢٠٩)

-٥٩

ئەلف)

سێ شیر و یەك سەر، چوار پا و دوو دەس یەك شیر دوو شیرش گرتن بە ئەنقەس
کـــاتێ یەك بە دوو مـــــەدەرۆ فشار جەو دو مەخیزد و فـــەریاد و هاوار
جــــە تاو و دهــــــشت ندار و قرار ئەســــــرین ئاگر مەرێزو و بـــەوار
جەو ئەسرین مـــــەبۆ خەلق زیبا و زشت پای ها لە شکم دەســـی ها لە پشت

(م.ئـ.٢٠٤)

ب) هەناسەی هەیە، ڕەوانی نییە، پەراسووی هەیە، گۆشتی نییە، مەمکی هەیە، شیری نییە. (ب.٢٣)

-٦٠

ناو هەرکەسێ بە حـــــەرفی ئەبجەد نـــۆ نۆ بژمێرە لە نیـــــك و لە بەد
هەر کەسێ ئەگـــــەر کـــر دو بمێنێ پشتی خاوەنی چوار ئــــــەشکێنێ
یەکێ حــەفتی ما یـــــەکێکی‌تر نۆ حەفت سەر ئەکەوێ وایـــــە بێ درۆ
تالب هەر دوو ما مەتلووبش هەر دوو مەتلووب ئەیباتە و هەروا زوو بە زوو
تالب و مەتلووب کاتێ یەکسـان بوون تالب ئەیباتــــەو وەبێ چەند و چوون

(م.ئـ.٢٣٢)

-٦١

شارێکە ئەر ژن لاوەی لە بانی ماباقی ئەبن گشت بە ڕۆحـانی
وەلێ ژن وەها چووەتە گیـــانی وێرانیشی کەی ژن ها دووشانی

(ئەردەڵانی)

-٦٢

گیانلەبەرێکە فرە نـــــــەفامە هەڵیگەرنیتــــــەو کل و مەرامە
قەلبی دەربێری ئەوێـــــتە مالك نیمەی کەی بووری مارێکە هالك

(ئەردەڵانی) (م.ئـ.٢٢٣)

-٦٣

دوو شارە وان لە ئێرانا ناو مەلێکی زۆر جوانە

(ئەردەڵانی) (م.ئـ.٢٢٤)

٦٤-

نێوی شارێـــــکە فرە دلْنشین سەری داپۆشی ئەبێتە هەنگوین

(ئەردەلانی) (م.ئـ.٢٢٤)

٦٥-

شاری مێژووی دەورەی هوەخشتر دووی لێ لابـــــەی ئەوێتە وشتر

(ئەردەلانی) (م.ئـ.٢٢٥)

٦٦-

ئەر گەرەکتە ناو ئەو خاوەن ئەدەب قلب قلب بـــدە تو لە قلب قلب

(ئەردەلانی) (م.ئـ.٢١٩)

٦٧-

یار هاتە چەمـــەن بەیانی تەنیا چەمەن دامەنی کێشا بە سەریا

(ئەردەلانی) (م.ئـ.٢١٥)

٦٨-

دوو بەرد لەسەر یەك دوو لوولە تفەنگ دوو چرای رۆشن

تیــر و کەوان تەختی سولەیمان سەوزە و چیمەن

(م.ئـ.٢١٥)

٦٩-

شارێکی خۆشناو مشــبت و منـــفــی لەم سەر و لەو سەر مەعنای دوو حەرفی

سەر هەڵەوخشنی قیمەت ئەبەخـــشی دیـــــــوار برمێنی (قووت) ئەبەخشی

گەر بێ بناغەی هەڵگیری و گـــوم بێ ناوی بـــولەندی ئـــــەو کاتە هەڵدێ

(ئەردەلانی) (م.ئـ.٢٠٩)

٧٠- ناوێکە دوو بەشە، بەشی ئەوەڵی بۆ رێگە و روێنی مرۆڤ و گیانلەبەر و پەلەوەر پێویستە، بەشی دووهەمی هەر کە بیژنەوی قەڵس ئەبی، لەگەڵ سەرا گەورەی قەومە، ئەوێتە ناو بۆ کەسێ سەری ئەلەرزی. (ئەردەلانی)

-٧١

گا چەوێل شـــای ئەردەوێڵ نێڵە بنە ملی بیکیشە هێڵ

(ئەردەڵانی)

-٧٢ سەد تمەنیان پێت داوە کە دەبێ سەد سەر حەیوانیان بە ئەم نرخانەی خوارەوە بۆ بکڕی: وشتر لە سێ تمەن، پەز لە یەك تمەن و بزن لە ٥ قران. ئێستا دەبێ لە هەر کام لە ئەم حەیوانانە چەند سەر بستێنی کە هەم پوولەکەت پڕ بکەیتەوە و هەم ژمارەی حەیوانەکان بگاتە سەد سەر. (ئەردەڵانی)

-٧٣ پیاوێك بە دەمانچە پیاوێکیتر ئەکوژێت، هەرا دەکاتە ناو ئوتۆبوسێ و لە جێگایەکەوە دادەنیشێ. پۆلیس دوای ئەکەوێت و لە ناو ئوتۆبوسەکەدا یەك راس دەستگیری دەکات و هەڵیدەسێنێت بەڵام پاسەکە پڕە لە خەڵك، پۆلیسەکانیش تەنیا ئەو کەسە هەڵدەستێنن کە کابرای کوشتووە... بۆ؟! (موکریان)

-٧٤ پاشایەك دەبێت، پاشاکە سەفەرێك دێتە پێشی ئەو شەوە پاشا خۆی ئامادە دەکات کە بۆ بەیانی بڕوات بۆ سەفەرەکەی. ئەم پاشایە حەرەسێکی زۆر زیرەکی دەبێت. لە پڕێکا پاسەوانەکەی دێتە ژوورەوە و تکا لە پادشا دەکات و دەڵێت ئەم رۆ مەڕۆ بۆ سەفەرەکە، کە پادشا دەڵێ لەبەرچی نەڕۆم؟ پاسەوانەکە دەڵێ ئەم شەو خەوێکم پێتەوە بینیوە بڕۆی دەتکوژن. پاشا بە گوێی دەکات و ناڕوات بۆ سەفەرەکەی! بەڵام پاشا خەڵاتی دەکات و لە دوای خەڵاتەکە دەری دەکات لە لای خۆی. پرسیار؟ زانیمان خەڵاتەکە لەبەر رزگارکردنی ژیانی پاشاکە بوو. بەڵام بۆچی لە لای خۆی دەری دەکات؟ (موکریان)

-٧٥ لە مەیدانێکی پڕهاتوچووی شاردا دوو شۆفێر خۆ ئەکێشن بە یەکا بەڵام پۆلیسی هاتوچوو هیچیان پێ ناڵێت تەنانەت قسەشیان لەگەڵ ناکات لەبەرچی؟ (موکریان)

-٧٦ دوو ژن سڵام لە دوو پیاو دەکەن، دەڵێن: (ماندوو نەبن باوکەکانمان، مێردەکانمان) بۆ وا ئەڵێن؟ (موکریان)

-٧٧ مووچەخۆرێك لەگەڵ ژنەکەی، بەرپرسی لەگەڵ خوشکەکەی سێ سێو دەکڕن هەر یەکە دانەیەکیان بەرئەکەوێ. بڵێ چۆن؟

-٧٨ هەنیکم کردووە بە ١٢ قاشەوە، ١١ قاشی حەڵاڵە و قاشێکی حەرامە. (ئەردەڵانی)

-٧٩ وەك شەو رەشە، وەك بەفر چەرمگە، پەنج حەرفییە، حەرف ئەوەڵی میمە، چەن جار لە قورئانا ناوی لێ براوە، خواردنی حەڵاڵە، خواردنەوەی حەرامە، لە پیاوا رۆژێ سێ کەڕەت و لە ژنا لە ماوەی تەمەنیدا یەك جارە. (ئەردەڵانی)

٨٠- كابرایەك لەسەر تاوانەكانی، حاكم حوكمێكی بەسەردا ئەدات، دەڵێ سێ مانگ زیندانی بێ. نە ئاو نە هیچ خواردنێك نابێ بخوات، بەڵام ڕۆژێ یەك جار ژنەكەی سەردانی بكات.

٨١- ئەدا و هەزار بزڵانە، شەوێنە لەوەڕیانە، ملاگنا، پەشتە و كەشانە. (ن.هەورامان)

٨٢- كەشی وەروینوو سەردا، كانگای تلای چەرمە و زەردا. (ن.هەورامان)

٨٣-

یەك دانە مردوو سێ دانە زیندوو	هەر چوار مەشغووڵ هەن بە گفتوگۆ
زوانی مردووەكە ئینسان ئەیزانێ	لە سی زیندووەكە كەس حاڵی نەبوو

(ئەردەڵانی)

٨٤- دوو شۆفێر لە سنەوە هاتن هەر یەك سوار ماشینێك بوون و ماشینەكانیان چەشنی یەك بوون و بە دوای یەكدا ئەهاتن لە نێو ڕێگەدا پۆلیس بەر ماشینە بەرگینەكەی گرت. داوای تەسێقەكەی لێ كرد، ئەویش دای بە دەستیەوە و وتی ئەو شۆفێرە دوانگینە چیتە وتی برامە، ئەوی ئازاد كرد و بەر شۆفێرە دوانگینەكەی گرت. پۆلیس وتی لەگەڵ شۆفێرە جلەوگینەكەدا بران؟ دووهەمی وتی من لە بنەڕەتدا برام نییە، ئێستا بڵێ ئەم دوو شۆفێرە چی یەكن؟ (ئەردەڵانی)

٨٥- پیاوێك ماڵێكی زۆری بوو، شەوێ دز ڕۆیی هەموو ماڵەكەیانی برد وتیان شكت بۆ كێ ئەچێ با بیگرین، پێنج كەسی دا بە داوا و وتی: دڵم لەمانە پیسە. پێنج كەسەكەیان برد بۆ لای قازییەكی ژیر. ئەویش پێنج داری یەك متری پێ دان و وتی: بیبەنەوە لە ماڵەوە داینێن، حەفتەیەكتر بێن و دارەكان بێرنەوە هەركامتان دز بێ دارەكەی دوو پەنجە زیاد ئەكات و قازی دوای یەك حەفتە توانی دزەكە پەیا بكات. بڵێ چۆن؟ (ن.مەریوان)

٨٦-

تـــــــــــەوەرم هەڵــــــگرد چووم بۆ دار	هاتە نـــــــــــاو ڕێگەم گـــــــورگی هار
من بە تــــــــــەوەر و ئـــــــەو بە دار	دامــــــــان لە یــــــــــــەك تا ئێوار
چووم ئیبراهیم ئاغا، مەحبوویی لە لاو وێستابوو	ڕۆن و كـــــــــــەرەی دانــــــــــــابوو

مریشكیش لە لاوە هات، هەرچی وتم كشەكشە بە دەنگی من هەڵنەنیشت.

تــــــــــــەوەرێكم دا بە پشـــــــتیا	سی گــــــــــەز زوانی دەركێـــــــــشا
كـــــــــــەڵەشێر ئەیـــــــژێ قـــوو بە قوو	بــــــە دەنگی من هــــــــەڵسە زوو بە زوو

(ئەردەڵانی)

-٨٧

وتم نێوت چییە کیژی کوردی لادێ | لە رووی لێوت بەدەگمەن پێکەنین دێ
وتی شەوگار وتم فرمێسکەکانم | لە من نابڕن هەتا کۆتایی ژین دێ

(ن.جوانڕۆ)

-٨٨

شینی نێوت شین دەگێڕێ یاری شۆخ و شەنگی من | یا لە نێو یاری دەلابە بۆ دڵەی وەك سەنگی من
واوی نێو من دەکا دێوانە وەك واوی وەلی | ئات لە نێو ئاوێنە تێکەڵ بوو لە وێنە و رەنگی من
نێوی دڵداری شاعیر چییە؟

(ن.جوانڕۆ)

٨٩- نان و شەوێ رۆنە بریو، پانزە روێ جا وریو. (ن.هەورامان)

-٩٠

حوقەی مونەوەر حوقەی مونەوەر | دیم لە شار چین حوقەی مونەوەر
غەواسی نشتەن چەنی دوو لەنگەر | گەوهەر لە دەریا ماوەرو وەبەر
غەواس دوو شاخی بەسەر سەرەوەن | هەم دوم و شاخش و گەوهەرەوەن
گەوهەر ماوەرو ئەو لە دەریای چین | مینو خزینە لە کافور زەوین
ئانە گەوهەری لە دەریای چینن | لەی گەوهەر نامش (حبل المتینن)
هەرکەس حەقیقەت بوانو گەوهەر | لە هەر دوو دونیا مەبو بەختەوەر

(م.ئـ.٨٠٣)

-٩١

شیرین بی خەوە شیرین بی خەوەن | مەلیك ئەناسم دایم بێ خەوەن
دائم الـدوام لە دەوان دەوەن | رزق گشت عالەم بە دەسی ئەوەن

(م.ئـ.٢١٩)

٩٢- پیاوێ نوێژی ئەکرد سلام لای راسی داوە و نوێژەکەی بەتاڵەو بوو، سلام لای چەپی داوە تەڵاقی کەفت، سەری هەڵبڕی رۆژووەکەی شکیا. (ئەردەڵانی) (م.ئـ.٢٢٠)

-٩٣

چییە هیچ کاتێ بێـــــــکار نانیشێ ئەگەر بێکار بێت جێگەیەکی ئەیشێ

(ئەردەڵانی)

-٩٤

سی حەرفە ئەگـەر وەری بگێڕێ نۆ دانە مانـــا تیا دەرتێری

(ئەردەڵانی)

٩٥- ماڵێکمان هەیە سپی پڕ لە خاڵ دوانزە پای هەیە و سێسەد و شەست و پەنج باڵ. (ن.سەقز)

٩٦- هەتا بیبەخشی زیاد ئەکات. (ئەردەڵانی)

٩٧- پەنج فریشتە، ئاهووی یەك رەنگە بردنە بان سارای سفی رەنگە ئاهوو دوو شاخی هاوە سەرەوە، بان شاخەکانی بە گەوهەرەوە. (ن.سەقز)

٩٨- ئەوە چییە لە دووەوە ئەچێتە چوار، لە چوارەوە ئەچێتە سێ، لە سێیەوە ئەچێتە چوار هەروا دێتەوە دوو. (ن.سەقز)

٩٩- چناری بێ سایە، کچی بێ دایە، توجاری بێ مایە. (ن.سەقز)

١٠٠- دووکانێکمان هەیە سێ فرۆشیاری هاتیا: ئەوەڵی چەرم ئەفرۆشێ دووهەمی کاغەز ئەفرۆشێ سێهەمی یاقووت ئەفرۆشی. (ن.سەقز)

١٠١- تفەنگی یەك لوولە، بەرەو خۆت ماشەکەی مەکێشە کە مایەی دەرد و ئێشە. (ن.سەقز)

١٠٢- زیندانێك دوو درگای هەیە، درگایەکیان بەرەو ئازادبوونە، درگاکەی دیکەیان مەرگە، لە هەر دەرگەیەکدا پاسەوانێك هەیە، درگاوانێکیان هەرگیز درۆ ناکات و ئەوەی دیکەشیان هەرگیز راست ناڵێتە ئەگەر یەکێك لە ناو زیندانەکەدا بەند کرابێت و نەزانێت کام درگا بەرەو مردنی دەبات و کامە دەربازی دەکاتە نەشزانێت کامە پاسەوان راستگۆیە و کامەشیان درۆزنە، بەڵام بۆی هەبێت تەنها پرسیارێك لە پاسەوانێکیان بکاتە چ پرسیارێك دەکات بۆ ئەوەی درگای دەربازبوون بدۆزێتەوە دەرباز ببێت؟ (ئەم موعەمما لە فارسیدا هەیە) (س.ئ.٢٢٢)

١٠٣- یەکەو نابێتە دوو، دووەو نابێتە سێ، سێیەو نابێتە چوار، چوارەو نابێتە پێنج، پێنجەو نابێتە شەشە، شەشەو نابێتە حەفت، حەفتەو نابێتە هەشتە هەشتەو نابێتە نۆ، نۆیە و نابێتە دە، دەیەو نابێتە

یازدە، یازدەیەو نابێتە دوانزە، دوانزەیەو نابێتە سێنزە. (س.ئـ.١٠٢)

١٠٤- بە پێی خۆم دەچمە ماڵی خەڵکی و بە پێی خەڵکی دەچمە ماڵی خۆم. (س.ئـ.١٠٤)

١٠٥- خەڵکی شارێك نە مردوویان لێ دەمرێ و نە ئارد لە ئاش دەکەن، ناوی شارەکەم پێ بڵێ. (س.ئـ.١٠٥)

١٠٦- یەکێك بێ دایك و بێ باوکە، یەکێك بێ باوکە، یەکێکیش دایك و باوکی هەیە. (س.ئـ.١٠٦)

١٠٧- یەکێك شۆفێری ماشینی ئەکرد و منداڵێکی لەگەڵدا بوو، لێیان پرسی ئەو منداڵە چی تۆیە؟ ئەویش وتی: کوڕی منە و منیش باوکی نیم. (س.ئـ.١١١)

١٠٨- سێ کاروانچی بە ڕێگەدا دەڕۆیشتن، خەریك بوو لە برسانا بمرن، گەیشتنە کەلاکی کەرێکی تۆپیو یەکێکیان تێر گۆشتی کەری تۆپیوی خوارد، دووەمیان تا نیوە تێر بوو خواردی بۆیان حەڵاڵ بوو، بەڵام سێیەمیان هیچی نەخوارد چونکە بۆی حەرام بوو!؟ (س.ئـ.١١٣)

١٠٩- ژن و مێردێك لەسەر روخی رووبارێك دەپەڕینەوە، پیاوەکە تەڵاقی لە ژنەکەی خوارد کە نابێ لەم ئاوە بپەڕێتەوە، پیاوەکە پەڕییەوە، دواتر ژنەکەش پەڕییەوە و تەڵاقی مێردەکەشی نەکەوت. (س.ئـ.١١٣)

١١٠- پیاوێك بەرامبەر دوو ژنی رووت دانیشتبوو نەزەری ژنەکانی بۆ حەرام بوو، بەڵام کە ژنەکان سەیری پیاوەکەیان دەکرد، نەزەریان حەرام نەبوو. (س.ئـ.١١٣)

١١١- نیوەی هەزاری چوارسەد و بیست و پێنجە. (س.ئـ.٢٢٥)

١١٢- دوو پیرەژن بە یەکەوە سەبەتەیەك هێلکەیان هەبوو، ئەگەر پیرەژنی یەکەم دوو هێلکە بداتە پیرەژنی دووەم ئەوا ژمارەی هێلکەکانیان یەکسان دەبێت ئەگەر پیرەژنی دووهەم دوو هێلکە بداتە یەکەم ئەوا ژمارەی هێلکەی یەکەمیان دەبێتە دوو ئەوەندەی دووەمیان. (س.ئـ.٢٢٧)

١١٣- نەخۆشێکی شڕ داوای سێوی دەکرد، لە باغێکدا سێویان دەفرۆشت بەڵام لە ڕێگەی باغەکەدا لە حەفت دەرگایان گومرگیان وەردەگرت، هەر دەرگەیەك بە جیا نیوەی سێوەکانیان وەك گومرگ لە کڕیارەکە دەستاند، دەبێت چەند سێو لە باغەوانەکە بکڕن بۆ ئەوەی سێوێك بگەیننە دەست نەخۆشەکە. (س.ئـ.٢٢٨)

١١٤- پیاوێك ١٥ سەر مەڕی هەبوو کە مرد کوڕێك و کچێك و ژنێکی لە پاش بەجێمابوو، رای سپاردبوو

دەبێ نیوەی مەڕەکانی بدرێتە کوڕەکەی و چواریەکی بۆ کچەکەی بێت و پێنج یەکی بۆ ژنەکەی بێ، بەڵام دەبێ هەر کەسیان بە بێ لە یەکتری کرینەوە و بە بێ زیاد و کەم بەشی خۆیان وەربگرن. (س.ئـ.٢٢٨)

١١٥- چل کەس، پیاو و ژن و منداڵ تێکەڵاو بوون، چل سێویان بە سەردا دابەش کردن هەر پیاوێك دوو سێویان داێی و هەر ژنێکیش سێو و نیوێك و هەر منداڵێکیش نیو سێو، هەر کەسەو بەشی خۆی وەرگرت، ئایا چەندیان پیاو و چەندیان ژن و چەندیان منداڵ بوون بۆ ئەوەی چل سێو بە سەر چل کەسدا دابەش بکرێت؟ (س.ئـ.٢٢٩)

١١٦- بە سێ گیانلەبەران، سێ سەر و شەش چاو و دوو لاقیان هەیە؟ (س.ئـ.٢٣١)

١١٧- دە لە دەیان دەربێنی دەمێنێتەوە دە؟ (س.ئـ.٢٣١)

١١٨- سێ کەس بە سەر پردێکدا پەڕینەوە، یەکەمیان پردەکەی بە چاو دێت و بە سەر پردەکەدا رۆیشت و پێی بەر پردەکە کەوت و پەڕییەوە، دووهەمیان پردەکەی دی بەڵام پێی بەرنەکەوت و پەڕییەوە، سێیەمیان نە پردەکەی دی نە پێی پردەکە کەوت کەچی پەڕییەوە؟ (س.ئـ.٢٣٤)

١١٩- لە کچێکیان پرسی: دایکت بۆ کوێ چوو؟ ئەویش گوتی: چووە دۆستی بکاتە دوژمن، یەکێ بکاتە دوو، دێتەوە دووان دەکاتە یەك؟ (س.ئـ.٢٣٤)

١٢٠- پیاوێك لە دەرەوەی وڵات گەڕایەوە، ژنەکەی پێی وت: پیاوەکە چیت بە دیاری بۆ هێناوم؟ ئەویش گوتی: هەگبەکەم بکەوە شتێکی وەك خۆت جوانم بۆ هێناوی. کوڕەکەی گوتی: باوکە چیت بۆ من بە دیاری هێناوە؟ ئەویش گوتی: هەگبەکەم بکەوە شتێکی وەك خۆت شیرینم بۆ هێناوی. کچە بچکۆلەکەشی گوتی باوکە ئەی بۆ من چیت هێناوە؟ باوك: هەگبەکەم بکەنەوە شتێکی وەك خۆت ناسك و نازدارم بۆ هێناوی. ئایا چی بۆ هێنابوون؟ (س.ئـ.٢٣٥)

١٢١- پیاوێکی سەر رووت بۆ چارەسەری قژوەرین چووە لای دوکتۆر، دوکتۆریش سەیری کرد و دەرمانێکی بۆ نۆوسی و گوتی لە دەرمانخانەکەی ژێرەوەمان دەرمانەکە بکڕە، کابراکەش چووە دەرمانخانەکە و چاوی بە خاوەنی دەرمانخانەکە کەوت، دەرمانەکەی نەکڕی و کاغەزی دوکتۆری دڕاند و چووە دەرەوە. بۆ دەرمانەکەی نەکڕی. (س.ئـ.٢٣٥)

١٢٢- پاشایەك ویستی راوێژکارێکی بکوژێت، وەزیرەکانی لە دیوانێ کۆکردنەوە و گوتی: دوو کاغەزم

نووسیون و خستوومەتە نێو قووتییەك، لە یەكێكیان نووسراوە (لە سەری بدە) لەوی دیكەش نووسراوە (ئازادی بكە) با بە خۆی بێت یەكێكیان رابكێشێت، كامەیانی دەرهێنا ئەوی لەگەڵ جێبەجێ دەكەم، راوێژكارەكەش دوو سێ قسەی كردن و كاغەزێكیانی راكێشا و پاشا نەیتوانی بیكوژێت دەبێ چی گوتبێت؟ (س.ئـ.٢٣٥)

١٢٣- سێ پێنج پانزدە، دوو حەفدە، سێ بیست.

١٢٤- مەڕی مەمی، مەم شوان، نۆ مەڕ، دە بێری، یازدە كسۆڵە دوانزە بەران هەموو چەندن؟ (س.ئـ.٢٤٢)

١٢٥- ئەم لای پەرژین، ئەو لای پەرژین، تیایەتی (ناوڕاستەكەی) كۆترێكی نەخشین. (س.ئـ.٦٠) (ئەردەڵانی)

١٢٦- مەلێ هات بە سی سی عیسا لە مووسای پرسی، ئەو مەلە بۆ رۆیی بە برسی؟ (س.ئـ.٩٢) (ن.سەقز)

١٢٧- باوكێك و دایكێك و كوڕێك چایان لە بەردەمدا بوو، پیاوەكە چایەكەی لە راستەوە بەرەو چەپ بە كەوچك ئەیشێواند، ژنەكە لە چەپەوە بۆ راست، منداڵەكەش بە شێوەی بازنە (دایرە) ئەیشێواند. بۆ چایەكانیان وا تێك ئەدا؟ (س.ئـ.٢٣٤)

١٢٨- تەنها سێ هێلكەیان بە سەر حەفسەد و دوو پیاودا دابەش كرد، هەموویان یەك هێلكەیان بەركەوت. (س.ئـ.٢٣٩)

١٢٩- هەپلەپان و هەپلەپان، گیایی شینە، پەلكی پان، كوڕی پیرە، با بێ جان؟ (س.ئـ.٥٢)

١٣٠- ئەم لای دیوار، ئەو لای دیوار، ناوەڕاستەكەی سەگێكی هار. (س.ئـ.٥٩)

١٣١- سێ كەس دەچن بۆ حەمام و دوای خۆشوردن دێنە دەرەوە. یەكەمی بە حەمامچی ئەڵێ: حەقی من چەندە، ئەویش ئەڵێ: كاكە گیان چەنێ پووڵ ها لە ناو دەخڵەكەما ئەوەندەی‌تر بخە سەری و چوار تمەن ببە بۆ خۆت دووهەم دێت ئێژێ من چ بكەم؟ دیسان حەمامچی ئەڵێ: یەكەمی چی كرد تۆیش وا بكە و بە سێهەمیش ئەڵێی: تۆیش وەك ئەوان بكە. بڵێ لە هەوەڵەوە چەنێ پووڵ لە ناو دەخڵەكەدا بوو؟ (ئەردەڵانی)

١٣٢- رۆژێك چوومە سەر گۆڕستان، دیم ژنێك دەگریێ و لە خۆ ئەدا بە كۆڵەمستان (كۆڵەمشت) گوتم بۆ دەگری وا كردووتە قوڕپێوان، گوتی برای ژنی ئەم مردووە خاڵمە ماڵوێران؟ (س.ئـ.١١٢)

١٣٣- خشتە كونێكە ٤٠ مەن بارییە، بۆ خۆی بێ گیانە، گیاندار سوارییە، گیاندار بەوەوە توانای غارییە،

گەر ئەوەی نەبێ دەردی کارییە؟

١٣٤- یەك پێ لە دەشتێ، دوو پێی گەیشتێ، خستییە سەر پشتی. (س.ئـ.١٧٦)

١٣٥- دەدە ناکەم، بەبە ناکەم، بە عیساکەم، بە مووساکەم، هەر دوو لنگی لە حەواکەم زێڕ و هۆڕی لێ پەیدا کەم. (س.ئـ.١٧٧)

١٣٦- بنی دەگلێ، قەدی دەکەرێ سەری دەتوو، ئەگەر نەزانی چاوت دەرێ. (س.ئـ.١٨٩)

١٣٧- دووی لێ دەبێتە سێ، نزیکی لێ دوور دەکەوێتەوە، دووری لێ نزیك دەبێتەوە. ب) چواری لێ دەبێتە دوو، دووی لێ دەبێتەوە سێ، دووری لێ نزیك دەبێتەوە و نزیکی لێ دوور دەکەوێتەوە. (س.ئـ.١٣٨)

١٣٨- مەیلەکم هەیە مەیلانی لە ناو بوخچەی سوبحانی (سوڵتانی)، خودا نەبێ کەس نایزانی. (س.ئـ.٨٧)

١٣٩- کەوەڵاوکەوەڵ ناوێکیان هەیە، شەش پا و دوو سەرە، چاوێکیان هەیە. (س.ئـ.١٧٣)

١٤٠- چێوی ئامە، ئائی نەنە، سەری چەشمەش ئائو نەنە، چێشان چێشان مەوزووش پەنە. (هەورامی) (س.ئـ.١٨٢)

١٤١- چل کەس گەڕ و کەچەڵ و کوێر بە تێکەڵاوی چوونە گەرماوە (حەمام) خۆیان شوشت، چل دیناریان دایە خاوەن حەمامەکە، هەر گەڕێك دەبوو ٤ هەزار تمەن بدات و هەر کەچەڵێك ٢ هەزار تمەن و هەر کوێرێکیش چارەگە ١/٤، ئایا چەندیان گەڕ و چەندیان کەچەڵ و چەندیان کوێر بوون، بۆ ئەوەی چل کەس بە چل دینار خۆیان بشۆن؟ (س.ئـ.٢٢٩)

١٤٢- خاڵ بۆ ئەم پیتانەی خوارەوە دابنێ، بە مەرجێك مانای تەواو ببەخشێ! ـە سەر ـە سەر ـە سەر دەکا. (س.ئـ.٢٣٦)

١٤٣- مەتەڵێکم هەیە پێنج پیتە، لە ئارد دایە و بێ پیتە پاش و پێشی وەك یەکە ئەوی مەتەڵ هەڵبێنی، دیارە هونەر ئەنوێنی؟ (س.ئـ.٢٣٦)

١٤٤- دارێکم هەیە و شیە ترێی دەگرێ ئەوەی بە ناحەق بیخوا دەمرێ. (س.ئـ.١١٤)

١٤٥- قەڵای گۆشتینە و رەوانی (رۆحی) پیرۆزی لەبەردایە، بەرگێکی خوری لەبەردایە، لە ناو ئەشکەوتێکی گۆشتیدایە، ئەشکەوتەکەش لە ناو بەحردایە؟

١٤٦- باوکی دارە، دایکی دارە، منداڵەکەشیان نەبەردە. (س.ئـ.١٠٧)

-١٤٧

به پەنج فریشتەی شاخداری بێ ڕەنگ ئاهووم بردە بان سارای سفید ڕەنگ
ئاهوو نە ئاهـــوو شاخ و پـــا داروو سارا نە سارا سەنگ و خـــار داروو
ئاهوو دوو شاخی هـــــا بە سەرەوە هەر دووکیشی ها بە گـــەوهەرەوە

(ن.مەریوان) (م.ئـ.٢٣١)

١٤٨- ٤٠ تمەنت پێ ئەدەم ٤٠ حەیوانم بۆ بکڕە. شێر دانەی ٤ تمەن کەروێشك دانەی ٢ تمەن و ڕێوی چواری ١ تمەن. لە هەر کام لەمانە ئەشێ چەن سەر بکڕی؟ (ن.مەریوان)

١٤٩- ژنێك لە بەین ١٠ پیاودا دانیشتووە و پیاوێك لە ڕێگەوە دێت و بە ژنەکە ئەیژێ ئەم پیاوانە چی تۆن نامەحرەم نین؟ ژنەکە ئەیژێ نامەحرەم نین دانەیەکیان شوومە و سێیانیان هەیوەرمن و شەش تریان برامن، هەر ١٠ کەیشیان لە یەك دایکن، چۆن وا ئەبێ؟ (ن.مەریوان)

١٥٠- دوو پیاو یەکێ لە خۆرهەڵات و یەکێ لە خۆرنشین کە یەکتریان نەدیوە و هیچ ئاشنایەکیان نەبوو بە کچەکانیان ژن بە ژنیان کرد ئەم کچ خۆی دا بە ئەو و ئەو کچ خۆی دا بە ئەم. دوای ماوەیەك دوو کوڕیان ئەبێ ئێستا بێژە دوو کوڕەکە چی یەکن؟ (ن.مەریوان)

١٥١- چوار کاری سەرەکی ژمێردن لەسەر ٧ دانە ٤ بەڕێوە ببە کە ببێتە ١٠٠. (ن.مەریوان)

١٥٢- ڕەوەکا تەیرا گۆتە ڕەوەکا تەیرێن دی: ئەگەر یێك ژ هنگۆ بێتە ناومە، ئەم دێ سێ جار هندی هنگۆ تێ هینین. ڕەوادی گۆتێ: نەخێر! ئەگەر یێك ژ هنگۆ بێتە ناومە، ئەم دی هندی ئێك لێ هێین. ئایا ژمارا هەرەوەکێ چەند بوویە؟ (س.ئـ.٢٢٦)

١٥٣- دوو ڕەوە کۆتر لە تەنیشت یەکدی دەفڕین و لە یەکدییان دەپرسی ئەنگۆ چەند کۆترن ڕەوەی یەکەم گوتی: ئەگەر یەکێك لە ئەنگۆ بێتە ناوەمە ئەمە دەبینە هەندی نگۆ ڕەوەی دووهەمیش گوتیان: ئەگەر یەکێك لە نگۆ وەگەر ڕەوەی مەبکەوی ئەوا ئەمە دەبێتە دوو هەندی نگۆ ئایا ژمارەی کۆتری هەر ڕەوەیەك چەند بووە؟ (س.ئـ.٢٢٦)

-١٥٤

سەرافان وەویـــــر، سەرافان وەویر عەجو لوعبـــەتی کەفتیـــــیەوە ویر
نەرمەچی مایی ئێســـبیە چی شیر ڕەروی تەن جیهاڵ قەڵب بـــەددن پیر
مەردوم وزوی تەن مەپۆشێن بەرگی ئەو بەرگ تەن پۆش ها وە تۆ جەرگی

ژە شەوق خەنەش شەفەق مەخیزۆ   ژە لەوح دیدەش نسرین مـــەریزۆ
هەر کەس ئی مانا وەویر بـاوەروو   سەیا قو و نەقش ئافەرین کەروو

(لەکی)

١٥٥- پیاوێ ژنێکی ماچ کرد وتیان: ئێوە چی یەکن؟ وتی: دایکی شووی ئەم ژنە لەگەڵ دایکی خێزانی منا دایك و خوشکن. (ن.مەریوان)

١٥٦- ئەڕوا ها بەسەر نەڕواو، نەڕوا ها بەسەر ئەڕواو. (ن.مەریوان)

١٥٧-

فەقێ هەشت و کـــەوچك نۆ   یەکێکیان خنکان بە بێ دۆ

(ن.مەریوان)

١٥٨- باوکێك و کوڕێك تەسادف ئەکەن ئەیبەنە لای دوکتۆر، کابرا ئەڵێ کوڕی منە و تەسادفی کردووە، دوکتۆر کە ئەڵێ کوڕی منە هەردووکیشیان راست ئەکەن بڵێ چۆن؟ (ن.مەریوان)

١٥٩- ئەوە چییە لە سێ وەرزا نییە، ئەگەر مەلە بکا ئەبێ بە ئاو، ئەگەر گەرم ببێ ئەگری تا ئەمرێ ئەگەر سەرمای ببێ زیندوو ئەبێتەوە. (ن.مەریوان)

١٦٠-

شاهۆڵەی پـــۆشاش بــــەرگ متقاڵی   عەیلی بارش کەرد دەروەن بی خاڵی

(ن.پاوە)

١٦١-

بانگـوێژ مۆئەزن وەك نەی خۆش ئاوازە   بی سیخە و تەلاق بێ رۆچە و نمازە
حەلاڵ زادەی پاك حـــــەرام پەروەردە   زینا جە مـادەر ئاشکرا کــــەردە

(ن.مەریوان)

١٦٢- دە و دە ناکاتە بیست لەگەڵ پەنجای دەکاتە یانزە. (س.ئـ. ٢٣٥)

١٦٣- ژوورێك پڕی کچ بوو، هەر پیاوێك بچوایتە ژوورەوە کچەکان دەیانکوشت بەڵام پیاوێك چووە ژوورەو گوتی من نۆ قسان دەکەم ئەوجا بمکوژن، کە قسەکانی کرد کچەکان نەیانکوشت و هاتە دەرەوە. پیاوەکە چی گوتووە بۆ ئەوەی کچەکان نەیکوژن؟ (س.ئـ. ٢٣٥)

١٦٤- **ئەلف)** گوڵێکم بینی پیتی هەڵگەڕابوو، سەری کافەکە و لامی نەمابوو پیتی دال و ڕای بۆ دانرابوو.

(هـ.٤٥) ب) گوڵێکم دی زەردی هێنابوو سەری کافەکە و لامی نەمابوو پیتی دال و ڕێی بۆ خۆی دانابوو.
(ئەردەڵانی) ج) گوڵێکم دی زەردیی هێناگە، سەری کافە و لامی نەماگە حەرفی دال و ڕێ بۆ خۆی داێناگە.
(ئەردەڵانی) د) من گوڵێکم دی کز، مل سووڕاو، کافەکە و لامی نەمابوو، پیتی ڕێ و دێی بۆ خۆی دانابوو. (ن.سەقز)

-١٦٥

شاری دڵنشین خۆش ئاو و هـەوا　　　شـەسی لێ بەلا خۆی ئەبێتە لا

(ئەردەڵانی)

-١٦٦

ئەوە کام پیتە لەوێنـــــەی چنار　　　لای عەجەم یەکە لای عەرەب هەزار

(ئەردەڵانی)

-١٦٧

ئەوە کام مەلە ها لە سەحراوە　　　ناوی بە ئەبجـــەد هەژدەی تەواوە

(ئەردەڵانی)

١٦٨- کام شوێن لەسەر عەرز یەکڕا خۆری لێ نیشت؟ (ن.مەریوان)

١٦٩- تا نەکەوێ دانامەرزێ! (هـ.١٦)

١٧٠- شەرعییە وەلێ خوا خۆشی لێ نایەت. (ن.سەقز)

١٧١- هەر جێگایەك گای سووری لێ بنوێ، گیای لێ شین نابێ؟ (س.ئـ.١٢٦)

بەشی سێهەم

مەتەڵ لە شیعری شاعیراندا

هێندێ لە شاعیران جگە لە بابەتەکانی دڵداری، کۆمەڵایەتی، نیشتمانی و... بە زۆر لایەنی‌تردا هەنگاویان هەڵگرتووە. وەکوو پەندی پێشینیان، قسەی نەستەق، داستان، گاڵتە و گەپ، مەتەڵ، چیرۆك و ئەفسانەی کۆنی ناو کوردەواری. ئەو قسە قوت و نەستەقانەی کە لە دەمی خەڵکەوە بیستوویانە بە شێوەیەکی دڵگیر بە پەخشان یان شیعر نووسیویانە و لە مەترسی بیرچوونەوە و تیاچوون رزگاریان کردووە. هەندێ لەو شاعیرانە بریتین لە: پیرەمێرد، عەبدوڵڵا گۆران، هەژار، حافزی مەهابادی، سەی یاقوی مایدەشتی، ئیبراهیم ئەفخەمی و... لە نێو ئەمانەدا گۆران و پیرەمێرد و ئەفخەمی بۆ زاخاوی مێشك و هۆشیارکردنەوەی خەڵك بایەخێکی زۆرتریان بە مەتەڵ داوە و مەتەڵەشیعریان لە رۆژنامەکانی سەردەمی خۆیاندا بڵاو کردوەتەوە و خەڵك خۆیان بە هەڵهێنانی ئەو مەتەڵانەوە خەریك کردووە. لێرەدا نموونەی چەند مەتەڵێکی ئەو شاعیرانە وەك چەپکە گوڵی رەنگاورەنگ ئەدەم لە سینگی مەتەڵەکانم.

ئیبراهیم ئەفخەمی:*

١-

ئەوە چییە دەخزێ و ناخزێ   هەڵمەت دەبا وەکوو دزێ

(مەشکە)

٢-

ئەوندووکە بـــە دەندووکە   لە نێو میران دەڵێی بووکە

(چرا)

٣-

ئەم لای کەڵەك ئەو لای کەڵەك   لە نیوەڕاست چەرخ و فەلەك

(زبان)

٤-

باخێك چوار دەوری پەرژینە   تێدا دوو کـۆتری نەخشینە

(چاو)

٥-

بە سەر پیرەژن بە چنگ مناڵە   بە پشتی روستەم نەتەوەی زاڵە

(شۆڤار – سیخوڕ)

٦-

بنی بییە سەری شـــاخە   ناوی ئاسن پڕ لە زاخە

(خنجەر)

* ئیبراهیم ئەفخەمی لە کتێبی «ئەوە چییە؟» گیراوە.

-٧

بەری هەسانە پشتیشی خوری ساهەڵی بێنەکێ بۆ تۆی دووری

(قاچك)

-٨

بە شەو دەڕوا نارنارۆکە بە رۆژ دەڕوا باربارۆکە

نە هێلکە دەکا نە بارۆکە

(چۆم)

-٩

بۆ خۆی بێ گیانە دەگەڕێ لە گیاندار بێ گیانی بکا و رەقی کا وەك دار

(تفەنگ)

-١٠

تا سەری نەبڕی نایەتە گوفتار تا خوێنی نەڕژی نایەتە وتار

(قەڵەم)

-١١

چوار باڵ و سەری دایم بە دواوە جزو جەواشـــیر مەکانی ئاوە

(ماسی)

-١٢

کوڕی خاکم زۆر بە ناوم نزیك ئـاور برای ئاوم

(چایی)

-١٣

گـەرمیشە و نـــــەرمیشە   دۆخێنەکەی بکەوە تیٚ نیشە

(دۆڵمە – یاپراخ)

-١٤

لە دوور دێ لـــە دوور دێ   قەڵەم و قاقەزی سوور دێ

(هەورەبرووسکە)

-١٥

لە شامی کەنین لـــە شیراز ئامان   بە خونەی شەونم بەهار دەر ئامان

(کارگ – قارچ)

-١٦

مریشکێکم هەیە زەنگی زەنگی   هێلـــکە دەکـــا پڕ بە چنگی

(مەشکە)

-١٧

مەلێکم هەیە مەلە ســـــاتۆرە   قاچ و قول باریـــك بن باڵی بۆرە

شاخی لە بان سەرچاوی کلوورە   بە برێشکەی دەخۆن کڕیاری زۆرە

(کوللەیە)

-١٨

نۆ مانگ لە زەوی سێ مانگیش لە دەر   هەوەڵ بۆ ئادەم دووەمین بۆ کەر

(کەنگر)

-١٩

هەر ساڵێ ساڵێ هەر دەورێ دەورێ   دوو ئاو لە جامێك هەر یەك بە جۆرێ

(هێلکە)

-٢٠

هەتا نەیبەستی ئەو بستی ناڕوا   رزگارت دەکـا لە بەفر و ئاوا

(کەڵەی چەرم، کەوش)

مامۆستا هەژار:

دە بزانە چییە؟ خـــــۆشە مەتەڵم
بیری لێ بکەوە مــــــەڵێ تەمەڵم
گیانلەبەرێکە مەلـــــــەوانی گۆم
زۆر جاران دیوتە لە رووبـــار و چۆم
بێ قاچ و دەستە، بێ چرپە و هەستە
لە شەپۆل برین وەکــــــوو مقەستە
باڵیـــــــشی هەیە و پێیـــان نافڕێ
زاریشی هــــەیە و هــــەرگیز ناقڕێ
نیوەی لە ناوی دەی لــــە چل کــەمە
ماسی بۆ بنووسە و بیخۆ سێ ژەمە
ئەگەر پێت نەکرا هێشتا بیـــناسی
دەتخەمە ناو ئاو دەتــکەم بە ماسی

(ماسی)

سەرچاوە: (هەژار بۆ کوردستان/ ٢٢١)

سیدیعقوب ماهیدشتی:

معما برای رحیم خان سروناوی

دریـــــا عمـــــــــانی — غواص بحرین دریـــــــای عمانی
یـك رۆژ جـــــه گردش زمانه فانی — تجربەم گـــــــرتن پێ نکتـــەدانی
ناگـاه چاوم کفت و دو تیـــــپ سوار — تیـــپی فـــــــرنگی تیپی زنگەوار
نـەمـا نیشان دو تـــــن ریش سفید — سرتاپا عریان بی مـــــاوا و بی زید
یك قطـــعه زمین دعــــوا کرده بین — آبلــــــه زیادی بـــــرآورده بین
لاشەشان چون پوست پلنگ گل گل بی — رنگ گل نه طهر دیـــــده بلبل بی
دو صــــــف سوار یســـار و یمین — هانه خصـــــومت پی قطعه زمین
چون مرغ بســــمل ویشان لش مکرد — اوان فتوا میان ایــــــان بش مکرد
هـــر کسی رخنه وی معـــنا بردن — گویا (سەی یاقـــو) زرخرید کردن

جواب رحیم خان به معما:

سیـــــــد و خیــــــاڵ — به بەلی فکره کـــردی و خیال
غــواص بحرین دردانــه و لال — صراف سخن خویرده ماوی خال
معـلومه حرفت خوش مجازیه — تاس و تخته نرد نـــبرد و بازیه
و مجلساندا خانـــان منـشیان — طوطي وار مکن لـولو درفشان
و بازی نردا هرکسی شـش در — ببندد و کس موو صاحـــب سر

سەرچاوە: (دیوان سەید یاقو ماهیدەشتی/ ل٣٤ و ٣٥)

معما از سید یاقو:

پنج ملا هنن بیدســـــت و قلم — و صب تا ایـــوار منیش وهم
او پنجه آهن، ای پنجه و سنبل — مکیشن دیـوار بی آو و بی گل

سەرچاوە: (دیوان سەید یاقو/ ل٣٥)

جواب رحیم خان:

پنج ملات پنج سیخ آهن بـــدنن / فکـــــــــر رویه رفـــتار زنن
او سیخ جوراب دنیاش وکـــامن / اویش هامنشت حوری حور فامن

۱- هدایت خدادوستی

گاوگمان هنن تاریك شو رنگ / دایم ها لەبان قلعەی گلی سنگ
فره یا کمی پنجـــای با ریه / ده نفر تـــمام خدمت کـــاریه
تا پشت اوگـــانمالی له گل
اوگا او باره نیوەید و منزل

۲- جواب عبدالله مرادی «دلریش»

او گاله آهـــن ساختـــه آهنگر / ساخته پری رفع مشـــکل بشر
مەنەنی لەبان سەسنگ لەکوەانی / پنجای یا بیشتر خیور نەنـەبانی
نازاران وەناز و هـــر ده انگشت / دەنی وه دستا پهنی کن له پشت
افکار دلریش لی هـــاج واجەن
بی شك استادم معمات ساجەن

سەرچاوە: (عەبدوڵلا موورادی، دیوان دڵڕیش ماهیدەشتی/ ل۲۰۹)

۳- معمای عبدالله مرادی «دلریش»

یی مەلی هنن صداش چون خەرەن / له رفت و رەوش چون جنس پرەرەن
سینەی چـــــون سینەی عین آیه / چەوی عـــــدسه دەمی پایەمه
هرکـــس نام یەکوو بـــاورو
دلریش سرلەلی سجو ماورو

٤- جواب میرزا هدایت خدادوستی

اوه مەل نیه نیه ممانـــــــو وەمـل — پروردوی زیقاو سرله ریشەی زل
له پرش چون مل بی‌یـــــال و پره — عـــــاشق وه آوه همیشه تره
چیو خر صدایه چون مـــــل هل پره — همیشه و دایم ها له نـــاو خره
دمی چون پایەم سینەی صاف و سر — عجوزه دیو گول سخت دریا بر
نه خر نه ملـــــه چوانی زاقه
استاد معمات بی‌شك قورواقه

سەرچاوە: (عەبدوڵڵا موورادی، دیوان دڵڕیش ماهیدەشتی/ ل٢١٦)

٥- معمای میرزا هدایت خدادوستی

اجازه بدر فکـــــــرم بکم جم — معمای بنویسم پی اســتاد خوەم
چیشتی بنویسم وه دل وو گـیان — پری عبدالله شـــعرای سخن‌دان
وو شاگرد ویت بکر حـــــساوم — و لفـــظ شیرین بـــــدر جواوم
استادان خاص ای کـــاره کردن — چند ستون دیری هرچن هام فردن
گاه‌گاه خوابیده گاه‌گاه بـیدارن — گاه‌گاه هام مونس خـاطر نازاران
گاه‌گاه گول شکوف باغ بهاران — له بعضي موقع دل لیـش بیزارن
پنج و دو و سه خدمتکارشن
همیشه و دایـــم له فرمانشن

٦- جواب عبدالله مرادی «دلریش»

بەبه له فکره میـــــرزا هدایت — بلند اقبال بید پادار بود پـــایەت
در و دانه و لعل کردیه عـــنایت — ایمەی فیض مەویم له چتر سایەت
خوب فکری کردن استادان خاص — ستون له آهن برگ ســیای پلاس
ستونان له ژیر وصلەن وه پارچه — له خوارەو گوچانه له بان و قارچه
له وقت واران فصـــــل بهاران — نەنی بان سر خاطر نـــــازاران

زمستان و بهار بـــازارش رواج | جاش فوق سرەن وینەی لـعل تاج
استاد و بطور وله ازل کـــاشتن | چون خیمەی خسرو له سـرافراشتن
خیمەش برپاکن بیستون و میخ | خـــریدارشن فصــل و فـرو یخ
برف چینی باران هــر دو بارشن | انگشان هـــرده خدمتکارشن
فصل تابستان بیوارانی و خوەر | له لیـــش بیزارن لاوەنی له سر
تابستان بی رونق بازار کســادن | سپهـــــرواران زبـــون و بەن
چون تاج شاهان برگشته اقبــال | تاوسان جمع میو ها له کنج مال
مالی خراب بوستونی خــم کن | گوشەنشین بو اسبابی جمـــع کن

دلیرش گواهن شعرت پرعطرەن
استادم جواب معـــمات چترەن

سەرچاوە: (عەبدوڵڵا دڵڕیش، دیوان دڵڕیش ماهیدەشتی/ ل٢١٧)

پیرەمێرد:

لەم قەراغ شارە وەرە بنوارە
کوێت لێ دیارە، مەڵبەندی یارە

لە دوور دوور نیگای شیرین و بەرزە
نزیك کەوتیەوە ئەتخاتە لەرزە

ناوی گوێزێکە خانەی نێچیرە
باسەفا و پڕغەم سەیرانگای زویرە

هەر هەفتەی ڕۆژێك کۆگای ژنانە
(ئۆپیرا)ی ژنان، گۆرانی خانە

بە شەو پیاوخۆرە ڕۆژ ئاوی چاوە
ریشەی درەختی جەرگ و هەناوە

کێ هەڵیبێنێ ئێوارەی جومعە
حەڵوای ئەدەمێ بیکات بە لوقمە

(سەرقەبرانە)

سەرچاوە: (دیوانی پیرەمێرد/ ل٤٢١)

ئەم مەتەڵەیان نەختێك گرانە
لە قینی ئەوەی وتیان ئاسانە

زبان زەدێکی کوردە پەتیە
لە جێی پاساری ئەم پێنج پیتیە

هەرچی ئەنووسین کوردی پەتیە
با پێمان بڵێن پەتی و پەتیە

یەکەم و دووهەم لەلەی ژمارە
لە خوار پێپیلکە سەدا بنوارە

وەریگێڕیەوە پارچەیی لەشتە
کە ئەوەت لێ بڕا، گریان بەشتە

سێهەم بخەرە ناو دوو و یەکەوە
بۆ جل و راخەر نەنگە پێکەوە

کە سەری نەبێ کونی تێدەبێ
ریسی جۆلایی پێ جێبەجێ ئەبێ

یەك و سێ بڵێ عەزیز بەو ولاخ
کاتێکت زانی چوو بۆ ئابلاخ

یەك و دوو و پێنجی جەرگەی زستانە
لەگەڵ پەیدا بوو چلەی بەندانە

دوو خاڵی نەبێت ئنجا دەعبایە
پیاوخۆری شەتی خواری بەغدایە

کێ هەڵیبێنێ ئەمجارە بە خوا
وێنەی شیرینی سجوقێك ئەخوا

(چلوورە)

سەرچاوە: (دیوانی پیرەمێرد/ ل٤٢٢)

سێ بەردە و بـــەرد نییە | بن رەقە و بۆ تەور نییە
گیاخۆریشە و کـــەر نییە | هێلکەکەرە و مر نیـیـە

(کیسەڵ)

سەرچاوە: (دیوانی پیرەمێرد/ ل٤٢٣)

زیندوو هات بە فێڵ مردوویەکی ناشت | بەری دارەکەی ئادەمی لێ ناشـت
زیندوو بۆ خواردن هاتە سەر مـــردوو | مردوو هەڵبەزی، زیندوو پێوە بوو

(تەڵەی مشك)

سەرچاوە: (دیوانی پیرەمێرد/ ل٤٢٣)

مامۆستا گۆران:

ژوورێکی زل وەك مزگەوت ئەچنە ناوی شەش و حەوت
کۆڵانی تەنــــگ ئەبڕن تا جێی خۆیان ئــەگرن...
جێی دانیـــشتنی گیاندار تاریـــکەو نەخشی دیوار
ئەژی لەبـــەر رووناکی ئای خوایە چـــەن بیٚباکی!

(سینەما)

سەرچاوە: (دیوانی گۆران/ ل٥١٥)

ئەوەندەی چنگێ لۆکـــەی نەرم و شل بە ناو ئاسمانی شیــــنا ئەدا خول
مووروولەی چاوی پڕ لە نیـــگای نەرم ئەگێڕێ بۆ جێی هێلانەیەك گـەرم!
بۆ جێیەك ئارام، ئاســـایش، شادی، سێبەر بن تیایا بۆ سەر ئــازادی!
لەوێ بە دوو پێی سووری وەك شیلان سەوزایی چیمەن بشێلێ جوان جـوان
ئاقیقی دەنـــووك بەرێ بۆ چــینە: بێ ترس، بێ دوشمن، بێ رق و کینە!
ئەم مەلە جوانـــەی لە شەڕ بێزارە هەرکەس بیناسێ زیرەکە، دیـــارە!

(کۆتری ئاشتی)

سەرچاوە: (دیوانی گۆران/ ل٥١٦)

بیستم سنووقی تـــەختە ئەیوت: سیحر ئەمـــەتە!
رێم بدەو گوێم بۆ شــل کە، «بەح» لە دەنگی بلبل کە!
بە هەزار دەنـــگ و زمان ئەڵێم، ئەخوێنم جوان جوان!

(رادیۆ)

سەرچاوە: (دیوانی گۆران/ ل٥١٦)

پیرۆزە، نیازگـــــای ورد و درشتە | نیایا بە کام ئەگات پەری و فریشتە
چاوی دایك و باوك و نەنك و باپیـران | لە دەرگای چەقیوە، سەرپاکی ژیران
هیوایان وەهایە کـــــە لەو دەروازە | دەرئەچێ بەیداخی ژیـــــانی تازە
ئەو کۆشکە هەڵبێنن ئەی لاوی وڵات | لە پەنای سێبەریا ئەگـــەنە ئاوات

(قوتابخانە)

سەرچاوە: (دیوانی گۆران/ ل٥١٧)

تیـــــغی تیژی بە بــــڕشتە | حوکمی سەری تۆی بە مشتە
لە بەرچاوت بە هــــــزاران | زەرد و رەش و سپیی ئینسان
ئەداتە بـــــەر داسی درەو | تاوێ بە رۆژ، تاوێ بــە شەو!
سزای پاکۆی ئەم گشت لـەشە: | لە کیسەی خۆت پارەی بەشە

(سەرتاش)

سەرچاوە: (دیوانی گۆران/ ل٥١٨)

سێ پیتە مەتەڵی ئەم جارەی ژیـــــنت | بیزانی ژین ئەکـــــا زۆر ئافــەرینت
یەکەمیان وەکوو مێرد لایەکە لـــە ژن | دووەمیان لە (جێ)دا ئەکشێ بـەرەو بن
سێیەمیان بەرەو دوای قووتی ئینسانە | بێ هەر سێ ئەم کۆشکەی لەشمان وێرانە

(ژین)

سەرچاوە: (دیوانی گۆران/ ل٥١٨)

مەیکێشە با کەم نــــەکا | زۆرە لـــــــە ناوی یەکا
جووتی پاڵکەوتووی ناو تاق | بیست دانـــەیە لە عێراق

(جگەرەی پاکەتی)

سەرچاوە: (دیوانی گۆران)

حەوتە مەتەڵم ژمـــــــــــارەی پیتی، مژینی مانگای خـــــــەڵقە نەریتی،
پیتی سێ و پێنجی لەگـــــــەڵ شەشەمی بۆتە هۆ لێمان داپچـــــــڕێ دەمی
حەوت و شەش و دوو لـــــەگەڵ سێ بەرێز شتێك نین چووبی بە لایـــــا هەرگیز!
زیاندارە وەك پێنج و شــــــەش و حەوت دەرپالــــــــووشێکە بۆ چاڵاوی نەوت
گوێچکەی تاقکەوتووی وەك هیی کەر درێژ، کلکی کــــــوتومت مارێکی ژاررێژ
چییە ئەم دەعبا درنـــــــــدە و پیسە؟ پێنج بوایە پیتی ئەتـــــوت ئیبلیسە!

(استعمار بە ئیملای عەرەبی)

سەرچاوە: (دیوانی گۆران)

وشەی مەتەڵ پێنجە پیـــــتی هەڵبێنی زرنـــــگ و زیتی!
لە یەك و دووی لەسەر دوانی لە سێ تا پێنج تۆ بی، جوانی!
بێ دوو، وشە، شای چێشتانە، بێ سێ گەورەی نـــــاو خێزانە
باتا واتا مـــــــــەتەڵزان بە خاوەندی قـــۆندەرەی جوان بە

(پێڵاو)

سەرچاوە: (دیوانی گۆران/ ل٥١٨)

لە (هەمان ژوور)دا بۆ دوا وەرگەڕام کە گەیشتمە بەر «ژین»یان پیشاندام
سرنجم ورد دا لـــە پیتی هەشـــــتەم دیم دەنگی لای کورد دەرناچێ لە دەم
بۆ کـــــــــردنەوەی تەلیسمی مەتەڵ حەوت بەسە، هەشتت با نەبێ لەگەڵ

(ژین)

سەرچاوە: (دیوانی گۆران/ ل٥١٨)

دیم لە گۆیەکی زەردی ســــــووڕباوا دە پانزە ژووری هێلــــــــکە لە ناوا
لە ژووری سێ سووچ دەریای شەربەتاو لە هێلکەی وەك زیخ بووبوو بە گۆماو

دەریالووش بە کێرد ورگی گـوێی درِی ژوور ژوور شــــەکراوی لە دەریا برِی

هێلکەی فرِێ دا و گوێی پان کـــردەوە گوێی هونەری خـــــوێی ئاوا بردەوە

(پرتەقاڵ)

سەرچاوە: (دیوانی گۆران/ ل٥٣١)

مەتەڵەکـــــــەمان چوار پیتی ساغـە: دروست کـــــــــراوە لەسەر بناغە

لە یەك تاکوو سێ ئـــــــــاوریشم درِە باخۆ شـــــوێنێکی لـــــە ولاّغ پرِە

یەك و دووان و چـــــوار زولفی نازدارە یەك و چوار خـــراپ هەر شەرمەزارە

هەیەتی گشت شت سێیان و دووان و چوار بیزانەو بلێم بژیـــــــــت هەزار جار!

(خانوو)

سەرچاوە: (دیوانی گۆران/ ل٥٣١)

شارێکی گەورە هاونــــاوی گۆمە سەر سنوور کەوتووی عەجەم و رۆمە

سێ پیتەی وشەی لە پێوە بۆ سەر چیت بوێ لە دەم پێی دێنـــیتە دەر

ناونجیی لاخەی پیتی یـەك و دوو لێت نادیارە وەك نـــــاوی مردوو

بەلاّم چەواشە برِوانی بـــــۆیان ژمارەی مانگن بـــۆ ژنی دووگیان

(وان)

سەرچاوە: (دیوانی گۆران/ ل٥٣٢)

مەتەڵ حەوت پیتە (نووســـین بە کوردی) گـــــــەر هەڵیبێنی ئەڵێـــم زۆر وردی

پیتی یەکەم و دووەم لەگـــــــــەڵ سێ بەو سەرەوانێ ئەم ســــــــەر ئەبەستێ

پیتی سێ و شەشی لەگەڵ یــــەکەم بێت لای بابیی لووتکەی (کـــاژاو) ئەکێڵێت

بەلاّم حەوت و دوو شەش و یەك هەر چـوار زێرِێکە لێمان ئـــــــەدزێ ئیستیعمار

(تەلەفون)

سەرچاوە: (دیوانی گۆران/ ل٥٣٢)

مەتەڵی ئەمجارە لە نۆ پیت پێکهات: / مایەی پێشکەوتنە بۆ گەل و وڵات
سێیەم و چوارەمی، یەکەمیش لەسەر / لە هیچ کوێ نابینرێ لە خانوو بەدەر
یەکەم و دووەم و شەشەم بە ریزە / میوەیەك پێك دێنن میوەی پاییزە
پیتی پێنج و حەوت و هەشت و نۆ ئاسان / ئەڵێ بە شارێکی سنووری ئێران

(قوتابخانە)

سەرچاوە: (دیوانی گۆران/ ل٥٣٢)

ناپاکێکی پێنج پیتی‌یە / زیانداری نەریتی‌یە
سییان و دوو یەك وەك رووی رەشە / بە برژاندن ئیجگار چەشە
لەگەڵ دەرکەوت (چوار، پێنج) ئەڵێن / لە یەکتر و بەو ئەدەن جوێن
بەو کێردەی خۆی دای سێ و دوو چوار / ورگی ئەدڕن وەك گورگی هار
لە (یەك، دوو، چوار) هەڵێنە دروون / ئەڵێن توێی شێری مەلعوون

(جاسووس)

سەرچاوە: (دیوانی گۆران/ ل٥٣٣)

پێنجە ژمارەی پیتگەلی مەتەڵ / بێ سێ شیرەکەی ئەکەنە مەنجەڵ
یەك و دوو خڕە و یەك و دووان و سێ / بە شیش ئەبرژێ و ئەیخوا گشت کەسێ
لە دوو هەتا پێنج پشووی پاش کارە / سێ و چوار لەگەڵ دوو ئەبینێ دیارە!
ئەوەندە سووك و ئاسانە مەتەڵ / یاریی پێ ئەکا شوانی لای ئاژەڵ

(گۆچان)

سەرچاوە: (دیوانی گۆران/ ل٥٢٤)

مەتەڵەکەم چل پێی هەیە / هەر پێیەکی یەك ڕێی هەیە
ڕێگای بارێك ئەگرێ و ئەڕوا / هەتا لەوپەڕ سەر هەڵئەدا
ناو ڕێگا هێند بۆنی خۆشە / تیغی سەرتاش بۆی پەرۆشە
زیرەك بەو بزانە چییە / ئەم مەتەڵە چوار پیتی‌یە؟

(شانە)

سەرچاوە: (دیوانی گۆران/ ل٥٢٤)

مەتەڵەکەم پیـــتی چوارە | بێ قاچە و کــلك و پەڕ دارە
ئەڕوا بێ پێ، ئەخوا بێ دان | هەوا بمژێ گـــورج ئەدا گیان
بۆ هەژاری گوێ ئاو گۆشتە | پارەی باشی پێ ئەدا پـۆشتە
گەر بتەوێ مەتەڵ راو کـەی | ئەبێ خۆت نوقمی قوڕاو کەی

(ماسی)

سەرچاوە: (دیوانی گۆران/ ل٥٢٥)

مەتــــــەڵم پێنج پیتی ڕێکـە | خۆش ویستراوی گشت کەسێکە
پیتی سییان و چـــوار و دووانی | وەك سەدەف وایـــە ئێسقانی
بەڵام دووانی و چواری و پێنجەم | لە چوار پەلی ئـــەسپم ئەدەم
یەکـــــەم پیت و دووەم پیتی | هـــــەر لە بـــوێژە بریتی

(منداڵ)

سەرچاوە: (دیوانی گۆران/ ل٥٢٥)

مەتەڵی حەوت پیت شـــــاعیری مەزن | بلبلی کورد بوو بـــۆ شیرین خوێندن
ئاوازەی چەشنی هیی یەك دوو، چوار بوو | مەعنای رەنگینی ورد وەك یەك و دوو
یەك و دوو چـــوار و پێنجـــیشی لەسەر | پیشەی بوو لەسەر رووی دەریای هونەر
بە شیلەی جوولەی چوار و حەوت و شەش | بە کوردزمانان شـــەکری ئەدا بەش
بـــــدۆزێتەوە کێـــیە مـەتــــەڵم | ئەڵێی هــــەر بژی یـــاری لەگەڵم

(مەولەوی)

سەرچاوە: (دیوانی گۆران/ ل٥٢٥)

مەتەڵ شەش پیـــتی کوردی و ئاســـــانە | حــــەقیکە لەسەر خـــوێندەوارانە
سێ یـــــەك و دووان و پێنـــــجەم و شەشەم | بـــــۆ (ژین) ئەبێتە نرخی هەفتانە
چنـــۆك رائەکا بۆ سێ، دوو، پێنـــج، شەش | پێی بلێم هیی ســــــاڵ بکە رەوانە

بلێم هیی شەش مانگە ئەڵێ: سێ، پێنج، چوار
با بێتە خـــەوت نیـــوەی ساڵانە

ئەگـــــــەر بۆ پارە هەڵکوتمە ســــەرتە
ئـــەبینی مەتـــــەڵ لەسەر زمانە!

(ئابوونە)

سەرچاوە: (دیوانی گۆران/ ل٥٢٦)

حـــەوت پیتە مەتـــــەڵ شاخ لێ رواوە
پەنجە گـــەزیوە و فرمێسك بە چاوە

لە یەك تاکوو پێنـــــج بێ چوار ئەیرێسن
ئەیکەن بە بــــەرەو بەرماڵ پیرێژن

پێنج و شــــــەش و سێ بۆ چێشتی هەژار
لە رەش، لـــــە سپی دێتە ناو بازار

ئەگەر حەوت و شەش لەگەڵ سێ و چوار بێ
رەنگە بۆ نـــاوی مەتەڵ لەبار بێ!

(پەشیمان)

سەرچاوە: (دیوانی گۆران/ ل٥٢٦)

یەکەم شاعیـــرمان هـــەر بە ناو بیستراو
حــــەوت پیتی کوردی بۆی ئەبێ بە ناو

یەك و پێنج داری گـــەورەی شـــیرین بەر
لە یەك هەتا چـــوار تابووت دێتە دەر

یەکەم و حەوتـــەم لەگەڵ شـــەش و دوو
گشت کەس هیی چـــەوری ئەکا ئارەزوو

زۆردار خستووینیە گێرە و کـــەشمەکەش
لەشی رووت کردووین لە یەك پێنج و شەش

ئـــەگەر شاعـیری دێـــرینی گەلت
نـــاسی، هـــەر بژی قەڵەم و پەلت

(عەلی ترموکی)

سەرچاوە: (دیوانی گۆران/ ل٥٢٨)

هۆی حەسانەوەی ســەرە
لەگەڵ سەر ســـوار و کەرە

بەڵام کەر هەر لــە ژێرە
هێنـــــدە بێ خێر و بێرە

ئەو نەبێ کـورد بیبەوێ
هەم ژێر، هەم سەر ئەکەوێ

زیرەکی خـــۆت بنوێنە
ئەم مەتـــــەڵە هەڵبێنە

(سەرین)

سەرچاوە: (دیوانی گۆران/ ل٥٢٨)

چوار پیت وەك یەك تاق و جووت — قەڵای بـــــاو باپیری زووت
دەورەیـــــان دا کـــــــڵاوسوور — قـــــەڵایان کردیت خاپوور
ئــــــەم مــــــــەتەڵە بزانی — وەستای بەیـــــت و داستانی

(قەڵای دمدم)

سەرچاوە: (دیوانی گۆران/ ل٥٣١)

پەنجە بەرە بـــــەی هەڵگرە — لە خانــــــودا روو لە دەرە
ئەوەی ئەیـــکا بە رەنجی شان — هاودووکانی ئــــــاسنگەرە
ئەگەر زانیت مـــــەتەڵ چییە — (نامەخوا)کەت لەسەر سەرە

(پەنجەرە)

سەرچاوە: (دیوانی گۆران/ ل٥٣٢)

مەتەڵێکە سەر لێ تێکدەر — کێواوکێو دەشت ئەداتە بەر
دوو جار بێت و ناوی بەری — باوکی مناڵ هەڵئــــەدا سەر

(با)

سەرچاوە: (دیوانی گۆران/ ل٥٣٢)

مەتەڵ بۆ کوردێك بە شەش پیت پێك دێ — چوار و پێنج و یــــــەك بەهار زۆر ئەبێ
چوار و دووان و شـەش بکێڵە بەهــــــار — پاییز مێوژت ئـــــەبێ شەش، پێنج، چوار
لە سەرتە یەك و دووان و شـەش و چـــوار — گشت سێ و دوو و چوار و شەشێکی بەهار

(نەورۆز)

سەرچاوە: (دیوانی گۆران/ ل٥٣٤)

وەرە دروست کەین لە نۆ پیت مەتەڵ — داخ بەرینە سك خــوای شەڕی چەپەڵ
ئەگەر لەباتی پیتی پێــــنج و چوار — واوێك وەربگری لە کــــۆتری نازدار

ئەمجا پیتەکان پاش و پێشتر خەی
ئەبێتە بەهەشت، بەهەشتی نیاز
دوایی بە وردی لە گشت سەرنج دەی
چۆلەکەی بۆتە مەلی (خۆش ئاواز)

(ئاشتیخوان)

سەرچاوە: (دیوانی گۆران/ ل٥٣٤)

حەوت پیتە ئەمجارە، نەگریسە مەتەڵم
لە یەکەم تا شەشەم خشۆکی ژاردارە
حەوت و چوار لەگەڵ دوو بڵندە و، سییان و چوار
هەرکەسێ تینوێتی بۆ نەورۆز بنوێنێ
لە دەستی زۆری چەشت رۆژی خۆی کۆمەڵم
حەوت و شەش لەگەڵ دوو کراسی رەشمارە
دەستەیە و، یەك، شەش، پێنج هاوارە لە ئازار
بێ گومان هەوڵ ئەدا مەتەڵم هەڵبێنێ

(ئەژدەهاك)

سەرچاوە: (دیوانی گۆران/ ل٥٣٤)

مەتەڵم پیتی حەوتە و ئاسانە
یەك و دووان و سێ سەرجەمی زۆری
یەك و چوار و دوو لەگەڵ سێیەمین
حەوت و شەش و سێ لەسەر کوڵمی ئاڵ
بزانی چییە مەتەڵی بەهار
گەشە و بۆنخۆشە و بە رەنگ زۆر جوانە
پێنج و شەش و حەوت مەڵبەندی زۆری
ئەدرێ بە شانا چەرمێکە پەشمین
وەك داخی پەرەی گوڵ دێتە خەیاڵ
با ئافەرینت بکەن هەزار جار

(گوڵەباخ)

سەرچاوە: (دیوانی گۆران/ ل٥٣٥)

مەتەڵەکەم شەش پیتییە
بەڵام زیخی وەك یەك و سێ
وەك بەردی یەك، شەش، سێ رەقە
بەڵام رەق بێ یان ئاسان بێ
ئاواتەخوازی برسییە
یەك، دوو، چوار، پێنجیش ئەیناسێ
دار لە ترسی گازی لەقە
زوو بۆت هەڵدێ مەبەست نان بێ

(کولێرە)

سەرچاوە: (دیوانی گۆران/ ل٥٣٥)

لە شەش پیتەکەی جووتی پێش و پاش
قسەی منالْن بۆ شت جوان بێ و باش
لە سێوە بۆ پێنج کزی و بێدەنگی
یەک تا سێ زستان مایەی دڵتەنگی
هەرکەس لە یەکەم تا چواری زۆر بێ
دەزگا و دووکانی یاخوا هەر مۆر بێ
تا ئێستا نرخی ئێجگار گرانە
تاوانیش دیارە هیی شارەوانە
بزانی مەتەڵ سەوزەی رووسوورە
ئەڵێی لە وزەی کڕین ئای دوورە!

(تەماتە)

سەرچاوە: (دیوانی گۆران/ ل٥٣٧)

مەتەڵ لە چوار پیت پێك دێ
دووکەڵ ئەکا و ئەسووتێ
یەك دووی شیرین وەك هەنگوین
یەك دوو چوار مایەی پژمین
بۆمان ئەبووە هۆی سامان
سەربەست بوایە بازاڕمان
هونەری خۆت بنوێنە
ئەم مەتەڵەش هەڵبێنە

(تووتن)

سەرچاوە: (دیوانی گۆران/ ل٥٣٧)

مەتەڵی حەوت پیت زەنگیی کڵاوسەوز
ئاو ناخوا بەرپێی تا نەکەن بە حەوز
مل هەڵواسراوی بن لقی بەرزە
پاش ئیعدام پێنج، چوار، سێ و حەوتی فەرزە
یەك دووی تۆز ئەکا، یەك دوو، چوار لای ژوور
چوار و پێنج، سێ و یەك سەرۆکێکی دوور
ئەمیش هەر بەری رەنجی جووتیارە
کێ ئەیکا و کێیتر بۆی ئەخوا؟ دیارە!

(باینجان)

سەرچاوە: (دیوانی گۆران/ ل٥٣٧)

حەوت پیتی‌یە مەتەڵی خۆش
چەرخ و فەلەك دێنێتە جۆش
لە یەك تا چوار رۆژی شادی
سك تێری و گەردن ئازادی
لە سێ تا حەوت بابەتی ژن
سێ و چوار نیوەی کۆمەڵی من

لە چوار تا شـــــــەش زادی خـوایە چوار پێنج هەروەك شەش، حەوت وایە
سێ و پێنج و شەش هـــــۆی هاوارە ســــەرنج بدەی مــــــــەتەڵ دیارە

(جەژنانە)

سەرچاوە: (دیوانی گۆران/ ل٥٣٨)

سەر وە بان عەین عەینم خـــەم وەردەن هوون چون چەشمە نە عـــەین سەركەردەن
یەند دەرد و ئاهم عەین كەردەن بێ نوور وەختەن هەشت كەم بۆنە پەنجەی مەشهوور

(ئەلف: عەین (یەكەم) خۆی - نەفس - عەین (دووهەم): ئەژنۆ - عەین (سێهەم) ئاو. عەینی (چوارەم) چاو. واتە: سەرم دانەویوە بە سەر ئەژنۆم خۆی دا، وە خوێن وەك سەرچاوەی ئاو لە چاوەكانمەوە سەری كردووە.

ب: واتە: ئاخ و دەرد بە ئەندازەیەك رووناكی چاومی كەم كردووە، لەوانەیە رۆژی رووناكم لێ ببێ بە شەو و هەشت ركاتی نوێژی نیوەڕۆ و عەسر نەمێنی لە ناو پێنج فەرزەكاندا، چونكە بە شەوا تەنیا نوێژی مەغریب و عیشا و بەیانی هەیە، ئەو دوو نوێژەكە هی رۆژن، كە رۆژ نەما خۆ دیارە وەختەكان ناگوێزرێتەوە بۆ شەو.)

سەرچاوە: (دیوانی مەولەوی/ ل)

یـــــەك و دوو فەردم وەخـــــاتر یـاوان دیـــــــەنم لە دیـــوان مەعنا شكاوان
سەهلەن سا ئەگەر مـــــــەعناش بزانی بنـــــووسی جـــــــواو ماتڵ نەمانی
میـــــــرزام زیادەن، میــــــرزام زیادەن میــــــرزام ئەر عـــەقڵت ماچی زیادەن
یە چ گوڵێ وەن لە خــــــــار ئیجادەن؟ گـــــــوڵەن یـــا گوڵچین ئادەمیزادەن؟
هەر كەس پاش وەتۆی ئـــەو خارە وەردەن ئـــــەوەڵ مەزانــــۆ گوڵ كارش كەردەن
سەفــــاشەن وەلێ ئـــــەرچی خار زشتەن حەق بە لــــوتف وێش ئەو گوڵ سرشتەن
جەفای خار ماچی ســــەفای گوڵ گەشتەن گوڵ ماچی حـــوورە و خار چون بەهەشتەن
وەڵگ گوڵ لە تــــــەرح تای خەیاتەی شار كە چــــەن چون ئەقرەو پێچەن چون شامار

خــەت چین چین ئاران هەر چــینێ سەد تار　　تـــارێ سەد ئەفعــی، ئەفعی بێ سەد مار
هەر مارێ سەد گاز هــەر گازێ سەد نیش　　هەر نێشێ سەد دەرد هەر دەردێ سەد ئێش
هەر یەك لە سەد لا دڵ گـەستەن پەی ویش　　دڵ لە سەد لاوە زووخـــــاو مەیۆ لێـــش
سەهلەن سا ئـــەگەر مەعنـــاش بزانی　　بنـــووسی جـــــــواو ماتڵ نـــــەمانی
مــیرزام جەو بـــــۆنۆ نەمــــــانی خجڵ　　ئەگەر مەپـــــــەرسی ئەسڵ مەعنی گوڵ
هەشت سەر دوو گەردەن دە سینە دوو نـاف　　با لێـــت حاڵی وێـت پەنج پاس بی خیلاف
سا میرزام ئــــەگەر مــــەعنا شــکافی　　بـــــە وێت مەنــــازی ماچان سەرڕافی
حەل بکەر پەرێم ئـــــی ئوقدەی مـوشکڵ　　وەلێم حاڵی کـــە ئەسڵ مەعنــــای گوڵ
وە زەرب و تەقسیم وە جەمع و تــــەفریق　　حــــــەساوش بکــــــەر لە راسی رەفیق
ئەعدادش وە یــــەك بکەر شــــمارە　　لێت مەعلووم مەبـــــــۆ ئەو گوڵ و خارە

(وەڵامی موعەمما لە دێڕی چاردەمین دایە:

هەشت سەر: ٨=ح　　دوو گەردەن: ٢=ب
دە سینـــە: ١٠=ی　　دوو نـــاف: ٢=ب
پێنج پا: ٥=هـ (حەبیبە)

حەبیبە دڵداری شاعیـــــرە کە ئەتوانێ　　دڵدارێکی مەجازی بێ یان راستەقینە)

سەرچاوە: (دیوانی نەسیمی شاهۆ - میرزا ئەحمەدی موحەممەدی داواشی رەوانسەری)

♠♠♠

بڕێك لە شیعری شاعیران هەیە كە تایبەتمەندی و نیشانەی مەتەڵیان تێدایە. ئەمانە وەك مەتەڵ نەكەوتوونەتە سەرزبانی خەڵكەوە و ئەتوانین بە جۆرێك مەتەڵی شاعیرانە ناویان لێ ببەین یان بە گۆڕانێك لە دەقەكانیاندا ئەتوانین مەتەڵیان تێدا ساز كەین. بڕێك لەم شیعرانەم بۆ نموونە هێناوە. چون كارەكەی من لەسەر مەتەڵە، تەنیا مەتەڵەكانم نووسیوە و وازم لە باقی شیعرەكان هێناوە.

١-

باغچەی جوانی سروشتم   پەروانە دەور و پشتم
هاژەی قەڵبەزەی ئاوم   ڕووناكییە بۆ چاوم
وەرزی سەیران و گەشتم   لە شاخ و كێو و دەشتم

(بەهار)

سەرچاوە: (كاكەی فەلاح/ جگەرگۆشەكان/ ل٥٢)

٢-

بۆیە ئەو ڕۆژەم پێ خۆشە   هەموو كەس دڵی خۆشە
خۆشەویستی ئەهێنێ   تۆوی ئاشتی ئەچێنێ

(جەژن)

سەرچاوە: (جەژن) (كاكەی فەلاح/ جگەرگۆشەكان/ ل٤٣)

٣-

منم باران ئەهێنم   تۆوی زۆر دائەچێنم
باران زۆر ئەبارێنم   تا كاتی پەڵە دێنم
ئاوی كانی زۆر ئەكەم   وەك ئاڵتوونە گەڵا كەم

(پاییز)

سەرچاوە: (كاكەی فەلاح/ جگەرگۆشەكان/ ل٥)

٤-

گا سەرەوژێرە گا سـەرەوخوارە | تاڵی و شیرینی دنیای ڕێبوارە

(ڕێگا)

سەرچاوە: (دیوانی گۆران/ ل)

٥-

بێ دەس و پایە و هێزی بە سەرە | بۆ کردەی زۆردار ئەو ڕسواکەرە

(قەڵەم - پێنووس)

٦-

سەری کونایە و قووتی ڕەنگییە | لاپەڕەی مێژوو خوێنی چاویە

(قەڵەم - پێنووس)

٧-

بە وەیشوومە و بە سەرما | کێ خۆی ئەگرێ لە بەرما
بە دەسـەڵاتی زۆرم | ئاو بە سـەهۆڵ ئەگۆڕم
من بە کلووی بـەفرەکەم | کەژ و کێو دروست ئەکەم

(زستان)

سەرچاوە: (کاکەی فەلاح/ جگەرگۆشەکان/ ل٥١)

٨-

میـوەی زۆرم لە لایە | خـەرمانم لەبەر بایە
وەرزێکی بێ ئـازارم | جـل و بەرگی هەژارم
خاوەن سێبـەری خۆشم | هەر ئاوی سارد ئەنۆشم

(هاوین)

سەرچاوە: (کاکەی فەلاح/ جگەرگۆشەکان/ ل٤٩)

-٩

کام پیر؟! ئەو پیرە، کە بە ژیان و ژین ... گشت کوردستانی پڕ کرد لە زانین

(پیرەمێرد)

سەرچاوە: (دیوانی قانع/ ل٣٣٨)

-١٠

کام پیر؟! ئەو پیرە هیممەتی نوان ... بۆ کوردی نووسین ئەو رچەی شکان

(پیرەمێرد)

سەرچاوە: (دیوانی قانع/ ل٣٣٨)

-١١

ئەوەیان بە من ئەسپارد ... کەوا پاشـــام هەڵئەبژارد
من بێ وێنەم لـــە راوا ... کی هـاوتـــامە لە ناوا؟

(باز)

سەرچاوە: (کاکەی فەلاح/ جگەرگۆشەکان/ ل٧٥)

-١٢

چیـــــیە زمـــانی دڵە ... وشـــەشی پەڕەی گوڵە
کـــاتێ دەگـــاتە کاغەز ... گـــــولاوی دەپرژێنێ
نەك رۆژ و دووان و سێیان ... تـــا دێر زەمان دەمێنێ

(قەڵەم – پێنووس)

سەرچاوە: (نووسەری کورد جەزا عەلی ئەمین/ ل١٥٠)

-١٣

باوەڕم هەیە بە سیـــــدق و یەقین ... هەر تۆ پێش ئەخـەی کۆمەڵی بێ تین
بە بۆنەی تۆوە زك هـــــەڵئەدڕن ... نـــەخۆشی نـــاوزك لە ریشـــە ئەبڕن
دڕندەی سەرکێو ئەکەی بە ئینسان ... کوڕی فەیلەسووفە بێ تۆ وەك حەیوان

گەرچی جارجاریٚ زەرەریش ئەخەی
مشتەکوٚڵ لە دەم هەژاران ئەدەی

(زانین)

سەرچاوە: (دیوانی قانع/ ل١٦١)

-١٤

دەك نامەردت کەن ئازیزەکەی فەرد
ناپرسی لە حاڵ هەناسانی سەرد

بە نووکی برژانگ موژەی تازەساو
کونکە! با بڕۆا شەپۆلی زووخاو

هەروەخت ئارەزووی نەبوونت کردم
لەمە زیاتر مەجنوونت کردم

(یار)

سەرچاوە: (دیوانی قانع/ ل٤٤٦)

-١٥

ئەی دایکی ئەسڵی ئەی خاکی بێدەنگ
ئەی ماڵی تاریك پەردەی شەوەزەنگ

ئەم لاشە لاشەی کانی جەوهەرە
ئەمە سەرچاوەی دانەی گەوهەرە

هۆشت بیٚ دەخیل ئەزیەتی نەکەی
بە بیٚ رەحمانە ئازاری نەدەی

مەڵیٚ، خۆ ژینی پڕ لە ناسۆڕ بوو
رۆژی ژیانی شەوی دەیجوور بوو

(گۆڕ)

سەرچاوە: (دیوانی قانع/ ل٤٥٣)

-١٦

(قانع) خوێنخۆریم خەتای خۆم نییە
سروشتم وایە، دەسەلاّت چییە

ئەگەر تەبیعەت دەنووك نەدا پێم
سەر بەندیٚ شاخان، دانەنیٚ بۆ جێم

جەنگی قولابدار وەك نێزەی خوێنرێژ
نەخاتە پەنجەم مەحکەم و درێژ

نینۆك وەك ئەڵماس، نەخاتە پەنجە
هیچ مەڵیٚ لە من نابیٚ دڵ رەنجە

(باز)

سەرچاوە: (دیوانی قانع/ ل٤٧٧)

-١٧

هەر منم کە هۆی ژینی ئینسانم | هەر من رەونەقی گەل و نیشتمانم
واستەی ئاشتی بووك و زاوایـیم | زینەتی تـاج و تەخـتی پاشاییم
بۆ من هەژاران روو ئەکەنە چۆڵ | ئەسوورێنەوە هـەمانە بە کۆڵ

(گەنم)

سەرچاوە: (دیوانی قانع/ ل١٦١)

-١٨

وەرویّ وەوارۆ وەروە وەرێـــنە | وەرێسە برێـــو چوارسەرێنە
کەرگەی سیاوە هێڵەش چەرمێنە | گـــۆشڵێ مەرپوە دوە بەرێنە

(؟)

سەرچاوە: (عادڵ موحەممەدپوور/ شەبەنگی زوانی کوردی/ ل٨٦)

-١٩

بۆ تەمـــــەڵ و خەواڵوو | نایەتە دی زوو بـــڵێ زوو

(ئارەزوو)

سەرچاوە: (؟)

-٢٠

گەر تیشکی من نەبوایە | دنیـــا تاریکی دایە
هەرچی پێی ئەڵێن: ژیان | بێ ناز ئەبوو، بە بێ گیان

(خۆر)

سەرچاوە: (کاکەی فەلاح/ جگەرگۆشەکان/ ل٩١)

٢١-

چی لـــە دنیادا هـــەیە　　لەم سەرشـــان و پشتەیە

مرۆڤ ئاژەڵ کشت و کاڵ　　وشك و تەڕ، باڵدار، بێ باڵ

هێـــلانەیان هەر منم　　منم منـــم هـــەر منم

هـــۆی ژیانی ئینـــسانم　　هەمووی وا لەســـەر شانم

(زەوین)

سەرچاوە: (کاکەی فەلاح/ جگەرگۆشەکان/ ل٩٠)

٢٢-

گیانە هەر کەسێ ژیر بێ　　ئەبێ منی لە بیـر بـێ

بە بێ گـەوهەری بـوونم　　ژیان ئەڵێ: نەبـــوونم

هەرچی ئـــەژی و ژیاوە　　بە مـــن گەش و پاراوە

(ئاو)

سەرچاوە: (کاکەی فەلاح/ جگەرگۆشەکان/ ل٩٣)

٢٣-

سیاییم ئاوەرد، سفیـــدیم پێ ڕەشت　　هەفتم کەردەوە گرێم دا لە هەشت

(؟)

سەرچاوە: (مەلا عەبدولکەریم مودەڕڕس/ دیوانی مەولەوی/ ل٣٠٨)

٢٤-

سفیدیم ئاوەرد، سیاییم پێ ڕەشت　　هەفتم کەردەوە روو نیام لە هەشت

(؟)

سەرچاوە: (مەلا عەبدولکەریم مودەڕڕس/ دیوانی مەولەوی/ ل٣٠٩)

بەشی چوارەم

زوان خەڵەتێنە تەتەڵەی زمان،
تێکەوتن، زمان خلیسکان، زمان بەزێن

چنینی وشەکان و رستەکان و پیتەکان پێکەوە و دووبارە کردنەوەیان دژوار و گرانە، دەبێتە هۆی ئەوە جێگەی وشە یان پیتەکان بە یەکەوە بگۆڕێن و مانایەکی سەیریان لێ دروست ببێ و ئەو کەسانەی دووبارەیان دەکەنەوە ئەگەر زوانیان رەوان نەبێ تێ ئەکەون، زیرەکی و رەوانی ئەو کەسانە پیشان ئەدەن کە زوانێکی رەوانیان هەیە. لەم بەشەدا ٣٦ زوان خەڵەتێنەم کە زۆربەیان سەر بە ناوچەی ئەردەڵانن کۆ کردۆتەوە و ٣٠ زوان خەڵەتێنەی دیکەم لە کتێبی «بەرکوتێك لە مەتەڵی فولکلۆری کوردی» بەرهەمی زانا و لێکۆڵەری بەناوبانگ «سەدرەدین نوورەدین ئەبووبەکر» خستۆتە سەری و ئەم بەشەم پێ دەوڵەمەند کردووە.

١. ئەو رەشماڵە شەش تەختە رەشماڵە، تەڕ شەش تەختە رەشماڵە. (س.ئـ.٢٤٤)

٢. ئەو شەش تەختە چیرە شرە، چ شەش تەختە چیرەشرێکە. (موکریان)

٣. ئی تولەرا ملوە سەرو راو کەلو قالەکولەی. (هەورامی)

٤. ئی را ملۆ سەرو لە ورِگا و جەبەلالی. (هەورامی)

٥. باخەکەی باشماق باش باخێکە. (ئەردەڵانی)

٦. بلەخرِە، زۆر جل شرِ و درِە.

٧. بەرخی بەحرێ.

٨. بەهارە، بەهارە بە هارە بەهارە، بهارِە. (ئەردەڵانی)

٩. پەنج شیشە شیر، سینی شەسو شەش تمەن. (ئەردەڵانی)

١٠. پیرەژنەی گوو زەردە، گوو زەردم بە دەمتە دەمت بە گوو زەردم.

١١. تەرمی نحیێ، بانی نحیێ، نح لە پشتیێ، هەرچی حەفت جاران بیڵێ دەچتە بەهەشتیێ.

١٢. جەنجەرِی حەمە خەنجەری جیرِەجیرِیەتی. (س.ئـ.٢٤٤)

١٣. جڵی تەرِم کرد لە رێوی لەرِ. (ئەردەڵانی)

١٤. چۆتاش تۆ چە چۆ تاشایە وەنی. (هەورامی)

١٥. چاڵەکەنێ، لە ناو چایەك بێ وچان، چاڵی ئەکەند بۆ چاەکەنێ. (ئەردەڵانی)

١٦. چوومە بان قەڵای قەمەرالیخان/ ماشاڵڵا لە قەڵای قەمەرالیخان/ لایەکی قەڵا، لایکی دیواخان/ نە جێگەی خان نە جێگەی مێوان. (ئەردەڵانی)

١٧. چوومە بان ملەی گەزگەزارە، گوڵ گەزی ئەکرد، گەز گوڵی ئەکرد. (ئەردەڵانی)

١٨. چوومە دۆڵەکی بەپووش تێدا بوو ئەسپێکی تووش ئەمن وەشاندم ئەسپ تووشاندی. (س.ئـ. ٢٤٥)

١٩. چوومە سەر قەور قەمەرالیخان، ماشەڵڵا لە کێل قنج قەمرالیخان، ماشەڵڵا لە کێل قنج قەمرالیخان. (ئەردەڵانی)

٢٠. چوومە سەر کێل قەور قەمەرالیخان و هاتمە خوارەوە. (ئەردەڵانی)

٢١. چوومە سەر کێلی قەبری قەمەرە لەرِ، ئافەرین بۆ کێلی قەبرت قەمەرە لەرِ. (ئەردەڵانی)

٢٢. چوومە سەر کێلی قەوری قەمەرە لەرِ، ئافەرین قەمەرە لەرِ بۆ کێلی قەورت. (ئەردەڵانی)

٢٣. چوومە چەم چەقڵی چەقان چەقەڵ چەڵتووکی ئەتووکان. (ئەردەڵانی)

٢٤. چوومە چەم چەقڵی چەقان، نەمامم داچەقان، چڵێ چەوانم لە چاوی ناحەز چەقان. (ئەردەڵانی)

٢٥. چوومە چەمی چەقەڵان چەقەڵ چەڵتووکی ئەتەقاند. (س.ئـ. ٢٤٥)

٢٦. چوومە ماڵ رەشەی رەشمیشاغەی گۆتمە ژنێ رەشەی رەشمیشاغەی بمدێ رێشمە رەشی ئەسپە رەشی رەشمیشاغەی. (س.ئـ. ٢٤٥)

٢٧. خوری ئەم بەرە تەرە، لە خوری کام مەرە لەڕ براوەتەوە. (س.ئـ.٢٤٥)

٢٨. رۆیمە چەم چەقڵی چەقان، چەقەڵ بە دندۆك چەڵتووکی ئەتەقان. (ئەردەڵانی)

٢٩. رێوی لەڕ لە لا رێ لا ئەدا. (ئەردەڵانی)

٣٠. رێوی لەڕ، رۆنی لەڕەلەوڵ، و لووت ئەلستەو. (ئەردەڵانی)

٣١. رێوی لەڕە جلی تەڕە، لە گەوەڕا، تەڕ لەوەڕا. (س.ئـ.٢٤٥)

٣٢. سەرئێوارە، روومە بان کەل گەزگەزارە، گەز گوڵی ئەکرد بەرەوخوارە، گوڵ گەزی ئەکرد لارەلارە. (ئەردەڵانی)

٣٣. سرکە سۆرەی بەتاتی، غارم دایێ بەساتی، سرکەم خوارد سل بەجێما. (س.ئـ.٢٤٥)

٣٤. سوارێ هات لە ئاشەوە، سێ توورەکەی بە پاشەوە، یەکیان گوو بوو، یەکیان موو بوو، یەکیان توو بوو، لەقەم دا لە گوو، دەستم برد بۆ موو، قەپم گرت لە توو. (موکریان)

٣٥. سێ سێ شەمە شەو، سێ سەوەتە سیر، ها لە بان سەریو. (ئەردەڵانی)

٣٦. شلە شاوار سێ شلە ساوار. (س.ئـ.٢٤٦)

٣٧. شوان لەڕ، ران لەڕی لە لا رێگا، ئەلەوەڕان. (ئەردەڵانی)

٣٨. شوانی مەڕە لەڕ لەوەڕێن ئەو مەڕە لەڕە لە رۆخی رێی و لە لێڕی مەلەوەڕێنە. (س.ئـ.٢٤٦)

٣٩. شەش تەشت مزاش، مشت مزاش. (س.ئـ.٢٤٦)

٤٠. شەش شویشەن سەر شەش سەرشۆڕ کا شویشتن. (س.ئـ.٢٤٦)

٤١. شەش مریشکم هەنە، سێ سپی پۆ پیتە رەش، سێ رەشی پۆ پێتە سپی. (س.ئـ.٢٤٦)

٤٢. شەکەرم، جا، شەکەرم. (ئەردەڵانی)

٤٣. شەو، شەش شۆڵەی بەرق، شیشۆڵی گرت. (ئەردەڵانی)

٤٤. شیری شەکی سپیم خوارد.

٤٥. قالەقیتە، قەیتانی قاچی قرتاند. (س.ئـ.٢٤٦)

٤٦. قەت قەل لە کەڵی قەشقەی کەوی نابی. (س.ئـ.٢٤٦)

٤٧. قەڵاکە و قڕ کرن. (س.ئـ.٢٤٦)

٤٨. قەڵە رەشەی سەر گومەتی، هورد هورد کلکی دەکوتی، پلم بە پتە پتت بە پلم. (س.ئـ.٢٤٦)

٤٩. قوڕی کۆڕێ کەری قڕ کرد. (س.ئـ.٢٤٦)

٥٠. کاغەز کەو، قەو کەلەقەن. (ئەردەڵانی)

٥١. کاکە بێژە بە کاکە، کاکەی کواکا، لەسەر کواکە. (ئەردەڵانی)

٥٢. کاکە کاکە کاکەڵێ، کاکە لە سوور، گا کوڵی گاگەلەکەی گاگلی برد. (ئەردەڵانی)

٥٣. کاکە، گاکەی کاکەت، کاکەی گاکەی، کاکەمی خوارد. (ئەردەڵانی)

٥٤. کاڵێ بە پووڵێ لە ماڵێ، ساڵێ شاڵێکی رست بۆ ساڵێ. (ئەردەڵانی)

٥٥. کاوە لە کارگەی کۆکاکۆلای کەرکووك کرێکارە. (س.ئـ.٢٤٦)

٥٦. کاوڕە لەڕە، هەڵئەگەڕێ، دائەگەڕێ، لە لارێ نالەوەڕێ. (ئەردەڵانی)

٥٧. کوژیێ تێرکا دایێ سۆر و زەرە. (س.ئـ.٢٤٦)

٥٨. کەڕەواڵەی کەڕولاوا، کەڕ و کوڵە و پڕمشتی. (ئەردەڵانی)

٥٩. کەلەکۆتکی ئاشی سوسێ، بە شەوی سێشەم دەسووتێ. (س.ئـ.٢٤٦)

٦٠. کەلو عەلیو قالە کولەی. (هەورامی)

٦١. گا لەڕ بۆڕیەر، بۆڕەبۆڕ ئەکا بۆ لەوەڕ. (ئەردەڵانی)

٦٢. گاڕەش بۆڕیەر، لە لاڕیا ئەلەوەڕیا. (ئەردەڵانی)

٦٣. گاکەی کاکەم کاکەی گاکەی خوارد. (س.ئـ.٢٤٦)

٦٤. گۆشتی شەکی سوورم خوارد. (س.ئـ.٢٤٦)

٦٥. گەیشتمە تاژیەکی ریخن ریخن، هەر ریخم برد لە بۆ دەمی و هەر دەمی هێنا لە بۆ ریخێ. (س.ئـ.٢٤٦)

٦٦. گەیشتمە نێرییەکی پرچن پرچن، هەر پرچم گرت و هەڵیهاتی، هەر پرچم بەردا و هەڵیهاتێ. (س.ئـ.٢٤٦)

٦٧. مام و سوو بە شەوی سێشەم مەچووە شووە بییان، لۆسە و شیر و سەوییان. (س.ئـ.٢٤٧)

٦٨. مەلا سلێمان زەمبیل، سەبیل ئەخوا. (موکریان)

٦٩. نۆك نۆکی چەفتە. (ئەردەڵانی)

٧٠. واتم پەنە واچەش پەنە، واتت پەنە واتش چێش. (هەورامی)

بەشی پێنجەم

شەرح و لێکدانەوەی وەڵامی ١٧١ موعەمما و مەتەڵی تایبەت بە ...

١- **هوول:** جووتیاری موو زەرد. **جفتی هوول:** دوو گا کە بە رەنگ مەیلە و زەردن. **ئاسن:** گاوەسنە کە بەستراوە بەسەر دارجووتەکەوە. **واتا:** جووتیارێکی موو زەرد ها بە شوێن دوو گای زەردەوە و خەریك جووت کردنە و گاکانیش لار و گێڕ ئەچن بە ڕێگەوە و هێڵەکەیان لار و گێڕە و بە گاوەسنەکە ریشەی زەویەکەی دەرئەهێنێ و شێڤی ئەبڕێ.

٢- **ئەلف) دارەکە:** ساڵە. **لق:** مانگە. **گەڵا:** ڕۆژە. **سێف:** سی ڕۆژەی مانگی رەمەزانە. **واتا:** ساڵێکم هەیە دوانزە مانگی هەیە و هەر مانگی سی ڕۆژە و لە هەر ساڵێکدا مانگێکی تایبەت بە ڕۆژووگرتنە کە سی ڕۆژە، پانزەی ڕۆژ و پانزەی شەوە. شەو هەرچی بخۆی حەڵاڵە و ڕۆژیش هەرچی بخۆی حەرامە. **ب)** لە مەتەڵە هەورامییەدا داری شوبهاندووە بە داروەن کە ئەم ساڵە چوار وەرز و ١٢ مانگ و سی ڕۆژی هەیە. **پ)** لەم مەتەڵەدا جگە لە ساڵ و ١٢ مانگ و سی ڕۆژ کە لەبەرچاو گیراوە سی ڕۆژەی مانگی رەمەزانی بە دوو پانزەی شەو و ڕۆژ دابەش ئەکا و مەبەستی لە دوو هێلانە مانگ و خۆر و مەبەستی لە یەك هێلانە ئاسمانە.

٣- **ئەلف) شار:** سك دایکە. **گۆشت بەرخ:** شیری مەمکە. **ماینە:** بێشکە. **واتا:** لە سك دایکمەوە هاتم

هیچی تێدا نەبوو، شیری مەمکەیم خوارد ئێسقانی تێدا نەبوو دوایی سوار بێشکەیەك بووم رۆحی تێدا نەبوو. ب) لە موعەممای (عەبدوڵڵا بەرك)دا هەر ئەو واتا ئەگەیەنێ بەڵام وشە و زاراوەکان جیاوازن.

٤- گەرچی ئەم مەتەڵە بە رواڵەت ناشیرینە بەڵام ئەمەمان بۆ دەرئەخات کە زۆربەی خەڵکی هەژار لە هەر کوێدا چڵمی لووتیان هاتبێ فریان داوە چون دەرفەتی وایان نەبووە و خەریکی کار کردن بوون و نەیانپەژراوە پاکی بکەنەوە؛ بەڵام چینەکانیتری کۆمەڵگا لە هەر کوێ بووبێتن بۆ ئەوە جێگایەکەیان پاك و خاوێن بێت لە نێو دەسەسرێکیان دەکرد و هەڵیانئەگرد تا دوایی لە ماڵا بۆیان بشۆرن.

٥- لە وەرزی بەهارا گوڵێکی سەوز و بەرزم بینی کە باری گەوهەرێکی بەنرخ بوو کە دەبێتە مایەی ژیان قایمی دین، بیر و بڕوا، هێمنی رەوان و راحەتی خەیاڵ لە ژیانی مرۆڤدا ئەم گوڵە جگە لە گوڵی گەنم شتێکیتر نییە.

٦- دوو کوڕ دەبن ژن بە ژنە بە دایکیان دەکەن و ژنێك لەو ژنانە بە کوڕەزاکەی ئەڵێ کوڕ کوڕەکەمە و برای شووەکەمە.

٧- بەسەر وەکوو مسی بە پا وەکوو مسافری بە دڵ وەکوو مسوڵمانی بە نەفس وەکوو کافری.

٨- ئەگەر سامان و دارایی رووی تێ کردی پا بخە بە مل پاتا و راحەت پاڵ لێ بدەوە و بە خۆشحاڵی ژیانت رابوێرە، بەڵام ئەگەر نەبوونی و نەهاتی بە سەرتا زاڵ بوو بۆ بەردەوام بوونی بژێوی ژیان دەبێ هەوڵ و تەقالایەکی بێ وچان بدەی هەر ئەمە دەبێتە هۆی ئەوە کە لەش و رۆحت دابرزێ و رۆژێك تیا بچێت. ئەم مەتەڵە ناڵێ بێ خەیاڵ بە بەڵکوو ئەڵێ خاترجەم بە تیا ئەچێ و درۆی لەگەڵ ناکات. لە خۆڕایی دڵی خۆش ناکات.

٩- وشترێ بووە کە لە شاری یەمەنەوە هاتووە و باری پێ بووە (رەنگە مەبەست کەوانەی پشتی بێ کە چەوریيە) و لە نزیك شاری شامدا لەسەر پردێك مردووە، کە نە لە زەوینا بووە نە لە ئاسمانا.

١٠- ئەو گوڵە کامە کە لە خاکا سەوز دەبێ کە تەنیا یەك پای هەیە و پەڕەکانی چاك چاکن. نە ماڵی مسرە و نە لە شارەوە هێناویانە بەڵکوو بەهۆی شەق بردنی شەونمەوە لە خاکا شین بووە ئەم گوڵە کارگ یان قارچکە.

١١- **باوای چەفت و چێڵ:** بنەمێوە. **دایەی سەرپانە:** گەڵا. **کوڕی شیرین:** هەنگوورە. **کوڕزای دێوانە:** ئاوی هەنگوورە کە مەی و شەرابی لێ ساز دەکەن.

١٢- **ئەم وەر و ئەو وەر خیاوان:** لێوارەی قارخ یان گۆلە. **ماین:** یارەمای خەیارە. **کوڕ:** خەیارە.

پاوان: ئەم وەر و ئەو وەر گوڵەکە کە یارەما یان تەرزەی خەیارەکەی بە سروە شین بووە و ریشەکەی بە زەوینەوە بەستراوەتەوە و خەیارەکەیش پاوەن کراوە و بەستراوەتەوە بە یارەمای خەیارەکەوە.

١٣- **١**. خوا **٢**. رۆژ و شەو **٣**. سێ تەڵاقەی ئیسلامە **٤**. چوار وەرزی ساڵە **٥**. پێنج فەرزەی نوێژە.

١٤- **هەتلی مەتلان:** ناوی دوو منداڵی کوڕە. **شادی و شەرەف:** ناوی دوو کچە. **خڕخڕەمشتە، هەوانە پشتە، کەشکەسەرە:** پیازە. **واتا:** جنێك ئەچێتە لای جنێکیتر و داوای پیازی لێ دەکا. ئەویش سوێندی بۆ ئەخوا بە گیان دوو کوڕەکەم هەتلی و مەتلان و کچەکانم شادی و شەرەف پیاز شك نابەم.

١٥- پیاوێکە کە پایەکی نییە و سوار کەرێ بووە.

١٦- **باواشۆشتی:** دوو گا کە هەڕا ئەکەن. **باواخرتێ:** جووتیارە کە جووت ئەکا. **هەڕاکردن:** راکردن. **هەراکردن:** هاوارکردن. **واتا:** هەشت پای دوو گاکە و دوو پای جووتیارەکە، گاکان هەڕا ئەکەن و جووت ئەکەن و جووتیارەکەیش بە شوێن گاکانا هەر هەرا دەکا. (هەوهەو و بەربەر کردن)

١٧- **گۆشت:** ئینسان. **کارد:** ئیزرائیل. **قازان یان منجەڵ:** زەوییە. **واتا:** ئیزرائیل بێ وچان شەو و رۆژ گیانی ئینسان دەکێشێ و لە نێو زەویدا دەنێژرێ نە ئینسان تەواو دەبێت و نە زەوین پڕ دەبێ.

١٨- بیری لێ بکەرەوە.

١٩- دایك کەسێ شوو ئەکاتە خەزوورەی ئەو کەسە کوڕێکی بووە منالانی ئەو کەسە بە کوڕی خەزوورەکەی ئەڵێن خالۆ مەڕۆ مامۆمی.

٢٠- **شار:** ساڵ. **دووشەش بازاڕ:** دووشەش مانگی ساڵە. بەهار و هاوین و پاییز و زستان. **شەش وەوی:** شەش مانگی بەهار و هاوین. شەش ئەفعی شەش مانگی پاییز و زستان. **واتا:** لەم شەش مانگەدا هەموو زیندەوەرێك ژیان لە نوێوە دەست پێ ئەکەن لە کون و حەشارگەکانیاندا دێنە دەرەوە و دەورانی خۆشی ژیانیان دەست پێ ئەکەن و خەریکی کۆکردنەوەی بژێوی ژیان و تۆشەی شەش مانگی دوایین. شەش مانگی پاییز و زستان زیندەوەران دەچنەوە نێو کون و لانەکانیان و سەرما و سۆڵە تەنگیان پێ هەڵئەچنێ و ژینیان لێ تاڵ ئەکا و تووشی سەخڵەتیان ئەکا. خەوی زستانی دەست پێ ئەکەن و هێزی چارەنووس ئەم تاڵ و گۆڕی لە تاڵەیان نووسیوە، شەش مانگی دووهەم کە پڕ لە سەختی و سەخڵەتییە، شوبهاندوویە بە شەش ئەفعی و شەش مانگی ئەوەڵ کە پڕ لە شادی و خۆشییە، شوبهاندوویە بە وەوی (بووك).

٢١- **بلوورین گونبەد:** هێلکە. **مانگ:** چەرمێنە. **رۆژ:** خۆر. **هەڵاتنی رۆژ:** مەبەست مریشکێکە هێلکەکان هەڵدێنێ و ئەیانکا بە جووجەڵە. **واتا:** ئەم هێلکە لە دوو بەش چەرمێنە و زەردێنە پێك هاتووە

و مریشك لە ماوەی دیاری کراودا هێلکەکان هەڵدێنێ و ئەیانکا بە جووجەڵە و جووجەڵەکان بە دەنووك ئەم بلووره یانی هێلکەکە ئەشکێنن و لە ئاخردا ئەڵێ ئەم موعەمما ئاسانە. تەیرێ (مریشکێ) هەڵیدێنێ.

٢٢- مەبەست لەم موعەمما وڵاتی (ایران) ئێرانە. ئەڵێ دوو پیتی دووبارە بووەتەوە (ا) ئەلفە کە بە عەرەبی دەبێتە هەزار پیتی دووهەمی (ی)یە کە بە دڵی (ایران) ئێران ناوی بردووە دیسان ئەڵێ پیتی سێهەمی کە (ر)ێیە وەکوو برۆی یارە کە وەك کەوان چەماوەتەوە و لە ئاخردا ئەڵێ خوار و ژووری بۆ نییە تەمەنی دەگاتە سی هەزار ساڵ لەمەو پێش.

٢٣- **نەچیر:** میللەتی حەزرەتی مووسایە. **سەگ:** دوژمنی مووسا، فیرعەونە. **کلێلی چێوی:** عەساکەی حەزرەتی مووسایە. **دەربی ئاو:** وشکییەکەیە کە وەکوو دەرگایەك لە نێو دەریاکەدا ئەکرێتەوە. **واتا:** ئاماژە دەکا بە گۆچانەکەی حەزرەتی مووسا کە دای لە رووباری نیل. ئاوەکە شەقی برد و رێگایەك کراوە تا میللەتەکەی بکەنە ئەو بەرەوە. هەر کە میللەتەکەی تێپەڕین، دوژمنەکانی بە شوێنیانا هاتن. ئاوەکە هاتەوە یەك و هەموو لەشکری دوژمنی خنکان. هەروەها ئەم مەتەڵەی (ئەفخەمییە) مانای سەرەوە ئەدات کە بە چەشنێکیتر هێناویە.

تەڵەم ئـاوە رێتـــــم چێوە نەچیر رای کرد سەگ بوو پێوە

(ئـ.٣٨)

٢٤- بیری لێ بکەرەوە.

٢٥- گەنمەشامی.

٢٦- کاك رەحیم بۆ رێز و ئیحترام بە ژنەکە کە ناوی کەتان بووە و لە پێشدا ناسیویە وتوویە خوشکە «کەتان» و مەبەستی خوشکی دوو کەسە کە نەبووە.

٢٧- بیری لێ بکەرەوە.

٢٨- **دوو مەشعەل:** خۆر و مانگە. **سەرای بێ دەر:** ئیستعارە (خواستن) لە ئاسمانە. **شەش لاشە و یەک سەر:** ئاماژە بە کۆ ئەستێرەی (حەفتەوانان) یان حەوت برا دەکا کە ئەستێرەی قوتبی لە سەری ئەوانەوە راوێستاوە. **دێری دووهەم:** مانای جیاوازە. **چوار ستوون:** چوار وەرزی ساڵە. **ستوونی سێ مێخ:** سێ مانگی هەر وەرزی ساڵە. **مێخ:** سی رۆژەی مانگە.

٢٩-

نامەرد (نامرد) پێچەوانە بکرێتەوە ئەبێتە دەرمان نادان پێچەوانە بکـــرێتەوە هەر ئەبێتە نادان

٣٠- چۆلەکە بە عەرەبی دەبێتە عصفور ئەگەر پیتی (ص) کە بە پیتی ئەبجەد دەبێتە (٩٠) لە وشەی عصفور لابەین و خاڵێك لە سەر (ع) دانێین دەبێتە غەففوور.

٣١- شاری خورماڵ؟ ١. خۆ ٢. خۆر ٣. روح ٤. خورما ٥. وەرەم ٦. ماڵ ٧. خاڵ ٨. رەماڵ

٣٢- ئەڵێی کا کەی چووە و دانەکەی کە (گەنمەکەیە) ماوە.

٣٣- پێم وایە داری جۆلایی بێ.

٣٤- بیری لێ بکەرەوە.

٣٥- ٨١ نان ٧٢٩٠ کفتە ٦٥٦١٠ کۆرپە ٥٩٠٤١٠ فەرخە.

٣٦- **چوارپایە:** چوارپایەی قورسییە. **عەبا:** لێفەی سەر قورسییەکەیە. **واتا:** چوارپایەی هەیە و گیانلەبەر نییە و لێفێکی پیا دراوە و مرۆڤ نییە دەرگایشی هەیە و دووکان نییە و بە زستانان هەیە و هاوین نییە.

٣٧- رێبواری یەکەم ٧/٣ و دووهەمی ١/٣ نان بە مسافرەکە داوە دەبێ ٨ تمەنەکە بە پێوەندی ٧/٣ و ١/٣ لە بەینیاندا دابەش بێت چون سییەکان لە ژێر هێڵی کەسریدا بەرانبەرن چاوپۆشییان لێ دەکەین و پێوەندی ٧ و ١ دەمێنێ و بەشی خاوەن پێنج کولێرەکە ٧ تمەن و خاوەنی ٣ کولێرەکە ١ تمەنی ئەکەوێ.

٣٨- **حەوزی گرد:** کاسەی چرا. **ئاوی سپی:** نەوت. **ماری سیمین:** فتێڵەی چراکەیە. **مەلی زەڕین:** گوڵ یان شۆڵەی چراکەیە. **واتا:** حەوزێکی گردم بینی کە پڕی لە نەوت بوو و فتێڵەیەك نەوتەکەی بە شۆڵەی چراکە دەگەیاند و هەرکات نەوت لە نێو کاسەی چراکەدا نەمێنێ خێرا چراکە دەکوژێتەوە.

٣٩- مرۆڤێکە کە ئەمرێ خاسی و خراپی لێ بەجێ دەمێنێ.

٤٠- پێم وابێ میوە چنینەوەیە.

٤١- مردنە، دەزانی دەمری، نازانی کەی و لە کوێ؟

٤٢- ژن و مێردێك بوون، ژنەکە منداڵی جمکی (لفەودووانە)ی لە سکدا بووە و لە زیندانا منداڵەکانی بووە.

٤٣- ژن و مێردێك بوون و ژنەکە دووگیان بووە.

٤٤- وەرزی سێ مانگەی زستانە، کە بەرهەمی نۆ مانگی وەرزەکانیتر دەخوا.

٤٥- **واتا:** شیردۆشین خانمێکە کە دە ئەنگوستی بۆ دوو گوانی پەزەکە دەبا و دوو گوانەکە لە ناو دە ئەنگوستدا جێ دەگرێ و ژنەکە سەری دێنێتە دوای پەزەکەوە و لەسەر زەویەکە دائەنیشێ و مەڕەکە ئەدۆشێ. دوو مەتەڵی بەشی (ب) و (پ) هەردووکیان هەر مانای سەرەوە ئەدەن.

٤٦- **باوک پێچ پێچوو:** بنەمێوەکەیە. **دایک لار و گێڕ:** گەڵای مێوەکەیە. **واتا:** بەری ئەم باوك و دایکە

کاتێ کە کاڵ و ترشە یانی قۆرەیە ئەتوانی لێی بارکەی و بیبەی، هەروەها کاتێکیش کە هەنگوورە و شیرینە.

٤٧- زانیار خۆیە.

٤٨- چواردە کەسی کە دەبێتە چل کەس. ٤٠=١٠×٤ یانی چل کەسەکە لەرێگا دابەزیون و کەسیان نەماوە.

٤٩- بەر لە هەموو شتێك پیاوەکە پەزەکە دەکاتە ئەو بەر چۆمەکەوە و دایدەنێ دەگەڕێتەوە ئالفەکەیش دەباتە ئەو بەر چۆمەکەو دایدەنێ. ئەمجار پەزەکە دووبارە لەگەڵ خۆیا دێنێتە ئەم بەر چۆمەکەوە و دایدەنێت ئێستا نۆبەی گورگەکەیە. ئەویش دەباتە ئەوبەر چۆمەکە و دایدەنێ. لە کۆتاییدا خۆی بە تەنیا دەگەڕێتەوە ئەم بەرەوە و پەزەکە لەگەڵ خۆیا ئەباتە ئەو بەر و بە باشی ئەرکەکەی جێبەجێ دەکا.

٥٠- گۆزەیەکی پڕ لە ئاوە کە لێوی وشك بووەتەوە و باری لێ نیشتووە لە تینوییدا شوبهاندوویە بە مرۆڤێکی رژد و بەرچاوتەنگ کە ماڵ و سامانێکی زۆری کۆ کردۆتەوە و خۆی نایخوات.

٥١- باوك و کوڕێك ئەچن دایك و کەنیشکێك دەخوازن کەنیشکەکە ئەخوازن بۆ باوکەکە و دایکەکەیش دەخوازن بۆ کوڕەکەی. کوڕەکەی کە ها لە نێوان خانمەکانا خۆی لە دایکەکە دوو کچی دەبێت و باوکەکەیش لە کچەکە دوو کچی دەبێت. ئێستا پیاوەکە (کوڕەکە) کە وا لە نێوان شەش خانمەکەدا؛ دووانیان خوشکیە، دووانیان کچیە. باوەژنەکە دایکییە. ژنەکەی خۆی نەنەی ئەوانە و دایکی گشتیانە.

٥٢- ژیان.

٥٣- زمانە.

٥٤- ئێمە و ئەونەی ئێمە نیوەی لە ئێمە و نیوەی لە نیوەی ئێمە و تۆیشمان پێ زیاد بێت دەبینە ١٠٠ کۆتر. ٣٦+٣٦+١٨+٩+١=١٠٠

٥٥- **دوو ئاهووی سیاه:** دوو گا جووتە. **جەفاکەر بەندە:** ساحیب گاکانە یانی جووتیارەکە و ئەمانە دەبنە سێـیان. ئێستا شانزە پارچە چێوەکە ئاوا بە حیســاب دێن. **١**. تیرەهێشە **٢**. شمشێرە **٣**. سرێشە **٤**. گاوەسنە **٥**. دەسە کەوشە **٦**. دەسە مشتیلە **٧**. وژئەمبەرە **٨**. وژەکە **٩**. گاینجە **١٠**. نیڵە **١١**. چوار دانە کەڵەمە **١٢**. دوو بەن کەڵەمە.

٥٦- بە خییە ٣ مەنییەکە دوو پێوانە لە خییە ١٠ مەنییەکە ئەکەینە ناو خییە ٧ مەنییەکە کە دەبێتە ٦ مەن و ٤ مەن لە ناو خییە ١٠ مەنییەکەدا دەمێنێتەوە و بە خییە ٣ مەنییەکە پێوانەیەکی‌تر لە دە

مەنیەکە هەڵئەگۆزین، لە خیبە ١٠ مەنیەکە ١ مەنی تیا دەمێنێتەوە و لە خیبە ٣ مەنییەکە یەك مەن دەکەینە ناو خیبە ٧ مەنیەکە کە شەشی تیا بوو دەبێتە ٧ مەن و خیبە ٣ مەنیەکە دوو مەنی تیا ئەمێنێ و ئێستا خیبە ٧ مەنیەکە ئەکەینە ناو خیبە ١٠ مەنیەکە و خیبە ١٠ مەنیەکە دەبێتە ٨ مەن و ٢ مەن لە خیبە ٣ مەنیەکە تیا ماوە ئەکەینە ناو خیبە ٧ مەنیەکە و بە خیبە ٣ مەنیەکە یەك پێوانە لە خیبە ١٠ مەنیەکە، کە ٨ مەنی تێدایە ئەکەینە ناو خیبە ٧ مەنیەکە کە هەرکامیان دەبێتە ٥ مەن.

٥٧- ئەگەر بە باشی سەرنجی سێ مەتەڵی ئەلف و ب و ج بدەین لەم مەتەڵانەدا زۆر شتمان نیشان ئەدەن. وشەکانی (دارەبەن، سەربەن، دەست دەکەنێ، دەست دەدەنێ و...) چەند وشەیەکی کەمن، بەڵام شتی زۆریان لە ناودا حەشار دراوە، کە بە زمانێکی پاراو و ئاوازێکی شیرین هەڵبەستراوە. **دارەبەن:** (دار بنێشت، دار قەزوان) دارێکە لە قەد کێو و لاپاڵ و سەربەن و تەلانی هەندێ ناوچەی وڵاتدا بە سروشتی سەوز دەبن و دانیشتووانی ئەو ناوچانە بە کۆکردنەوەی بنێشتە تاڵ و قسقەوان و قەزوان رنین لە دارەبەن. مازووکەران لە دار مازوو و بەڕوو و جەفت لە دار بەڕوو (کە هەر دوو دارێکە)، هەرمێ کێوی و گوێژ و بلچ و گیا (رووەك) کێوییەکان وەك (شنگ، کەنگر، بەنا، گیلاخە، هەمەگیا، قازیاخە، کنیواڵ و...) بۆ خواردن و سوود لێ گرتن کۆیان دەکردەوە و خەڵك بژێوی ژیانیان پێ دابین دەکرد بە تایبەت ئەو هەژار و نەدارانەی کە خاوەن دەرامەتی باش نەبوون و ئیش و کاریان نەبووە پەنایان دەبردە چیا و دارەبەن و رووەکە کێویەکان کە موڵکی گشتین بۆ هەمووان. خەڵکی هەژار و رەنجدەر بەخۆڕایی دەیانتوانی کەڵکیان لێ وەرگرن و برا گەورەکانی ئەم فەقیرانە قەد دەست بەمانەوە نادەن؟! بەڵکوو کاری چینی هەژارە بووە کە ئەرکی دابین کردن و ژیانی خۆیان و ئەوانیان بە ئەستۆ گرتووە و لە مەتەڵی ژمارە ٥٩دا بیر لە دارەبەنێکی دی دەکرێتەوە کە بنێشت دەربدات و لەسەر بەن بێت، ئەویش لووتە، بە قەد کێوی سەرەوەیە... هتد. (س.ئـ.٥٦) هەندێ ئەم مەتەڵەم دەسکاری کردووە.

٥٨- وەڵام: عمر دۆستان کە نۆ پیتە. ١- پیتی چوار و پێنج و شەش دەبێتە «دۆس» کە هەموو کات چاوەڕێی ٢- پیتی نۆ و هەشت و دووی دەبێتە «ناو» کە کەس نییە نەیبێ ٣- پیتی حەفت و هەشت و شەش دەبێتە «تاس» کە کەرەسەی حەمامە ٤- یەك و دوو و سێ دەبێتە «عمر» یان تەمەن کە خوا لێ بێ بەشە ٥- پیتی چوار و هەشت و شەش دەبێتە «داس» کە کەرەسەی وەرزێرە ٦- پیتی شەش و هەشت و نۆ دەبێتە «سان» کە نازناوی میرانی هەورامانە ٧- پیتی نۆ و هەشت و سێ دەبێتە «نار» یان هەنار کە میوەی شەوی زستانە.

٥٩- دەمە ئاسنگەر یا هەوانەی با. **سێ شێر:** یەك پیاو دوو هەوانەی بایە. **یەک سەر:** سەری پیاوەکەیە. **چوار پا:** دوو هەوانە و دوو پای ئاسنگەرە. **دوو دەس:** دوو دەستی ئاسنگەرە. **یەک شێر:** ئاسنگەرە کە هەوانەکان ئەدەمێنێ. **دوو شێر:** دوو هەوانەکەیە. **پا لە سک و دەس لە پشت:** گاوەسنە.

٦٠- بیری لێ بکەرەوە.

٦١- وەڵام شاری زنجانە. **زن:** ژن. **جان:** گیان. **گیان:** رۆح. دەڵێ ئەگەر ژن لەسەر «زنجان» لابەری جان یان گیان دەمێنێتەوە کە واتای «رۆح» دەدات.

٦٢- **مارمولک:** ئەگەر «رمو» لێ لابەی دەبێتە مالك و ئەگەر «ما»ی لێ لابەی دەبێتە لك کە ناو قەومی «لەکە».

٦٣- شاری «قوم» و «ری» کە بیکەینە وشەی لێکدراو دەبێتە «قومری» ناو مەلێکە.

٦٤- مەشهەد (مشهد) «مە»ی لێ داپۆشی دەبێتە (شهد).

٦٥- بابل کە پیتی «ب» بە پیتی ئەبجەد دەبێتە (دوو) وشەی «ابل» دەمێنێتەوە کە بە واتای وشترە.

٦٦- قلبی قلب لامە وەڵام بە حیسابی ئەبجەد سێیە جا سی وەرگێڕە. یس کە دەبێتە یاسین.

٦٧- بیری لێ بکەرەوە.

٦٨- **دووبەرد:** دوو لێو. **دوو لوولە تفەنگ:** دوو لووت. **دوو چرای رۆشن:** دوو چاو. **تیر:** برژانگ. **کەوان:** برۆ. **تەختی سولەیمان:** دەم و چاو یان روومەت. **سەوزە و چیمەن:** مووی سەر.

٦٩- **شاری بانە:**

جوابی مەتەڵ شـــارێکی خۆشناو / وەهات عەرز ئەکەم حورمت گیراو
لە شاری کـوردان بەهەشتی سانی / ئەگەر حەز ئەکەی کە تۆ بیـــزانی
ئەوەڵی بێیــە ئاخـــرەکەی هێیە / (بە) چەندی خۆشە بانە ئـــاوا بێ
(با) بۆ موسبەتە (نە) بۆ مەنفییە / (بانە) دوو هیجا و چوار حەرفییە
ئەوەڵی لابەی (ئانـــەی) قیمەتدار / دیـــواری بـــرمێ بنە قـــووەتدار
هی لێ لا ببە (بانێـــــکی) بەرزە / خوا بیپارێزێ لە بـــــوومەلەرزە

٧٠- ئەم موعەمما (**پێنجوێن**)ە کە ناوی شارێکە لە رۆژئاوای کوردستان و بەشی ئەوەڵی «پێ» یان «پا»یە کە مرۆڤ و گیانلەبەر و پەلەوەر بەو دەچن بەڕێوە. بەشی دووهەمی «جوێن»ە کە وشەیەکی ناشیرینە و

خەڵك بە بیستنی ئەو وشە قەڵس و تووڕە دەبن و ئەگەر لەگەڵ وشەی «سەر»دا ببنە وشەیەكی لێكدراو (سەرجوێن) یان سەرجووڵێن كە كەسێكە گەورەی خەڵكە وەكوو (ئەڵێن سەرجووڵێنیانە) **واتا:** گەورەیانە كە ئەگەر سەری بجووڵێنێت دەبێ بە فەرمانی بكەن و بۆ دەستووراتی رێز و ئیحتیرام دانێن. یان ئەبێتە ناو بۆ كەسێ كە سەری ئەلەرزێ بەهۆی نەخۆشییەكەوە.

٧١- ناو یەكێ لە پاوشاكانی رابوردووی ئێران بووە.

٧٢- وشتر، بە سێ تمەن ١٦ سەر دەستێنێ كە دەبێتە ٤٨ تمەن و بزن ٦٤ سەر دەستێنێ كە دەبێتە ٣٢ تمەن و پەز ٢٠ سەر دەستێنێ كە دەبێتە ٢٠ تمەن كە ئێستا ئەگەر كۆیان بكەینەوە دەبێ وەڵامی موعەمماكەمان دروست دەربێ. ژمارەی حەیوانەكان ١٠٠=٢٠+٦٤+١٦ و پارەیەك كە پێیان داوە ١٠٠=٢٠+٣٢+٤٨

٧٣- ئەو ئوتۆبوسەی كە ئەم پیاوكوژە سەركەوێت هەمووی ژنە بەس ئەم پیاوە لە ناو پاسەكەدایە.

٧٤- (تێگەیشتنی پرسیار نیوەی وەڵامە) وەڵامەكە خۆی لە باسەكەدا هەیە، لەبەر ئەوەی حەرەسەكە خەوتووە، شەو ئەگەر نەخەوێت، خەو نابینێت. پاشا دەریدەكات لەبەر ئەوەی كە نابێ حەرەس بخەوێ.

٧٥- لەوانەیە دوو شۆفێرەكە ماشینیان پێ نەبێت هەر بە پێ برۆن و خۆیان بكێشن بە یەكدا.

٧٦- هەر دوو پیاوەكە ژن بە ژنیان كردووە و هەر دوو ژنەكەش كچیانن.

٧٧- چونكە خوشكی بەرپرسەكە ژنی مووچەخۆرەكەیە. دەبنە سێ كەس.

٧٨- ١٢ قاش، ١٢ مانگی ساڵە. ئەو قاشەی كە حەرامە مانگی رەمەزانە، هەرچی بخۆی حەرامە.

٧٩- «مارەیی» ژنە. كاتێ مارەی ژنت بۆ ئەبڕن وەك بەفر سپییە، گیرۆدەی ئەبیت وەك رۆژ رەشە، «مارەی» كە پێنج پیتە و پیتی ئەوەڵی بە (میم) دەس پێ ئەكات. خواردنی حەڵاڵە ئەگەر ژن حەڵاڵی بكات. ئەگەر حەڵاڵی نەكات خۆت بیخۆی حەرامە (خواردنەوەكە)یە. یەك جار لە ماوەی ژیانتدا ژن ئەتوانێ حەڵاڵی بكات، پیاوەكە مەجبوورە رۆژێ سێ جار بە ژنەكەی بڵێ ئەمە مارەییەكەت.

٨٠- ژنەكەی هەموو رۆژێك شیری خۆی پێ ئەدات بۆ ئەوەی نەمرێت لە برسا.

٨١- **ئەدا:** دایك بە هەورامی. **هەزار بزلان:** هەزار ئەستێرە. ئەدا ئیستعارە لە مانگ. **هەزار بزلان:** ئیستعارە لە هەزار ئەستێرە. **واتا:** مانگ و ئەستێرەكانی شوبهاندووە بە بزن و گیسك بە شەوا لە ئاسمانا دێنە دەرەوە و بەیانی كاتێ رۆژ هەڵدێ دەچنە پشت كێوەكان و خۆیان ئەشارنەوە.

٨٢- هێلکەی یان هێڵەی بە هەورامی شوبهاندووە بە کێوێکی بەفرین و سارد کە ئەم کێوە، کانی تەڵای چەرمگ (سپی) و زەردە.

٨٣- **یەک دانە مردوو:** قەڵەم، پێنووس. **سیٚ دانە زیندوو:** سێ ئەنگوست. **واتا:** قەڵەمەکە و سێ ئەنگوستەکە، کە قەڵەمەکە رائەگرن بە یەکەوە خەریکی نووسین و وتووێژن. زوانی قەڵەمەکە ئینسان دەیزانێ و ناچاری دەکا ئەو شتانەی کە دەیەوێ پێی بنووسێ و کەسیش لە زوانی سێ ئەنگوستەکە تیٚ ناگا.

٨٤- برا و خوشکن و شۆفێری ئەوەڵی ژنە.

٨٥- **واتا:** دارەکانیان هێناوە، قازی روانی بە دارەکانا و بینی کە دانەیەك لە دارەکان دوو پەنجەی لەوانیتر کەمترە زانی خاوەنی ئەو دارە دزەکەیە وماڵەکەیان لیٚ سەندەوە.

٨٦- **تەوەر:** بیر و بڕوا. **دار:** نەفس. **گورگ:** شەیتان. **مریشک:** نەفس. **رۆن و کەرە:** پێخۆر. **سی گەز:** سی رۆژەی رەمەزان. **کەڵەشێر:** بانگوێژ. **واتا:** بڕیارم دا بە هێزی بیر و بڕوا لەگەڵ نەفسدا بەشەڕ بێم، شەیتان هاتە ناو رێگەم. بوو بە شەڕمان هەر لە بەیانییەوە تا ئێوارە دامان لە یەك و زاڵ نەبوو بە سەرما. رۆیشتم بۆ ئیبراهیم ئاغا. شەیتان دیسان بە شێوەی ژنێکی شۆخ و لەبار پێخۆرێکی باشی دانابوو و نەفسیش زۆری بۆم هێنا کە لەو پێخۆرە بخۆم. ئەمجارە بە هێزی ئیمان و بڕوا زاڵ بووم بە سەریدا و تێکمشکاند و سی رۆژەی رەمەزانم گرت و لە وەختی دیاریکراودا عیبادەتی خۆم بەجیٚ هێنا.

٨٧- شەونم، کە لێکدراوی دوو وشەی (شەو) و (نم) پێك هاتووە.

٨٨- یەکەمین پیتی نیوەدێڕەکان کۆ بکەینەوە دەبێتە وشەی (شیوا) کە ناوی دڵداری شاعیرە.

٨٩- **واتا:** مانگی شوبهاندووە بە نان، یانیٚ مانگ تا پانزەهەم وەك نانێکی تەواوی لیٚ دێت. ئەو نانەش لە شەوا ناخوریٚ لە رۆژدا ئەخوریٚ ئەبڕینەوە کەچی مانگ لەپاش پانزەهەم وردەوردە کەم ئەکات و ئەبڕێتەوە.

٩٠- بیری لیٚ بکەرەوە.

٩١- ئاسیاو.

٨٩- ئاسیاو.

٩٢- تەیەمومی کردبوو چاوی بە ئاو کەوت ژنەکەی شووە پێشووەکەی گوم ببوو هاتەوە، نزیك ئێوارەی ئاخر رۆژ مانگی رەمەزان بووە.

٩٣- بیری لیٚ بکەرەوە.

٩٤- شێر.

٩٥- **ماڵ:**ساڵ. **خاڵ:** نوختە. **دوانزە پا:** دوانزە مانگ. **سێسەد و شەشت و پەنج باڵ:** ٣٦٥ ڕۆژ.

٩٦- زانین و ڕەوشت و چاکەیە کە هەتا لە زانینت بە خەڵك ببەخشیت و فێری چاکە و خوو و ڕەوشتی جوانیان بکەیت زانینت زۆرتر پەرە ئەستێنێ.

٩٧- **پەنج فریشتە:** پێنج ئەنگوست. **سارای سفی ڕەنگ:** کاغەز. **ئاهوو:** قەڵەم یان پێنووس. **گەوهەر:** جەوهەر: هونەر. **واتا:** پێنج ئەنگوست و قەڵەمێکم بردە سەر کاغەز، نێشی قەڵەمەکە دوو شاخەیە و درزێکی تێدایە و لە تۆی ئەم درزەوە جەوهەر یان هونەر دێتە خوارەوە.

٩٨- دەست پێکردنی نوێژەکانە لە بەیانییەوە تا ئەم بەیانیتر.

٩٩- حەزرەتی محەممەد(ص) - حەوا - شەیتان.

١٠٠- هەنارە. فرۆشیاری ئەوەڵی پێست هەنارەکە لە ڕەنگرێژیدا کەڵکی لێ وەرئەگرن ئەفرۆشێ. دووهەمین فرۆشیار تۆی ناسکی دەوردانەی هەنارەکە ئەفرۆشێ کە بۆ دەرمان بە کار دێ. سێهەمین فرۆشیار دانەی هەنارەکە ئەفرۆشێ.

١٠١- سیگارە. سیگاری شوبهاندووە بە تفەنگێکی یەك لوولە و ئەڵێی مەیکێشە نەخۆشی و دەرد و نێشی ها بە دواوە و لە کۆتاییدا ڕۆژێك دەتکوژێ. (ئەتوانین ئەم مەتەڵە لەسەر پاکەتی سیگار بنووسین.)

١٠٢- بەم پرسیارە کە لە یەکێ لە پاسەوانەکانی دەبێ بکا ئەتوانێ خۆی دەرباز بکات. ئەگەر لە یەکێ لە پاسەوانەکان بپرسێ (ئەگەر تۆ لە ڕەفیقەکەت پرسیار کەی درگای ئازادی کامە ئەیژی کامە؟) هەر درگایەك کە پاسەوانەکە نیشانی ئەدات دەبێ بە پێچەوانەی ئەو درگای ئازادی هەڵبژێریت. ئەگەر لە درۆوێژەکە پرسیار بکات ئەو درگای مەرگی پێ نیشان ئەدات و ئەگەر لە ڕاستوێژەکە پرسیار بکات ئەویش وتەی درۆوێژەکەی بۆ دەڵێتەوە ئەم دەبێ بە پێچەوانەی ئەوان درگای ئازادی هەڵبژێرێ تا دەرباز ببێت و ڕزگاری دەبێت. (ئەردەڵانی)

١٠٣- یەك خوا هەیە و نابێتە دوو، بەهەشت و دۆزەخ یا شەو و ڕۆژ یا مانگ و خۆر دووانن و نابنە سێ. تەڵاق لە ئیسلامدا سێیانە و نابێتە چوار، وەرزەکانی ساڵ چوارن و نابنە پێنج. ئەرکانی (فەرزەکانی) ئایینی ئیسلام پێنجن (شەهادە، نوێژ، ڕۆژوو، زەکات، حەج)، نوێژی فەرز لە ڕۆژێکدا پێنجن و نابنە شەش. بنچینەکانی باوەڕی ئیسلام (ارکان الایمان) (باوەڕهێنان بە: خودا، پێغەمبەرەکانی، فریشتەکانی، کتێبە

پیرۆزەکانی، رۆژی زیندووبوونەوە، قەزا و قەدەری خێر و شەڕ) شەشن نابنە حەوت، رۆژەکانی یەك حەفتە، دەرگاکانی دۆزەخ حەوتن و نابنە هەشت، دەرگاکانی بەهەشت، فریشتەکانی عەرشی خودایان راگرتووە هەشتن و نابنە نۆ، ماوەی ئاوسی ژن (دووگیانی) نۆ مانگە و نابێتە دە، یارانی پێغەمبەر کە مژدەی چوونە بەهەشتیان دراوەتێ دەن و نابنە یازدە یان رۆژی جەژنی حاجیان رۆژی دەیەمی مانگەکەیە و نابێتە یازدەمین... ژمارەی مانگەکانی ساڵێك، هاوڕێکانی عیسا پێغەمبەر، ژمارەی ئەو بەردانەی مووسا پێغەمبەر بە دارە دەستەکەی لێیداون و کانیاویان لێ دەرچووە و ژمارەی خێڵەکانی کە لەسەر کانیاوەکان بوون دوانزەن و نابنە سێزدە.

١٠٤- مرۆڤی زیندوو بە پێی خۆی دەچێتەماڵی خزم و دۆستانی، بەڵام کە دەمرێت گۆڕەکەی دەبێتە ماڵی یەکجاری، دەبێ خەڵك بیبەنە ناو گۆڕەکەی.

١٠٥- گۆڕستان، مردوو دووبارە نامرێتەوە و ئاردیش لە ئاش ناکەرێتەوە.

١٠٦- باوکە ئادەم لە دایك نەبووە و مردووە، عیسا پێغەمبەریش لەدایك بووە و نەمردووە.

١٠٧- شۆفێری ماشینەکە دایکی منداڵەکە بووە.

١٠٨- کە زۆر برسیان بوو و خەریك بوو لە برسانا بمرن لە ناچاریدا کەلاکی کەری تۆپیو حەڵاڵ بوو، یەکەم تێری خوارد و دووهەم نیوەتێر و سێیەمیش هێشتا هیچی نەخواردبوو کە کاروانێکی دیکە هات و خواردنی زۆری هەبوو، بۆیە دواتر خواردنی کەرە تۆپیوەکە حەرام دەبێتەوە.

١٠٩- ئەو ئاوەی کە پیاوەکە سوێندی پێ خواردبوو تێپەڕیبوو.

١١٠- پیاوەکە کوێر و نابینا بوو.

١١١- (وەڵامە: ٥٠٠=٤×١٢٥)

١١٢- (١٤ – ١٠)

١١٣- (١٢٨ سێو) $٢^{٧}$

١١٤- (١٥+١=١٦   ١٥= بەشی ژنەکە ٣+ بووچکەلە ٤+٨ مەڕ بۆ کوڕەکە)

١١٥- ٢ پیاو= ٤ سێو+ ١٧ ژن= ٢٥/٥ سێو+ ٢١ منداڵ= ١٠/٥ سێو

١١٦- ماسی، مار، کەو.

١١٧- ئەنگوستیلە، دەسکێش، پەنجەوانە و پەنجەکانی دەست.

١١٨- ژنێك منداڵێکی لە ئامێزە و یەکێکیشی لە سك دایە.

١١٩- چووبوو داوای قەرز بکاتەوە، مامانی ژنێك بکا کە منداڵی دەبوو، بێتەوەش لێفێکی دووبەرگ بدووریٚ.

١٢٠- ئاوێنە.

١٢١- چونکە خاوەن دەرمانخانەکەش سەری رووتابوو - ئەگەر کەچەڵ دوکتۆر با چارەی سەری خۆی دەکرد.

١٢٢- گوتبووی: ئەگەر نووسرابوو «ئازادی بکە» ئەوا تۆ بمکوژە، ئەگەریش نووسرابوو «لە سەری بدە» ئەوا ئازادم بکە چونکە دێزانی کە لە هەر دوو کاغەزەکەدا نووسراوە لە سەری بدە.

١٢٣- (٢٠=٣+٢+١٥=٥×٣)

١٢٤- ٩ مەڕ+ ١ بێری+ ١ کسۆك (سەگ) ٩+١ بەران= ١٢

١٢٥- برژانگ وەك پەرژین وێستاوە و چوار دەوری چاوی داوە و دەیپارێزیٚ چاو وەك کۆتری نەخشین (شین و سپی، رەش و سپی، چاو بەڵەك)ە وەك مۆری مەرجان خڕ و بریسکەدارە.

١٢٦- لە ناوچەی سەقزدا وەڵامی ئەم مەتەڵە مردووە و مامۆستا سەدرەدین ئەبووبەکر بە مانگی رەمەزان ناوی لیٚ دەبات ئەڵیٚ ئەم مەتەڵە بۆی ئاینی دەدات و برسییەتی و سیس بوونی مرۆڤی برسی لە رەمەزانا دێنێتە بەرچاو لە زۆر مەتەڵی دیکەشدا مانگی رەمەزانیان بە تەیر شوبهاندووە (تەیرێك هات بە هانەهان، دندووك سپی شاقاڵ کەوان، گەورەی گرتن، گچکەی بەردان).

١٢٧- بۆ ئەوەی شەکەرەکە بتاوێتەوە.

١٢٨- حەفسەد ناو کچێکە.

١٢٩- لە دەقەکەدا لێکچواندنی بەهێز و کورتبڕی تەواو بەدی دەکرێن، تۆوی پەمۆ تا رادەیەك بە دنکەنۆك دەچیٚ، رەنگی سەوز و شینی رووەکەکەی لە (داری بیٚ) دەکا، گەڵاکانی پانن، لە شێوە و قەوارەدا وەکوو گەڵای داری تووە. قۆزاخەکەی پێش پشکووتن وەك بەری هەرمێیە، داوی لۆکە (ریشی سپییە= پیرە سپییە، داوی پەمۆ دکا) بەنرخترە لە تۆی پەمۆ (پەموانە) کە دانەکەیەتی.

١٣٠- زمان هەموو کاتیٚ لە ناو دەمدایە، ئەگەر بە چاکە گەڕا، قسەی شیرین و خۆش و سوودی کرد، ئەوا

لە شەکر و هەنگوین شیرینترە. ئەگەر ئارداوێژیشی ئازاردان و هەست بریندار کردن وەکوو کەنانەوە بێت، ئەوا لە ژەهر تاڵترە و لە خەنجەری دەبانی ژەهراویش کوشندەترە.

-١٣١

(٦=٣+٣ دووهەمی) (٣=٤-٧) (٧=٣/٥+٣/٥ ئەوەڵی)

پووڵ بۆ حەمامچی نامێنێتەوە (٤=٢+٢) (٢=٤-٦ سێهەمی)

١٣٢- ژنەکە بۆ باوکی گریاوە.

١٣٣- ناڵ.

١٣٤- تەبارەی گەنم و سەپان و درووێنە کردن.

١٣٥- لە کاتی بارکردنی شەغرە، دوو لاقی بەرز دەکرێتەوە و دارەکان زێڕ و هۆڕیان لێوەدێ.

١٣٦- رەگی رووەکی گەنم کە خاکدایە و قەدەکەی دەبێتە (کا) و کەر دەیخوا، دەنکی دانەکەیشی کە لە نێو گڵدایە و دەکەوێتە لای سەرەوەی بۆ مرۆڤ.

١٣٧- هەتا منداڵی بە چوار دەس و پا ئەڕۆی بە ڕێگەوە، دوایی دیتە سەر دوو پا و پیر دەبی گۆچان هەڵگری و دەبیتە سی پا (پێ) و دوایی چاوی کەمبینا دەبێ و مردنت لێ نزیك دەبێتەوە و دەورانی منداڵی لێ دوور دەکەوێتەوە.

١٣٨- منداڵ کە لە ناو سکی دایکیەتی سکەکە بە بوخچەی خودا دانراوە، تەنیا خوداش لە کاتی دروست بوونی منداڵەکە دەزانێت نێرە یان مێیە، بەڵام منداڵ لە ناو سکی دایکی دانانرێت بۆ رۆژی تەنگانە وەك پارەی سپی لە ناو خەزێنەدا بۆ رۆژی رەش بێت و ئەو کاتە بتەوێ دەری کەی.

١٣٩- کوێرێك سوار ئەسپێکی یەك چاوە.

١٤٠- زوڕنا.

١٤١- (١ گەڕ= ٤ تمەن، ١٥ کەچەڵ= ٣ تمەن، ٢٤ کوێر= ٤ تمەن= ٤٠=٤٠)

١٤٢- بەشەر، بە شەربە، شەڕ دەکا.

١٤٣- کەپەك.

١٤٤- قورئان دارێکی پیرۆزە و بەری شیرین و سوودبەخشی هەیە، ئەوەی بە درۆ و بە ناحەق سوێند بە قورئان بخوات، ئەوا تاوانێکی گەورە دەکات، قورئان دەیگرێت و لەبەر چاوی خەڵك دەمرێت.

١٤٥- بەرگی یوونس پێغەمبەر لەناو سکی نەهەنگ خوری بووە، نەهەنگیش لەناو ئاوە.

١٤٦- بە دارەکەی مووسا پێغەمبەر لە بەرد دراوە و ئاو دەرهاتووە.

١٤٧- **پەنج فریشتە:** پەنج ئەنگوست. **ئاهوو:** قەڵەم، پێنووس. **سارای سفیدڕەنگ:** کاغەز. **گەوهەر:** هونەر. واتا: بە پەنج ئەنگوستی بێ دەنگ سوێند ئەخۆم کە قەڵەمم بردە بان کاغەز سپی رەنگ دستم بە نووسین کرد ئەم ئاهووە کە خوازەیە لە قەڵەم وەك ئەو ئاهووە نییە کە شاخ و پای بێ سارایش ئەو سارا نییە کە پڕ لە بەرد و دڕك بێ ئەم ئاهووە (قەڵەمە) دوو ئەنگوست رایگرتووە و ئەو دوو ئەنگوستە تێکەڵ بە هونەرن.

-١٤٨

١ دانە شێر= ٤ تمەن ٢٤ کەروێشك= ٦ تمەن ١٥ ڕێوی= ٣٠ تمەن

٤٠ تمەن= ٣٠+٦+٤

٤٠ حەیوان= ١٥+١+٢٤

١٤٩- پیاوێك کچێکی بووە و ژنێك ئەخوازێ کە ژنەکە لە شوویکیتر چوار کوڕی ئەبێ و پیاوەکە کچەکەی ئەدا بە یەکێ لە چوار کوڕی ژنەکە و ژنەکە دوای ماوەیەك شەش کوڕی لە پیاوەکە ئەبێ.

١٥٠- خالۆی یەکن.

١٥١- (١٠٠=٤+٩٦=٤×٢٤=٤-٢٨=٤-٣٢=٤×٨=٤+٤)

١٥٢- (٣ و ٥)

١٥٣- گریمان ژمارە کۆتری رەوەی یەکەم: س گریمان ژمارە کۆتری رەوەی دووەمیش: ص

١+س=١-ص ١+ص=٢(١-س)

س=٥ ص=٧

٧-١=٥+١

١٥٤- شەم.

١٥٥- دایکی پیاوەکە بە مەرجێ لەگەڵ کچی میمکی خۆیا هاوسەرگیری کردبێ.

١٥٦- مرۆڤ - پرد - ئاو.

١٥٧- فەقێکان هەشت کەسن یەك کەوچکیان هەیە، بە کەوچکەکەوە ئەبن بە نۆ و هەشتەمین فەقێ

دەخنکێ چون دێر نۆبەی دووەکەی ئەکەوێ.

١٥٨- دوکتۆرەکە ئافرەت بووە و دایکیەتی.

١٥٩- سەهۆڵ.

١٦٠- پیری.

١٦١- کەڵەشێر.

١٦٢- کاتژمێر ١٠ و ١٠.

١٦٣- گوتبووی: کام کچ لە هەمووتان پیرترە یان ناشیرین‌ترە با ئەو بمکوژێت.

١٦٤- کورد.

١٦٥- ئەگەر لە وشەی (سنە) سین کە بە پیتی ئەبجەد دەبێتە ٦٠ لابەین (نە) دەمێنێتەوە کە بە عەرەبی دەبێتە لا.

١٦٦- ئەلف.

١٦٧- بۆبۆکەرە - کوندەبوو.

١٦٨- بن چەمی رووباری نیل.

١٦٩- تەڵاق.

١٧٠- تەڵاق.

١٧١- ئاگر و خۆڵەمێش شوێنێك لە خۆڵەمێشی زۆر بێت گیای (رووەکی) لێ ناڕوێت.

بەشی شەشەم

فەرهەنگۆك

ئەخزەر: سەوز

ئەنقەس: هەڵە لە رووی ئاگادارییەوە

ئەوراز: ئەدات تشبیه

با تمان: ناوچەیەکی کوردستانی باکوور، کێشانەیەکە هەمبەری شازدە کیلۆ و نیو پێوانە

برگە: بەش، بچووکترین یەکەی زمانی وتاری دوای فوونیم (هیجا)

برووسکە: چەخماخەی هەور، ژانی توند، تلگراف

بۆنە: (مناسبت)

بە پیز: بایخدار (با ارزش)

بەرزەحەوایلە: کۆلارە

پا پۆر: بەلەم، گەمی، کەشتی

پاژ: جزء

پاوان: قەدەغە، جێگایەك کە خەڵکی نابێ تێی بچن

پرژار: زەهری زۆر

پوور: میمك

پۆومنی: لەق

پەخشان: نەسر

پەرەسێلکە: پەرەستوو

پەرداخ: جوان و لووس‌کراو

پەرێز: رەبەت

پەیوەست: بە یەکەوە لکاو، نووساو

پی: پیو، چەوری ناو زك

پیت: (حرف)

پێسە: وەکوو، وێنەی، لە چەشنی

پێوەر: پێوانە (معیار)

تاس: تووکی سەر وەریو

تەتە: باوك (هەورامی)

تەجەرە: ناوی دێیەکی سەر بە شاری سنە

تیل: تووڵ

تیل نیشان: تەلمیح

جحێڵ: جەوان لاوا

جمکی: لفەودووانە

جوانکاری: بدیع

جوانی بایس: حسن التعلیل

جیران: دراوسێ

چارۆکە: قوماشێ کە ژنان ئەیدەن بەسەر شانیاندا

چاو لە یەك: مراعات نظیر، تەناسوب

چەفت و چێڵ: لار و خوار

چەمك: مەفهووم

چەوێڵ: چەوت، چەفت، لار

چرکە: کەمترین دەنگ (ثانیە)

چووزە: چەکەرە، گیای شلك و تازە

خڕەخڕە مشتە: پیاز

خرتی: ناو

خوازە: موجاز

خواستن: ئیستعارە

خواستنی بە پەنا: ئیستعارە مەکنیە

خواستنی بێ پەنا: ئیستعارەی موسەررەحە

دارە را: سەرگرتنی خانوو بە دار و چێو

داربەن: دار قەزوان

دەرخۆن: سەرپۆشی دەفر

دەستەواژە: کۆی واژە (عبارت)

دەق: مەتن

دژبە یەکی ناتەبا: (متناقص متضاد)

دژبە یەکی هۆکاری: (تناقض سببی)

دژبە یەکی: پێشگر (تناقض بازدارندە)

دژیەك: متناقص

درکە: کینایە

درێژبڕی: فرەبێژی، زۆربێژی

دوو هاچە: دوو فاقە، دوو پەل

دووگ: پاشەڵی مەڕ، دنبە

رۆنە: دەمی باریکی تێخ، فەرمانی دانیشتن

راڤە: وەسفە، شەرح

رەگەزدۆزی: جیناس

رەوانبێژی: بەلاغە، بەیان

رستە: (جملە)

رووەك: گیا

زەرگەتە، زەردەزیرە: زەردەواڵە

زن زن: دانە دانە

زوان خەڵەتێنە: تەتەڵەی زمان، تێکەوتن، زمان خلیسکان

ژار: هەژار، بێچارە

سەروا: قافیە

سەروادار: سەجع

سڕ قودرەت باقر: خوا: فەڵەك

سیس: ژاکاو

شەڤکۆر: خوففاش

شەفتوول: شەفت بڕیاگە لار و گێڕ

شەمشەمەکوێرە: چەلچەکیلە، چەلچەکی، شەڤرەڤیك

شەونم: ئاوەنگ

شوشتی: ناو

شووتی: هەنی، شفتی

شین: کەوو، بە ڕەنگی ئاسمان گریان

عەیار: منالی زۆرزان پاژێك لە ٢٤ پاژی زێڕ

فەغفوور: دەفری چینی

قازان: مەنجەڵ

قەشە: جۆرێك ماسی، پیاوی ئایینی خاچپەرستە (مەلای مەسیحی)

قەلەباز: تەیارەی کاغەزی

قەنس: تووڕە

قەمتەر: دەم بەستراو

قوەی قەزا: چارەنووس

قووت: پاروو، خۆراك

کۆلارە: تەیارە کاغەزی: بەرزەحەوایلە

کۆلەومژ: داریّ کە ئاگر و خۆڵی بن تەندووری پیّ تێك ئەدەن

کاریتە: شاتیر، دیرە، حەماڵ بالار، تیرەگی گەورەی خانوو

کانگا: کان (معدن)

کاو: ...

کاوڕ: بەرخێك کە لە شیر براوێتەوە

کە پۆ: لووت

کەرگ: مامر، مریشك

کەسك: سەوز

کەشکەسەرە: پیاز

کەلا: مەردەك هەڵمات

کەما: گیایەکی بەرزی کوێستانییە

کەوڵ کردن: پێست گرتنەوەی کەلاك و لاشە

کسۆك: سەگ

کلۆرە: قوڕۆڵ دارێکە کە ناوەکەی خالی بێتەوە، کاوك

کۆلا: کەپر

کورتبڕی: دەربڕینی بروا بە کورتی بەستە و بە کەمی رستە، (ئیجاز)

کوڕی: بێچووی کەر

کووتاڵ: پارچە، قوماش

کێش: وەزن

کێلان: کالانی و خنجەر

گاڵ: هەرزەن تاڵە

گوزارە: مانا

گۆشلی: گۆزە

گێچ: دەور

لانك: بێشکە

لەوچوو: مشبە بە

لقام: ویژەنگی، لگام

لك: چڵ لق، پەل

لێچوو: مشبە

لێچوون: وجە شبە

لێکۆڵینەوە: تۆژینەوە، تەحقیق

لێکدانەوە: شی‌کردنەوە

لێکچواندن: تەشبیە، شوبهاندن

مازوو: مازگ، بەرێکە لە داری بەڕوو

مەتا: کاڵا

مەتەڵ: لیچار

مەڕیۆ: ئەشکی

مەکاکان: گورانی وتن

متلان: ناو

مرۆڤ: ئینسان، مرۆ

موعەمما: لوتر، لیچار، مەتەڵ، پەردەك

مووچەخۆر: جیرەخۆر، حقوق بگیر

ناسازگار: ناتەبا

ناومرۆك: موحتەوا

وەرو: بەفر

وەرەن: بە شەکێ ئەڵێن کە چەند ساڵ مابێتەوە و خرت بووبێ

وەیشوومە: شەڕ و ئاژاوە

وشە: وتە، وێژە، (کلمە)، (واژە)

هۆ: سەبەب، دەلیل، (علت)

هۆجەنە: بەنەخوێن

هاڤیت: ئاویتی، فڕدان

هاماو: گشت (کُل)

هاوڕوو: موتەوازی

هاوسەر: مطرف

هاوکێش: موتەوازن

هەتلی: ناو

هەگبە: خورجین دووتایی چکۆلە

هەکاکان و مەکاکان: بۆ ئاهەنگین کردنی مەتەڵەکە هاتووە و مانایان نییە

هەلاران و مەلاران: وشەی بێمانا تەنیا بۆ وەزنی ئاوازەکەیە

هەڵسەنگاندن: بەراوردکردن، ئەزموون، ئەرزیابی

هەڵنیشتن: دانیشتن

هەوانە پشتە: پیاز

هەوخشتر: یەکێ لە پادشاکانی ماد بووە

هوول: پیاوێکی زەلامی سوورهوول: مووزەرد

هێسك: ئێسقان

هێل: خەتی جووت

هێلە: هێلکە

سەرچاوە کوردییەکان

١- ئەحمەدی، ئیبراهیم (١٣٨٧)، مینا - فەرهەنگی لێکچواندن لە پەندی پێشینیان و قسەی نەستەقدا، پەخشی کتێبی ئیمام غەزالی - سنە

٢- ئەفخەمی، ئیبراهیم (١٣٤٧) هەتاوی، ئەوە چییە؟ بوکان

٣- ئەیووبیان بەڕڕك (١٣٤١)، هەتەڵەی کوردی، مهاباد

٤- پیرەمێرد، کاکەی فەلاح (١٩٨٢)، پەندەکانی پیرەمێرد

٥- رەحیمی، عوسمان وەندی، رۆستەم خان (١٣٧٩)، بومیان دەری مهرگان، ئینتشاراتی ماهیدەشت

٦- سەجادی، عەلائەدین (١٩٨٦)، خۆشخوانی، هەولێر، زانکۆی سلێمانی

٧- سەجادی، عەلائەدین (٩٧٨)، دەقەکانی ئەدەبی کوردی، بەغدا

٨- ئەبووبەکر، سەدرەدین نوورەدین (٢٠٠٥)، بەرکوتێکی مەتەڵی فولکلۆری کوردی، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری

٩- رەسووڵ، ئیبراهیم شوکریە (١٩٨٤)، پەندی پێشینیان و قسەی نەستەقی کوردی، چاپکراوی ئەمینداری گشتی، رۆشنبیری و لاوان

١٠- بن سەعید، عەبدولڕەحیم، (مەعدووم) (١٣٨٤)، دیوانی مەولەوی، بڵاوکەرەوەی کوردستان، ئینتشاراتی کوردستان

١١- پایانیانی، سەلاح (١٣٨٥)، فەرهەنگی زارەکی موکریان بەرگی «ئـ و ب» دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی رەهرەو

١٢- ئەحمەدی دێگولان مەحموود (١٣٦٨)، ١٠٠١ چیستان و موعەمما، ئینتشاراتی ئەحمەدی، چاپخانەی تەعاوەنی ٤٢ سنه

١٣- حەمەئەمین، حەمە (کاکەی فەلاح) (١٩٨٠)، جگەرگۆشەکان، سلێمانی، چاپخانەی کاکەی فەلاح

١٤- عەبدوڵڵا، ئیدریس (٢٠٠٣)، جوانکاری لە ئەدەبی کوردیدا، چاپ و پەخشی سەردەم

١٥- گۆڤاری سروە، ژمارەکانی: ٥٩،٥٤،٥٣،٢٦،٢٥،٢٤،٢٣،٢٢،٢١،٦٠

١٦- موڕادی، عەبدوڵڵا (١٣٧٨)، دیوان دلڕیش ماهیدەشتی، چاپ ئینتشاراتی غەرب

١٧- دیوان پیرشالیار زەردەشتی هەورامی، ئینتشاراتی موحەممەدی

١٨- موحەممەدی، میرزا ئەحمەدی داواشی (١٣٧٦)، ڕەوانسەری، نەسیمی شاهۆ، ئینتشاراتی کوردستان

١٩- ڕەحمانی، مەنسوور، وانەی کوردی

٢٠- حیرت سەجادی، عەبدولحەمید (١٣٦٩)، پەندی پێشینیان بەرگی٢ ورمێ، بڵاوکردنەوەی سەلاحەددین ورمێ

٢١- قانع، بورهان (٢٠٠١)، دیوانی قانع، چاپی چوارەم

٢٢- ماهیدەشتی، سەید یاقو (١٣٦٣)، دیوانی سەی یاقو

٢٣- گۆران، عەبدوڵڵا (١٩٨٠)، دیوانی گۆران بەرگی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا

٢٤- هۆشیار، نووری لەک (٢٠٠٩)، هەولێر، ١٥٠٠ مەتەڵی کوردەواری، چاپخانەی چوارچرا

٢٥- شەرەفکەندی، عەبدولڕەحمان (هەژار) (١٣٨٤)، فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە کوردی-فارسی، تاران، بڵاوکردنەوەی سروش

٢٦- شەرەفکەندی، عەبدولڕەحمان (هەژار) (١٣٨٤)، هەژار بۆ کوردستان، بڵاوگەی هەژار

٢٧- مودەڕڕیسی، عارف (بالکی) (١٣٨٧)، ڕاز و نیاز

٢٨- گۆڤاری یەکێتی نووسەرانی کورد، ژمارە ١٠، خولی دووهەم، چاپخانەی الحوادث

٢٩- ڕەسوولێ موحەممەد (هاوار) (٢٠٠٧)، دیوانی پیرەمێردی نەمر، وەزارەتی ڕۆشنبیری دراوەتی، چاپخانەی شڤان

٣٠- موحەممەدپوور، عادڵ (٢٠٠٨) ، وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە، چاپخانەی بابان

منابع فارسی

۱- آژنگ، نصرالله (۱۳۷۹)، چیستان، نغز، معما، چاپخانه‌ی احمدی

۲- امام محمدعلی اهوازی (۱۳۷۹)، چیستان، گردآوری و تحقیق، چاپخانه‌ی نیل

۳- چینی، عباس (۱۳۸۳)، معما، چاپخانه‌ی رخ

۴- رادفر، محمدیونس (۱۳۸۰)، چیستان، انتشارات انجام، چاپخانه‌ی بهمن

۵- سعیده، آشناسان (۱۳۸۶)، فصل‌نامه‌ی تخصصی شعر گوهران ویژه‌ی شعر کردی (پەساپۆرتێ ولاتی بەرو)

۶- شفایی، محمدعلی (۱۳۷۶)، آرایه‌های ادبی، چاپ آزمون

۷- مردوخ روحانی، محمدماجد (۱۳۸۵)، فرهنگ فارسی - کوردی، دانشگاه کردستان

تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

A Dictionary of Puzzle and Riddle in Kurdish

لێکدانەوە لە سەر مەتەڵ زۆرشتی نادیار و شاراوەمان بۆ دەر ئەخات بیر تیژی، هۆشیاری، ژیری، وردبینی، وریایی و رەسەنی نەتەوەی ئێمە پیشان ئەدات و زۆر زاراوە و وشەی تایبەتیمان بو ئەپارێزێ و لە تیاچوون رزگاریان ئەکات. فرە دیالێکتی و زاراوەی جۆراجۆر وەهای کردووە کە هەر ناوچەیەک مەتەڵی تایبەت بە خۆی هەیە و ئەمە دەبێتە هۆی دەوڵەمەند بوونی مەتەڵەکان و هەروەها هەڵهێنانی موعەمما و مەتەڵ دەبێتە هۆی بەهێز بوونی بیر و هۆش هەتا مرۆف هۆشیارتر ئاورٍ لە کێشە جۆراجۆرەکان بداتەوە و رێگا چارەی باشیان بۆ بدوزێتەوە و لە راستیینەکان بکات.

انتشارات علمی کالج